دابینکردنی مافە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێمۆکراتیکی فیدراڵی‌دا

# کوردستان

www. kurdistanukurd.com

ژمارە: ٤٥٥

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران

چوارشەمە ● ٢٥ی ڕێبەندانی ١٣٨٥ ● ١٤ی فێوریەی ٢٠٠٧ ● ١٥٠ تمەن

## ئاژانسی نێو نەتەوەیی وزەی ناوکی سەدی پەنجای یارمەتی‌یە تێکنیکی‌یەکانی خۆی بە ئێران کەم کردەوە

لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی بڕیارنامەی ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (بڕیارنامەی ژمارە ١٧٣٧)دا، ئاژانسی نێو نەتەوەیی وزەی ناوکی، سەدی پەنجای یارمەتی‌یە تێکنیکی‌یەکانی خۆی بە ئێران کەم کردەوە. ڕۆژی هەینی ٩ی فیوریە کار بەدەستێکی پایەبەرزی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان گوتی، بەشێکی بەرچاو لە یارمەتی‌یەکانی ئاژانس بە ئێران بڕاون‌و "ئەمەش پەیامێکە بۆ ئێران کە چاو بەو ڕێگایە دا بخشێنێتەوە کە گرتوویەتە بەر".

لە سەرجەمی ٥٥ پرۆژە، یارمەتیی تێکنیکیی ئاژانس بە ١٠ پرۆژە بە تەواوی بڕاوەو یارمەتیی تێکنیکی بە هێندێك بەشی ١٢ پرۆژەی دیکەش بڕاوە. ڕاپۆرتی چاو خشاندنەوە بە یارمەتییەکانی ئاژانس بە ئێران لە مانگی مارسی داهاتوو دا لە لایەن محەممەد ئەلبەڕادعی‌یەوە پێشکێشی شووڕای حاکمانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزە دەکرێ.

رادیو فەردا

# خەباتی جەماوەری دەسکەوتێکی گرنگی خەباتی دەیان ساڵەی نەتەوەکەمانە، با بەهێزی بکەین

## ڕێپێوان لە سویس لە بەردەم سەفارەتی ئەمریکا بۆ ئاشکرا کردنی ناوی گیراوەکانی بنکەی ڕێژیمی ئیسلامی لە هەولێر




کاتژمێر ٢ی دوانیوەڕۆی ٢٠٠٧/٢/٩، کوردانی دانیشتووی سویس لە سەر بانگهێشتی پێشووی کومیتەی سویسی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە مەبەستی فشار خستنە سەر دەوڵەتی ئامریکا بۆ ئاشکرا کردنی ناوی گیراوەکانی بنکەی بە ناو نوێنەرایەتیی کۆماری ئیسلامی لە هەولێر کە دەگوترێ محەممەد جەعفەر سەحراروودی بکوژی دوکتور قاسملوو و هاورێیانی یەك لە گیراوەکان، هەروەها بۆ ڕادەستکردنەوەی تیرۆریست محەممەد جەعفەر سەحراروودی بە وڵاتی ئۆتریش یان دادگایی کران لە دادگایەکی جینایی نێو نەتەوەیی‌دا و ئاشکرا بوونی ڕاستی‌یەکانی پێوەندیدار بە کردەوە تیرۆریستی‌یەکەی ١٣ ژوئیەی ١٩٨٩، لە یەکێك لە مەیدانە سەرەکی‌یەکانی شاری بێرن کۆبوونەوە. بەشداران کە زیاتر لە ١٥٠ کەس لە کوردەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان بوون، بە ڕێپێوان‌و لە حالێکدا وێنەی د. قاسملوو و پلاکارد و دروشمی دژ بە ڕژیمی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامییان هەڵگرتبوو، چوونە بەردەرکی سەفارەتی ئامریکا لە بێرن.

لەبەر دەرکی سەفارەتی ئامریکا پاش خوێندنەوەی سروودی ئەی ڕەقیب و سروودی ئەی شەهیدان، گوێیان لە پەیامی‌کومیتەی سویسی حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕاگرت. دواتر یادداشت یان داواکاریی خۆپیشاندەران کە دەقەکەی درا بە هەردوو سەفارەتی ئەمریکاو ئوتریش، خوێندرایەوەو وەرگێڕاوی ئەلمانیی یادداشتەکەش لە نێو هاووڵاتیانی سویسی دا بڵاو کرایەوە. لە درێژەی کۆبوونەوەکەدا پەیامی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان، ڕێکخراوەی هەڵەبجەو دژ بە ئەنفال (چاك)، پارتی دیموکراتی یەکیەتیی کورد لە سووریە، کانوونی دیموکراتیکی پەنابەران لە سویس، یەکیەتیی فیدایی‌یەکانی گەلی ئێران لە سویس‌و ژیاننامەی ڕێبەری شەهید دوکتور قاسملووی نەمر پێشکێش بە بەشداران کرا.

## هەڕەشەو توندوتیژی بەرامبەر بە خەڵکی ماکۆ لە بەرەبەری کوشتاری ساڵی ڕابردووی ئەم شارەدا

**کوردستان‌و کورد:** فەرماندەرانی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی لە شاری ماکۆ، هێزەکانی ئینتیزامی، سوپاو بەسیجیان کردۆتەسەر خەڵکی ماکۆو گوندەکانی ئەم دەڤەرە. ئەو هێزانە بەزۆری خەڵك کۆدەکەنەوەو هەڕەشەیان لێدەکەن کە نابێ هیچ حەرەکەتێکی ئیعترازی لەبیرەوەریی کوشتاری ساڵی ڕابردووی خەڵکی ئەم شارەدا وەڕێبخەن. ئەو هێزانە بە خەڵکیان ڕاگەیاندوە ئەگەر بەبۆنەی کوشتاری ٢٧ی ڕێبەندانی ساڵی ڕابردوو، خۆپیشاندان بکەن یا دوکان‌و بازاڕ دابخەن بە توندی دەدرێنەبەر دەسرێژو سەرکوت دەکرێن.

ڕۆژی ١٨ی ڕێبەندان، ئەو هێزانە ژمارەیەك لە دانیشتووان‌و کاسبکاران‌و عەشیرەتەکانی دەوروبەری ماکۆیان کۆکردەوەو تەعەهودیان لێوەرگرتوون کە نابێ لەم ڕۆژەدا هیچ جۆرە ناڕەزایەتی‌یەك دەربڕن.

٣

## ئەرتەشی ئەمریکا بەڵگەو نیشانەکانی دەست هەبوونی ڕێژیمی ئێران لە تەقینەوەکانی عێراق دا بڵاو دەکاتەوە

کار بەدەستە پایەبەرزەکانی ئەرتەشی ئەمریکا لە بەغدا بە هەواڵنووسانیان ڕاگەیاند کە کاربەدەستانی ڕێژیمی ئێران لە بەرزترین ئاست دا، دەستیان لە تەقاندنەوەی ئەو بۆمبانە دا هەیە کە دەدرێن بە شیعەکانی عێراق‌و لە قەراغ ڕێگاکان دەتەقێندرێنەوە. بە گوتەی ئەوان ئەو بۆمبانە تا ئێستا بوون بە هۆی کوشتنی ١٧٠ سەربازی ئەمریکایی‌و بریندار بوونی ٦٢٠ کەسی دیکە لەوان. یەکێك لەو فەرماندە پایەبەرزانە گوتی ئەم کارانە لە بن سەری هێزی قودس دایە کە سەر بە سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی‌یەو یەکێك لە فەرماندە پایەبەرزەکانی ئەو هێزە، مانگی ژانویەی ڕابردوو لەگەڵ چەند کەسی دیکە بە هۆی هێزەکانی ئەمریکا لە هەولێر گیرا. لەو هێرشەدا هێزە ئەمریکاییەکان ڕادەیەکی زۆر بەڵگەو زانیارییان دەست کەوت کە ئێرانییەکان دەیانەویست لە نێویان ببەن.

BBC

## هەیئەتێکی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد K.N.K سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی کرد



کاتژمێر ١٠ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی ٢٣ی ڕێبەندان (٢٠٠٧/٢/١٢) هەیئەتێکی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد پێکهاتوو لە بەڕێزان عەلی ئەگید سەرۆك، تاهیر کەماڵی‌زادە جێگری سەرۆك، ڕۆژان هازم‌و ئادەم ئوزون ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری سەردانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان کردو لەلایەن بەڕێزان ماموستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە، جەلیل گادانی‌و کەماڵ کەریمی پێشوازییان لێ کرا.

لەم دیدارو چاوپێکەوتنەدا، لەسەر پێوەندیی نێوان حیزبی دیموکراتی کوردستان‌و کۆنگرەی نەتەوەیی کوردو چۆنیەتیی پەرەپێدانی هاوکاری‌و لێك نزیکبوونەوەی نێوان حیزبە کوردی‌یەکان ئاڵوگۆڕی بیروڕا کرا.

## ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب، ڕۆژ بەڕۆژ چالاکتر لە پێشوو

کاری تەبلیغیی ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب، ڕۆژبەڕۆژ پتر پەرە دەستێنێ‌و سنووری شارو ناوچەکانی کوردستانی بەزاندوەو گەیشتۆتە تاران‌و زانکۆکانی ئێران. هەر لەم ژمارەیەی "کوردستان"دا چەند ڕاپۆرت هەن کە هەوڵی دڵسۆزانەو ماندوویی نەناسانەی ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب لە ئەنجامدانی کاری تەبلیغی لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی کوردستان‌و ئێران دا پێشان دەدەن.

## ڕاپەڕینی خەڵکی ماکۆو شارەکانی دەوروبەری، لاپەڕەیەك لە خەباتی جەماوەری

عەولا بەهرامی


ڕۆژانی کۆتایی ڕێبەندانی ئەمساڵ، ساڵوەگەڕی لاپەڕەیەکی دیکەی خەبای جەماوەریی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و لە هەمان کاتیش دا بیرخەرەوەی لاپەڕەیەك لە هەزاران لاپەڕەی سەرکوتی بێبەزەییانەی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە لایەن دەسەڵاتی ڕەشی تاریکپەرستانی ڕێژیمی ئیسلامییەوەیە. ساڵێك لەمەوبەر شەقامەکانی شارەکانی ماکۆو شوت‌و پولدەشت لە حەوتەمین ساڵڕۆژی ڕفێندران‌و تەحویلدرانەوەی عەبدوڵڵا ئوجەلان بە دەوڵەتی تورکیەداو، لە دژی ئەو ستەم‌و ڕەفتارە دژەمرۆیانەی نزیکەی سێ دەیەیە کاربەدەستان‌و هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی ئیسلامی دەرهەق بە خەڵکی ئێران‌و بە تایبەت خەڵکی کوردستان بەڕێوەی دەبەن بوونە گۆڕەپانی نارەزایەتیی هێمنانەو مەدەنیی خەڵکی ئەو ناوچانە.

ئەم ڕاپەڕینە ئەگەرچی هەروەك پێش‌بینی دەکرا وەك هەموو ڕاپەڕینە هاوشێوەکانی بۆ وێنە ڕاپەڕینەکانی ٣ی ڕەشەممەی (١٣٧٧)ی سنەو ڕاپەڕینی هاوینی ڕابردووی شارو ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان لە خوێن وەردراو بە سەدان کەس لە ڕۆڵەکانی کوردی تێدا شەهیدو بریندارو دەستبەسەر کرا، هەڵگری واتایەکی خەباتکارانەیە. ئەویش ئەوەیە کوردستان‌و بزووتنەوە نەتەوەییەکەی هەر وا کە لە سەرەتاوە ملیان بۆ ئەم سیستمە پڕ لە نایەکسانی‌و پاوانخوازە دانەنواندو قۆناخێکی دیکە لە خەباتی ئازادیخوازانەی خۆیان دەست پێ‌کرد، ئێستاش‌و دوای دەسەڵاتی ڕەشی پاوانخوازانی مەزهەبی، نەك هەر بە چۆك دا نەهاتوون، بەڵکوو لێبڕاوانەترو وشیارانەتر هاتوونەتەوە مەیدان. ئەوەش دەربڕی ئەو ڕاستییە دڵخۆشکەرەیە کە گیانی خەباتکارانەی کوردستان‌و خەڵکە ئازادیخوازەکەی نەك هەر بە زیندوویی ماوەتەوە بەڵکوو بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەی کردوەو شێوازێکی گرنگی خەباتکارانەش (جەماوەریی‌و مەدەنی)ی بەخۆیەوە گرتوە.

باڵادەست بوونی ئەم شێوازە لە خەبات لە پەنا شێوازەکانی دیکەی خەبات ئەویش لەم هەلومەرجە دژوارەدا کە هەرچەشنە دەنگێکی نارەزایەتی لەگەڵ سەرکوتی دڕندانەی دەزگای سەرکوتی ڕێژیم بەرەوروو دەبێ، بە دەسکەوتێکی خەباتی نەتەوەیی ٦١ ساڵەی خەڵکی کوردستان دەژمێردرێ. بۆیە پێویستە بۆ هەرچی بەهێزترکردن‌و کانالیزەکردنی هەوڵی جیددی بدرێ. دیارە ئەمەش ئەرك‌و بەرپرسیارەتییەکی گەورە دەخاتە ئەستۆی هێزەکانی نێو بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان. بۆیە پێویستە ئەم هێزانە وێڕای پێشوازی‌و بە پیلەوەچوونی ئەم شێوازە پێشکەوتووانەیەی خەبات بە سیاسەت‌و هەڵوێستەکانی ڕابردووی خۆیان لەم پێوەندییەدا بچنەوەو، هاوکات لەگەڵ ئەمە چوارچێوەی گەڵاڵەیەکی هاوبەش بۆ هاوکاریی خۆیان‌و زیاتر کاریگەربوونی هێزەکاراکانی گۆڕەپانی خەبات داڕێژن. لە ئارادا نەبوونی گەڵاڵەیەکی ئەوتۆ جگە لەوەی نیشانەی لاوازیی دەوری پێشەنگانەی هێزە سیاسییەکانی کوردستانە، زیانی گەورەش بە بزووتنەوەی جەماوەریی خەڵك دەگەیەنێ.

لە ساڵوەگەڕی ڕاپەڕینی جەماوەریی خەڵکی شارەکانی ماکۆ، شوت‌و پولدەشت دا وێڕای ڕێزگرتن لە یادی شەهیدانی ئەم ڕاپەڕینە پڕشکۆیە، پشتگیری‌و پشتیوانیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم شێوازە وشیارانەیەی خەبات دەردەبڕین‌و بەڵێن دەدەین وێڕای هێزە خەباتکارەکانی دیکەی کوردستان بە هەموو هێزمانەوە یارمەتی بەگەشەکردنی خەباتی جەماوەری‌و مەدەنیی خەڵکی کوردستان بکەین.


ولامی نامەیەك لەلایەن بەڕێز ماموستا عەبدوڵڵا حەسەن زادەوە ٢


خوێندنەوەیەکی شۆڕشی ٥٧ی نەتەوەکانی ئێران ٥


ئەو شۆڕشەی لەبار برا ٨


منداڵانی سەرشەقام، پەرەگرتنی تاوان‌و قەیران ٩


خەباتی جەماوەریی خەڵکی کوردستان و ڕۆڵی حیزبە کوردییەکان ١٠


لە قامووسی فیمینیزمدا ١١

عەبدوڵڵا حەسەن زادە:

# وڵامی نامەیەک

## وڵامدانەوە بە پرسیارەکانی "٨٧ کەس لە کۆمەڵگای خوێندکاری"

سەعات ١١ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە ٨٥/١١/٢٤ بەرامبەر بە ١٣ی فیوریەی ٢٠٠٧ نامەیەکیان بۆ هێنام کە ڕۆژی ١٠ی فێوریە بە پۆستی ئەلیکترۆنی گەیشتۆتە دەستی کەسێك لەلایەنی کاك مستەفا هیجری. هۆی وەدرەنگ کەوتنی هەرچی‌یەك بێ گرنگ نیەو ئەمە هەر بۆیە باس دەکەم تا وەڵامدانەوەکەی بە درەنگ نەیەتە بەرچاو. نامەکە بەناوی ٨٧ کەسەوە نووسراوە کە خۆیان بە کۆمەڵگای خوێندکاری دەناسێنن. ئەگەرچی هەم ناوەکان ڕەنگە وەرگیراو (مستعار) بن‌و هەم لەجێ‌دا بە دووری نازانم کە یەکێك یان چەند کەسی دوور لە کۆمەڵگەی خوێندکاری نووسیبێتیان، بەڵام بە حورمەتی خوێندکارو ناوی خوێندکار ئەمن هەروا دادەنێم کە بەڕاستی ٨٧ خوێندکار نامەیان بۆ نووسیوم.

نامەکە پاش باسێك لەسەر هەلومەرجی کوردستان‌و ئێران‌و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست‌و بەرنامەی ئەمریکا بۆ پێکهێنانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورە دێتە سەر باسی لەتبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و (بەهەق ) نارەزایی‌و تووڕەیی نووسەرانی لەو ڕووداوە دەردەبڕێ. پاشانیش ١٢ پرسیار دێنێتە گۆڕێ‌و داوای "ڕوونکردنەوەی شەفاف، مەنتیقی" لەمن دەکا.

ئەگەرچی لە باسی لەتبوونی حیزب دا نووسەرانی نامەکە بەرپرسایەتیی ئەو ڕووداوە تاڵە بە تەنیا ناخەنە ئەستۆی من‌و هاوڕێیانم. بەڵام ڕاوێژی پرسیارەکانیان دەردەخا کە ئەو دۆستانە هەرنەبێ لەژێر تەئسیری تەبلیغاتی لایەنی بەرامبەردا نووسراوە.

ئەوەی لە سەرەتای نامەکەدا هاتوە نە داوای وەڵامدانەوەی کردوەو نە پێویستیشە وەڵامی بدرێتەوە، چونکە شتێکی تێدا نیە کە بیروڕای من‌و نێوەرۆکی ئەو نامەیە لەسەری جیاواز بێ. کەوایە لەو بەشە دەگەڕێم‌و هەروەك لە نامەکەدا داوا کراوە هەوڵ دەدەم "ڕوونکردنەوەیەکی شەفاف‌و مەنتیقی"یان پێشکێش بکەم.

تا ئەو جێیەی ئاگام لێیە ئەو نامەیە لە ئینترنێتدا بڵاو نەبۆتەوە. بەڵام ئەزموونی یەك دووساڵی ڕابردوو لەگەڵ هاوڕێیانی لایەنی بەرامبەر پێم دەڵێ کە بڵاوکردنەوەی بە ئیمەیل سەرەتایەکە بۆ بڵاوکردنەوەی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت. جگە لەوەش چونکە ئەو پرسیارانەی لە نامەکەدا کراون ڕەنگە بۆ خەڵکی دیکەش بێنە پێشێ، بە دروستی دەزانم وەڵامەکەی خۆم بڵاو بکەمەوە. ئەمەش وەڵامێکی کورت بە پرسیارەکان یان بڵێین بۆچوونەکانی نێو ئەو نامەیە (ئەو شتانەی لە نامەکە ڕاگوێزراون، هەموویان وەك خۆیان نووسراونەوەو دەسکاری نەکراون):

١ ـ نووسراوە "حیزبی دێموکرات بەسەرکار هاتنی بەڕێزتان وەك ڕێبەری حیزبی دێموکرات ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕەوتی "افت"ی سیاسیی لەبەر گرت...ئەوە لە کاتێك دایە کە دەورانی ڕێبەرایەتی کردنی بەڕێزتان لە هەموو لایەکەوە لەبارو گونجاوتر بوو نیسبەت بە ڕابردوو."

لەپێش دا با بڵێم ئەمن ڕێبەری حیزبی دێموکرات نەبووم، بەڵکوو سکرتێرو ئەندامێکی ڕێبەری بووم. لەجێ‌دا لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا ـ تەنانەت لەسەردەمی د.قاسملووی زاناش دا ـ ڕێبەریی بەکۆمەڵ هەبووە، نەك تاکەکەسی، ئەگەر ئێستا جۆرێکی دیکە بێ قسەم نیە. بەڵام جێی داخ ئەوەیە کە نووسەرانی ئەو نامەیە هەروەك هەموو قەڵەم گێڕانی لایەنی بەرامبەرمان قسە دەکەن بێ ئەوەی نموونە نیشان بدەن‌و ئیددیعا دەکەن بێ ئەوەی هەلومەرجی تێکۆشان لەبەرچاو بگرن‌و هەوڵیش دەدەن هەموو بەرپرسایەتی‌یەکە لە ئەستۆی کەسێك بپەستێون. ئاخر لەخۆیان ناپرسن ئەدی ٣٠ تا ٤٠ کەس ئەندامی ئەسڵی‌و جێگرو موشاویری کۆمیتەی ناوەندی لەونێوە دا چ بوون‌و ڕێبەرایەتیی دڵخوازی ئەم دۆستانە کە لەو دە ساڵە دا زۆربەی نزیك بە تەواویان لە کۆمیتەی ناوەندی‌دا بوون بۆچی هەڵەیەکیان ڕاست نەکردۆتەوەو کەلێنێکیان پڕ نەکردۆتەوەو تەنانەت گرێ پووچکەیەکیشیان نەکردۆتەوە.

سەرنجڕاکێش ئەوەیە دەورانی بەرپرسایەتیی من بە لەبارترو گونجاوتر لەچاو ڕابردوو دادەنێن‌و تەنانەت ـ هەرچەند نەیان گوتوە ـ لە ئێستاشی بە لەبارتر دەزانن، چونکە ئەگەر ئەمانیش نەیان گوتوە پێشتر زۆرجار گوتراوەو نووسراوە. بەڵام بزانین بەڕاست وابوو؟ نزیك بە دە ساڵ ئەمن لە پۆستی سکرتێر دا خزمەتم کردوە بەشی زۆری ئەو ماوەیە ناوچەی حەوانەوەو تێکۆشانی ئێمە لە کوردستانی عێراق لەگەڵ دوو شەڕ یان دوو حاڵەتی شەڕ دەستەویەخە بووە. لەلایەك بزووتنەوەی کوردو خەڵکی ئەم بەشەی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی لەشەڕ یان لە حاڵەتی شەڕدا بوون‌و لەلایەکیش دوو حیزبی سەرەکی‌و دەسەڵات بەدەستی ئەم بەشە (پارتی‌و یەکیەتی) تووشی شەڕی جێگای داخی نێوخۆیی بوون. لە ئاکامی ئەم وەزعە دا باشووری کوردستان ببوو بە مەیدانی تەراتێنی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی‌و لەو ماوەیە دا زیاتر لەسەد تێکۆشەری دێموکرات بەدەستی بەکرێگیراوانی ڕێژیم شەهیدو ژمارەیەکی زۆرتریش بریندار بوون. جێگای وەبیر هێنانەوەیە کە حیزبی دێموکرات پێوەندیی لەگەڵ هەموو لایەنەکانی ئەو دوو شەڕە هەبووەو جۆرێکیش باڵانسی ڕاگرتوە کە هەم سەربەخۆیی حیزبەکە بپارێزێ‌و خەباتی خۆی درێژە پێبداو هەم پێوەندی‌یەکانیشی لەگەڵ هەموو لایەنەکان بە گەرمی‌و پتەوی بهێڵێتەوە. ڕەنگە هەموو مرۆڤێکی بە ئینساف قبوول بکا کە پاراستنی باڵانسێکی ئاوا ناسك ژیری‌و وشیاری‌یەکی زۆری دەوێ. دیارە ئەمن ئەوە بە دەسکەوتی خۆم بە تەنیا نازانم‌و پێم وایە بەرهەمی هاوفکری‌و بەکارهێنانی ئەقڵی گشتی (خرد جمعی)یە.

٢ ـ لە خاڵی دووەم دا باس لە "دوور خستنەوەی حیزب لە کۆڕو کۆمەڵی نێونەتەوەیی یەك لەوان (ئەنتەرناسیۆنالیستی سۆسیالیست) کراوە کە ڕێبەرانی شەهیدمان زۆر هەوڵیان دابوو بۆ بوون بە ئەندامی ئەو ڕێکخراوەیە..." ئەوە ڕاستە کە ڕێبەرانی شەهیدمان بەتایبەتی د. قاسملوو هەوڵی زۆریان بۆ بوون بە ئەندامی ئەو ڕێکخراوە داوە. بەڵام ئەو دۆستانە دەبێ بزانن کە حیزبی دێموکرات لە سەردەمی بەرپرسایەتیی من داو بە ئامادەیی من لە سالۆنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیۆیۆرك لە کۆنگرەی بیستەمی ئەنتەرناسیۆنالی سوسیالیست دا بۆتە ئەندامی ئەو ڕێکخراوەو هەربۆخۆم سێ جار لە کۆنگرەو کۆبوونەوەکانی S.I دا لە ڕۆم‌و بۆینیس ئایرێس‌و پاریس وتارم خوێندۆتەوە کە وتاری - کۆبوونەوەی ئیتالیاو کۆنگرەی ٢١ لە فەرانسە وەك بەڵگەنامە لە ئارشیڤی ئەنتەر ناسیۆنال دا ڕاگیراون.

سەیر ئەوەیە ئەوانەی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیان بردۆتە مێشکی، لە کۆنفرانسی پێش کۆنگرەی ١٣و لە کۆنگرەش دا ڕەخنەیان ئەوە بوو کە گۆیا چارەنووسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆریدۆرەکانی ئەنتەر ناسیۆنالیستی سوسیالیست دا دیاری دەکرێ‌و ئەمن حیزبم کردۆتە پاشکۆی ئەم ڕێکخراوە. بەڕاستی جوانیان گوتوە کە دەڵێ لە قرژاڵیان پرسی بۆ بە دوو سەران دەڕۆی گوتی هیچ لە جوانان عەیب نیە.

با ئەوەش زیاد بکەم کە پێوەندییە نێونەتەوەیی‌یەکانی حیزبی دێموکرات لە دەورانی بەرپرسایەتیی من لە یەکێك لە حاڵەتەکانی پتەوی‌و گەشەسەندن دابوون‌و لەو پێوەندییەدا تەنیا ئاماژە بەو هەموو پەیامە دەکەم کە بە بۆنەی کۆنگرەکان‌و بۆنەکانی دیکەوە بۆ حیزبی دێموکرات هاتوون. دیارە ئەمەش بەرهەمی هەوڵ‌و تێکۆشانی پێوەندی لە وڵاتانی دەرەوە بووە کە جارێکی دیکە سوپاسیان دەکەم.

٣ـ باس لە "کەم تەرخەمی‌و بی تەوەجوهی بە کادیر پەروەری‌و ڕاکیت بوون‌و ڕاوەستانی ڕێژەی بردنەسەری ئاگاهی ئەندامانی حیزبی" دەکرێ. لەو بارەیەوە هەر ئەوەندە دەڵێم کە خۆزگە یەکێك بە نوێنەرایەتیی هەمووی ئەو دۆستانە دەهات‌و دەی پرسی لە ماوەی بەرپرسایەتیی من دا چەند دەورەی فێرکردن‌و پەروەردە کردنی کادرو پێشمەرگە پێك هاتوون‌و چەند کەسیان تێدا بەشدار بوون کە بێگومان لە سەد دەورە کەمتر نیەو ڕەنگە دوو تا سێ هەزار کەسیشیان تێدا بەشدار بووبێ. بەرنامەی کاری ئەو دەورانەش لەسەر دەمی د.قاسملووەوە تا ئێستا نەگۆڕاوە کە بە باوەڕی من ئەوە کەموکوڕی‌یەکی حیزبی دێموکراتەو دەبێ قبوولمان بێ. جیا لەوەش لە تەواوی ئەو ماوەیەدا چالاکیی هزریی حیزبی دیموکرات زۆر زیاتر نەبووبێ لە کەمیی نەداوە کە دیارە بۆ خۆشم هەرگیز بە کافییم نەزانیوە.

٤ ـ قسە لە "دوور خستنەوەی لاوان لە کاروبارو پۆستە سەرەکیەکانی حیزب‌و کەم بایەخی بە لاوان..." کراوە. بە چاوخشاندنێك بە ئاکامی کۆنگرەکانی ١٠،١١و١٢دادەردەکەوێ کە لە هەموو کۆنگرەکان دا ژمارەیەکی نوێ ئەندام‌و جێگرو موشاویر هاتوونەتە نێو کۆمیتەی ناوەندی کە زۆربەیان ( بگرە هەموویان) لە لاوان بوون. سەرنج ڕاکێش ئەوەیە لە ڕۆژەکانی پێش کۆنگرەی دەیەم دا کاتێك پێشنیارم کرد چەند کەس لە لاوەکان بخەینە لیستی پێشنیاریی کۆمیتەی ناوەندی-یەوە،ئەوانەی ئێستا باس لە "جوانگرایی"دەکەن بە توندی بەرهەڵستیان کرد، بەو بیانووە کە بۆ ئەوانە زوویە، لە حاڵێك دا هەر کامێکیان پازدە ساڵ بوو لە کوورانی خەبات دا بوون‌و ئێستاش لە ڕیزی هەرە پێشەوەی کادرە بەوەجەکانی حیزب دان. بەڵام ئەودەمیش‌و ئێستاش بە گوناحی! جیابیری دژایەتییان لەگەڵ دەکراو دەکرێ.


جێگای سەرنجە کە یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەردووکیان لە دەورانی بەرپرسایەتیی من دا چالاك کراونەوە، هەردووکیان لەو دەورەیەدا بوونە خاوەنی گۆڤارێك کە ڕووی هەبێ بچێتە نێو گۆڤارەکان‌و شیاوی ئەو دوو یەکیەتی‌یە بێ. ئێستاش‌و لە دوا هەڵبژاردنی دێموکراتیکی ئەو دوو ڕێکخراوەش دا زۆربەی ئەندامانی ڕێبەریی هەردووکیان لە دۆستان‌و لایەنگرانی ئێمەن‌و تەنانەت لە ڕێبەریی ژنان دا تەنیا یەك ئەندامی ئەسڵی سەر بەلایەنی بەرامبەرە.

٥ ـ تۆمەتی "بێ‌بایەخی بەو لاوانەی لە ئێران وە هەل دین وە ئیستفادە نەکردن لە خەلاقیەت‌و ئیستعدادی ئەو لاوانەی کە پسپۆڕن لە بوارەکانی فێرکردن داو گوشار خستنە سەریان ووەدەرنانیان" لە ئێمە دەدەن. بەڕاستی ئەو دۆستانە لە وەزعی نێو حیزبی دێموکرات بێ‌خەبەرن. زەحمەتێکی یەکجار زۆری ویست تا لێم قبوولّ کرا کە ئەو لاوە "فوق دیپلم"و لیسانسانەی دێنە پێشمەرگایەتی ئەوەندە حورمەتیان بۆ دابنرێ کە نەنێردرێنە فێرگەو لە تەنیشت پێشمەرگەی نەخوێندەوارو کەم سەواد دانەنرێن‌و تەنانەت ئیشێلێکی تایبەتی‌یان بۆ وەبەرچاو بگیرێ‌و لە شوێنەکانی وەك ڕادیۆو چاپەمەنی‌و کاری پسپۆڕی دا جێ‌بکرێنەوە. کەچی ئێستا وا نیشان دەدرێ کە گۆیا لە دەورانی من دا بایەخ بەو لاوانە نەدراوە. دووبارە دەڵێم خۆزگە یەکێکیان بە نوێنەرایەتیی هەموان دەهات تا زۆر شتی بۆ ڕوون ببایەوە.

٦ ـ باس لە " کەمتر یان ئەسڵەن بەری نەکردنی لاوان بۆ درێژە دان بە خوێندن بە دوای شەهید بوونی دوو ڕێبەری گەورەمان " دەکرێ. دۆستانی بەڕێز! بەداخەوە ئەوەش هەر چێو لە تاریکی کوتانە. لە سەردەمی ڕێبەرانی شەهیدەوە دەرەتانی ناردنە دەری لاوان بۆ خوێندن بەرە بەرە کەم بۆوە. لە ماوەی چەند ساڵ بەرپرسایەتیی منیش دا چەند ساڵ هەر ساڵەی دوو تا ٤ قوتابی بۆ خوێندن ناردرانە دەرەوە، بەڵام دواتر بە جارێك ئەو دەرگایەمان لێ داخرا کە هۆیەکەشی لێرەدا جێی نیەو تەنیا ئەوەندە دەڵێم کە نە خەتای منەو نە خەتای حیزبی دێموکرات. وەك دەبینین لە دەورانی تەڵایی دوای کۆنگرەی سێزدەشدا حیزب نەی توانیوە بوورسی خوێندن وەرگرێ‌و قوتابی بنێرێتە دەر .

٧ ـ گۆیا لە دەورانی بەرپرسایەتیم دا هیچ سیمیناروکۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیم نەگرتووەو ئێستا لە بەردەم میدیاکان‌و لە کاناڵە تەلەڤزیۆنی‌یەکان‌و ڕادیۆکان دا کۆنفرانسی ڕۆژنامەنووسی پێك دێنم‌و وتووێژ دەکەم. ڕەنگە ئەمە عادەتێکی خراپ بێ ، بەڵام دان بەوەدادەنێم کە هەرگیز بۆخۆم دەستپێشخەر

٣



**باوەڕ بکەن مەسەلە هیچ کام لەوانە نین. نە دێموکراسی تەحەممول نەکراوە نە ئەساسنامە پێشێل کراوە. تەنیا بەربەرەکانی لە دژی هەوڵی یەکدەست کردن‌و "تك صدایی"و حەزفی "دگر اندیشان" کراوە، کە ئەمەش نەك هەق، بەڵکوو ئەرکی هەموو مرۆڤێکی دێموکرات‌و شۆڕشگێڕو ئازادیخوازە.**

## تێکۆشان لە دەرەوەی وڵات

٢٠٠٧/١/١٩ هەیئەتێك لە کومیتەی دانمارکی حیزبی دیموکراتی کوردستان چاوی بە هەیئەتێك لە پارتی دیموکراتی کوردستان لە شاری کوپێنهاگێن کەوت.

٢٠٠٧/١/٢٩ هەیئەتێکی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان لە سیدنی سەردانی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ئۆستڕالیایات کرد.

٢٠٠٧/٢/١ لەسەر داوای کومیتەی ڤانکۆڤیری حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ڕۆژئاوای کانادا چاوپێکەوتنێکی دۆستانە لە نێوان ئەو کومیتەیەو کومیتەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان‌و یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان پێك هات.

شەوی ٢ی فیوریەی ٢٠٠٧ سمینارێکی ئینتێرنێتی بە بەشداریی بەرپرسان‌و نوێنەرانی کومیتەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ئوستڕالیا، ئەمریکا، هەردووك بەشی کانادا، بێلژیك، هولەند، ئەڵمان، سویس، ئوتریش، دانمارك، سوئێد، نۆروێژو فینلاند پێك هات.

٢٠٠٧/٢/٣ هەیئەتێك لە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری ترۆندهایم لەگەڵ نوێنەرانی ژمارەیەك لە کۆمەڵەو ڕێکخراوە کوردستانییەکان پێك هێنا.

٢٠٠٧/٢/٣ هەیئەتێکی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە فینلاند لەسەر بانگهێشتنی فەرمیی ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کومونیستی ئێران ــ کۆمەڵە لە ڕێورەسمی ٢٦ی ڕێبەندان ساڵرۆژی دامەزرانی کۆمەڵەدا لە شاری تورکۆ بەشدار بوون.

ڕۆژی ٢٠٠٧/٢/٣ لە شاری لینتس لە ,لاتی ئۆتریش کومیتەی حیزب سمینارێکی بۆ کوردەکانی دانیشتووی پارێزگەی ئۆبەر ئۆستڕایش پێك هێنا.

٢٠٠٧/٢/٥ هەیئەتێك لە کومیتەی نۆروێژی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ئۆسلۆ چاوی بە هەیئەتێك لە کومیتەی نۆروێژی ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کومونیستی ئێران ـ کۆمەڵە کەوت.

٢٠٠٧/٢/٨ هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کومیتەی نۆروێژ چاویان بە هەیئەتێك لە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان کەوت.

### دیداری وەڤدی حیزبی دیموکرات کوردستان لەگەڵ نوێنەرانی سەفارەتەکانی ئامریکا و ئوتریش لە سویس



ڕۆژی ٢٠٠٧/٢/٩ هاوکات لەگەڵ خۆپیشاندانی کوردان لە سویس وەڤدێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە سویس پێکهاتوو لەبەڕێزان ڕەحمان ئیبراهیم زادە بەرپرسی کۆمیتە، ساڵح مەحەمەدی و ئاوێزان ڕەحمان‌زادە ئەندامانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان،

دوو دیداری جیا جیایان لەگەڵ نوێنەری سەفارە تی ئامریکا بەڕێز Daniel Wendell و بەڕێز Thorsten Eisingerich نوێنەری سەفارەتی ئوتریش ئەنجامدا، بە مەو مەبەستە ی لە نێزیکە وە داواکاری خۆپیشاندەران لەڕێگای سەفارەتەکانیانەوە بە گوێی دەوڵەت و میللەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانی هە ردوو وڵات بگەیەنن، شایانی باسەلە لایان نوێنەرانی هەردوو سەفارەتی ئامریکا و ئوتریش بەگەرمی پێشوازیی لە وەڤدی حیزب کراو و ە ر کام بڕیاری هاوکاری و بەدواداچوونیان لەسەر داخوازیی خۆپیشاندەران دا . هەوڵدان بۆ ئاشکرا کردنی ناوی گیراوەکانی هەولێر و سەرەنجام ڕادەستکردنەوەی ترۆریست مەحەمەد جەحفەری سەحراروودی، بەدەوڵەت و دەزگای دادی ئوتریش .دیداری یەکەم کاتژمێری ٣ لە بارەگای سەفارەتی ئامریکا لە گەڵ نوێنەری سەفارەتی ئامریکا بۆ ماوەی سی خولەک و کاتژمێر ٣:٤٥ چاو پێکەوتنی نێوان وەڤدی حیزب و نوێنەری سەفارەتی ئوتریس بۆ ماوەی سی خوولەک ئەنجام درا.

**هەوڵەکانمان بۆ گۆڕینی دیموکراتیك لەنێو حیزب و کۆمەڵ بخەینە گەڕ**

# هەواڵەکان

## درێژەی کاری تەبلیغی لە شارو ناوچەکانی کوردستان بە مەبەستی ناساندنی هەڵویست و ڕێبازی حیزبی دێموکراتی کوردستان

بە گوێرەی ئەو هەواڵانەی لە تەشکیلاتی نهێنیی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بە سایتی "کوردستان و کورد" گەیشتوون، کاری تەبلیغی لەلایەن ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزب بە مەبەستی ناساندنی هەڵویستو ڕێبازی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە شارو ناوچەکانی کوردستان و دەرەوەی کوردستان بەردەوامە.

لەو پیوەندیەدا CDی ڕێورەسمی ١٠ ساڵەی وەسەریەك کەوتنەوەی بنەماڵەی گەورەی حیزبی دێموکرات، جێژنی ٢٦ی سەرماوەز، ٦١ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان، مێزگردی بەرپەرچدانەوەی بوختان و ئیددیعای ناڕاست لە دژی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ژمارە نوێیەکانی "کوردستان" ئۆرگانی حیزب و نامیلکەی "هێلە گشتی یەکانی ڕێبازی ئێمە" لە شار و ناوچەکانی پیرانشار، نەغەدە، شنۆ، مەهابادو ورمیێ بە شێوەیەکی بەرین بڵاو کراونەتەوە و بە ڕێگای پۆست دا بۆ زۆر کەس ڕەوانە کراون . هەر وەها لە تاران و ژمارەیەك لە زانکۆکانی ئێران دا کاری تەبلیغی لە پیوەندی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان دا ئەنجام دراوە.

## نامەی ناڕەزایەتیی ١٥١٠ مامۆستای دەرکراو

زیاتر لە ١٥١٠ ماموستای دەرکراوی سەرەتاییو ناوەندیی کوردستان لە لایەن دەزگای ئەمنیەتی و پاڵاوتنی کۆماری ئیسلامییەوە لە ئیدارەی پەروەردەو فێرکردنی کوردستان پاڵێوراونو لە سەر کار لابراون.

هەواڵدەری داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ: بە پێی ئەو زانیارییانەی بە دەستەوەن ١٥١٠ ماموستای قوتابخانەکانی پارێزگای کوردستان، ٣٣٤ کەس لە سنە، ٢٨١ کەس لە مەریوان، ٢٣٠ کەس لە بانە، ٢٤٤ کەس لە سەقز، ١١٦ کەس لە کامیاران، ١١٩ کەس لە دیواندەرە، ١٧٦ کەس لە قوروەو ١٠ کەس لە بیجار تەنیا بە هۆی بیرو باوەرو مەزهەب لە لایەن دەزگای ئەمنیەتیو پاڵاوتنی کۆماری ئیسلامییەوە پاڵێوراونو لە سەر کار لابراون. ئەم مامۆستایانە لە نامەیەکی سەرئاواڵەدا نووسیویانە:" ئێمە مامۆستایانی قوتابخانەکانی پارێزگای کوردستان کە لە ساڵی ٥٧ دا لە ریزی پێشەوەی خەباتکاران دژی ڕێژیمی پێشوو تێکۆشابووین، دوای ساڵی ١٣٥٩ بە سەقامگیر بوونی سیستمی دادپەروەرانەی کۆماری ئیسلام(!) لە ئێران ئەوەی کە بوومان لێیان ئەستاندینو ئێمەیان تووشی ئەم دۆخە پڕ چەرمەسەریە کرد." مامۆستا دەرکراوە کوردستانییەکان داوایان لە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤو ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی کارو ئەنجومەنەکانی مامۆستایانی وڵاتانی جیهان کردوە لەم بارەیەوە یارمەتیدەریان بن.

## دەستبەسەرکرانی هاووڵاتییەکی سنەیی

ڕێکخراوی داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤی کوردستان: هاووڵاتییەکی سنەیی بە ناوی کیومەرس محەممەدی(شیانی) لە لایەن هێزە ئەمنیەتییەکانەوە دەستبەسەر کرا. ڕۆژی دووشەممە ١٥ی ڕێبەندان، هێزە ئەمنیەتییەکان ناوبراویان لە ماڵەکەی خۆی لە گەڕەکی غەفووری سنە دەستگیر کردوەو بۆ شوێنێکی نەزانراویان گواستۆتەوە. تا بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە هۆو ئەو تۆمەتانەی کە کیومەرس محەممەدیی لە سەر گیراوە، ڕانەگەیەندراوە.

## ڕێپێوانی زۆرەملی بە خەڵك لە ٢٢ی ڕێبەندان دا

کاربەدستانی کۆماری ئیسلامی کە ڕێژیمەکەیان بەتایبەتی لە کوردستان لە هەمووکات زیاتر لەنێو خەڵك دا بێزراوە، ئەمساڵیش بە فشارو زۆرەملی ڕێپێوانیان لە یادو بیرەوەریی ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧و هاتنە سەرکاری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، وەڕێ خست. بەڵام ئەم ڕێپێوانانە بەپێچەوانەی ویستی کاربەدەستان، لەجیاتی پشتیوانیی خەڵك لەو ڕێژیمە دەربخەن، بوونەوە بە نوێنگەی بێزاریی ئەوان لە کۆماری ئیسلامی. ڕێپێوانەکانی ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵ لە شنۆو بۆکان نموونەیەك لە سەلماندنەوەی ئەم ڕاستییە بوون:

### شنۆ

کاربەدستانی ڕێژیم لە شاری شنۆ ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندان بە هەڕەشەو زۆرەملی منداڵانی قوتابییان وێڕای مامۆستاکانیان هێنایە سەر شەقامەکان بۆ ئەوەی بە لایەنگری لە کۆماری ئیسلامی ڕێپێوان بکەن. لەنێو ئەوان دا کارمەندانو کرێکارانی دەوڵەتیش کە ئەوانیش بە زۆرو هەڕەشە هێنرابوون، دەبیندران. نەك هەر هیچ توێژو بەشێکی دیکەی خەڵك لە ڕێپێوانەکانی ٢٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵی شاری شنۆدا، بەشدار نەبوون، ئەو کارمەندو مامۆستاو قوتابییانەش کە بەشدار بوون، لە دووپاتکردنەوەی دروشمەکانی بەکرێگیراوانی ڕێژیم خۆیان دەبواردو بەکردەوە بێزراوبوونی کۆماری ئیسلامییان لە ٢٨ ساڵەی هاتنە سەرکاریدا پێشان دایەوە.

### بۆکان

دامودەزگاکانی ڕێژیم لە چەند ڕۆژ بەر لە هاتنی ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندان هەوڵێکی زۆریان لەناو قوتابخانەکانو خەڵکی ئەو شارە دا تا ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی ئەو شارە لە ڕێپێوانی ٢٢ی ڕێبەندان دا بەشداری بکەن. ئەوە لە حاڵێك دایە کە ڕێژیم جگە لە گوشارو هەڕەشە بۆ سەر مامۆستایان، کارمەندانو قوتابیانی ئەو شارە ویستویەتی بە دانی پارە بە خەڵکی هەژارو بێدەرەتانی قەراخ شار، زۆرترین حەشیمەت بۆ ڕێپێوانی ئەو ڕۆژە کۆ بکاتەوە.

ڕادەیەکی کەم لە خەڵکی ئەو شارە کە لەژێر گوشارو بەڵێنی دانی پارە، بەشدارییان لەو ڕێپێوانەدا کرد بێ سەرنجدان بە داوای دەزگا تەبلیغاتییەکانی ڕێژیم بۆ دووپات کردنەوەی دروشمەکان، لەوپەڕی بێتەفاوەتیدا بەسەر شەقامەکانی ئەو شارە بە ڕێگادا دەڕۆیشتنو هێندێك لە قوتابیانو لاوانی ئەو شارەش کە پێشتر لەگەڵ یەکتر هاوئاهەنگییان کردبوو، بۆ تێکدانی جەوی ئەو ڕێپێوانە دەستیان کردبوو بە تەقاندنەوەی تەرەقەو کەرەسەکانی لەم جۆرەو پاش ماوەیەکی کەم لە دەستپێکردنی ئەو ڕێپێوانە خەڵکی بەرەو ماڵو شوێنی کارەکانیان ڕۆیشتنەوەو بڵاوەیان بە ڕێپێوانەکە کرد.

پێویستە بگوترێ کە ڕێژیم لە ڕۆژەکانی دەیەی فەجرو ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندان زۆربەی شەقامو گەڕەکەکانی ئەو شارەی چراغانی کردبوو کە بەپێی هەواڵێك کە بەدەستمان گەیشتوە ئیدارەی کارەباری بۆکان هەزینەی بەکارهێنانی هەموو ئەم چراغانییە لەسەر خەڵکی ئەو شارە دەنووسێ تا خەڵکی هەزینەکەی بدەنەوە. ئەوە لە حاڵێك دایە کە دامودەزگا ڕاگەیەنەکانی ڕێژیم بەردەوام بانگەشەی دەستپێوەگرتن لە بەکار هێنانی کارەبادا دەکەن.

## ولامی نامەیەك

درێژەی

نەبووم بۆ ئەوەی لەگەڵ دەزگایەکی تەبلیغاتی قسە بکەم. بەو حاڵە ڕەنگە ئەو وتووێژە رادیۆییو تەلەڤزیۆنیو ڕۆژنامەیییانە کە لە دەورانی سکرتێریم دا کردوومنو بەشێکیان لە رادیۆو چاپەمەنیی حیزبیش دا دووبارە کراونەوە، خۆ لە سەد وتووێژ بدەن. ئەوەی دوای لەتبوونیش کردوومن هیچ تاوانێکیان تێدا نیەو جگە لە یەك جاریش هەموویان لەسەر داخوازی دەزگا تەبلیغاتییەکان بوون.

٨ ـ باسی "کەوتنی فاسیلەیەکی یەکجار زۆر حیزبو کۆمەڵانی خەڵك بە گشتی وە ڕووناکبیران ـ خوێندکاران ـ تێکۆشەرانی کۆمەڵگای مەدەنی ـ کەسایەتیە خۆش ناوو نیشتمان پەروەرەکان" دەکەن. ئەو قسەیە ناتەبایی لەگەڵ واقعیەتو تەنانەت قسەی خۆشیان هەیە کە حیزبی دێموکرات بە حیزبی خۆشەویستی خەڵکی کوردستان دەزانن ڕاستییەکەی ئەوەیە هیچ کاتێك ئەو فاسیلەیە نەبووەو نیە. هەر ئێستا ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە بژاردەکانی خەڵکی کوردستانو یەك لەوان خوێندکارانو ماموستایان پێوندیی نزیکیان لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان هەیەو سیاسەتەکانیو ڕێبازەکەی پەسند دەکەن. بەڵام گومانی تێدا نیە کە پێوەندیی حیزب بە کۆمەڵگاوە شتێکە هەمیشە پێویستی بە نوێکردنەوەو قووڵ کردنەوە هەیەو قەت نابێ بە کاتی دابنرێ.

٩ ـ یەکی دیکە لە تۆمەتەکان "لەنێو بردنو لاوازکردنی سەربەخۆیی حیزبو بەستنەوەی لە چوارچێوەیەکی بەرتەسكو سنووردارداو ملکەج کردن بۆ زۆر گوشار یان گیروگرفت کە هێندێ لایەن بۆ حیزبیان دروست کرد بە بەرنامەی داڕێژراوە لە دە ساڵی ڕابووردووە"یە. نووسەر یا نووسەرانی نامەکە گلەییان لێ ناکرێ. چونکە ئاگایان لە ڕاستییەکان نیە. بەڵام ئەوانەی ئەم ئیددیعایەیان لەلای ئەم عەزیزانە کردوەو بڕوایەکی وا ناڕاستیان لە مێشکیان دا پێك هێناون، ئەگەر ڕاست دەکەن با ئەو "هێندێ لایەن"ە کە گیروگرفتیان بۆ حیزب دروست کردوە ناو بەرن تا بەروونی جوابیان بدرێتەوە، ئەگینا بوختان کردنو قسە هەڵبەستن ڕەنگە ئاسان بێ، بەڵام سروشتی مرۆڤی شۆرشگێر نیە.

١٠ ـ باس لە "دروست کردنو پێکەوەنانی دەستەبەندی ـ جەناحبازی ـ ناوچەگەرایی...لەنێوبردنی روحی برایەتی لە نێو کادرو پێشمەرگە..." دەکرێ. ئەوانەی لە بنکەکانی حیزب دەژین زۆر جاریان لێ بیستوومو ئێستاش بۆ هەموانی دووپات دەکەمەوە کە بۆ بڵاوکردنەوەی بیری ناوچەگەری هیچ ناوێکم نیە جگە لە خیانەتو، نەفرین بۆ هەر کەس دەنێرم کە باوەڕی پێ هەبێ یان بە کردەوە ڕەچاوی بکا. تەواوی هەوڵی منیش بۆ لەنێو بردنو نەهێشتنی دەستەبەندیو جەناحبازی بووە. لە کۆنگرەی ١٢ دا لەسەر پێشنیاری من بڕیارێك پەسند کرا کە هەر چەشنە دەستەبەندیو یارگیرییەکی نهێنی بەتاوان تا سنووری خیانەت دەناسێ. ئەم بڕیارە بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا. دوایەش لە کۆمیتەی ناوەندی دا گەڵاڵەیەك بۆ هەڵبژاردن بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا کە دەی توانی پێشی دەستەبەندیو جەناحبازی بگرێ. بەڵام ئەوانەی ئێستا ئەو تۆمەتە دەدەنە پاڵ ئێمە، هەردووکی ئەو بڕیارانەیان خستە ژێر پێ هەر بۆ ئەوەی لە کۆنگرەی ١٣ دا حیزب یەکدەست بکەنو ئەو پەندە بەسەر حیزبی دێموکرات بێنن کە هێنایان. پاشان بۆ ئەوەی بزانین کێیە رووحی برایەتی لەنێو کادرو پێشمەرگە دا لەنێو دەبا وەبیر هێنانەوەی ئەو هەقیقەتە تاڵە بەسە کە لە کۆنگرە دا باسی تەباییو پێکەوە کارکردن بە بڕیاری زۆرایەتییەك کە ئێستا حیزبی تووشی لەتبوون کردوە لە راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی لابرا.

١١ ـ خۆش ئەوەیە باسی تەحەمول نەکردنی "پرەنسیپ"ەکانی دێموکراسی وەك هەڵبژاردنو... پێشێل کردنی بەرنامەو ئەساسنامەی حیزب" دەکرێ. ئەمەش هەر بەشێکە لەو پڕوپاگەندەیە کە ڕێبەرانی لایەنی بەرامبەری ئێمە بڵاوی دەکاتەوە. کارم بەوە نیە کە لێرە دا وەك زۆر جێی دیکە سنووری بەرنامەو ئەساسنامە تێکەڵ دەکرێ. بەڵام ئەو دۆستانە با لە خەڵکی شارەزای نێو حیزبی دێموکرات بپرسن کە لەنێو ئەو حیزبە دا پاش د.قاسملوو کێ شارەزای ئەساسنامە بووەو تەنانەت بە باوکی ئەساسنامە ناسراوەو کێیە هەمیشە دیفاعی لە پرەنسیپەکانی دێموکراسی کردوە؟ باوەڕ بکەن مەسەلە هیچ کام لەوانە نین. نە دێموکراسی تەحەمول نەکراوە نە ئەساسنامە پێشێل کراوە. تەنیا بەربەرەکانی لە دژی هەوڵی یەکدەست کردنو "تك صدایی"و حەزفی "دگر اندیشان" کراوە، کە ئەمەش نەك هەق، بەڵکوو ئەرکی هەموو مرۆڤێکی دێموکراتو شۆڕشگێرو ئازادیخوازە.

١٢ ـ لەبارەی هۆیەکانی وەزعی جێگای داخی داسەپاوەوە هەر ئەوەندە دەڵێم کە ئێمە لە حیزب جوێ نەبووینەوەو نابینەوە. بەداخەوە حیزب بە پێچەوانەی ویستی ئێمە نزیك بە سێ ساڵ پێش ئێستا بەکردەوە لەت کراو ئێمەش پاش دوو ساڵو نیو هەوڵی وەسەر یەك خستنەوەی، بەناچار چووینە ژێر باری ئەو لەتکرانەو قبووڵمان کرد. بۆ ئەوەش کە گۆیا کۆپیمان لە بەرنامەو ئەساسنامەی حیزب هەڵ گرتوە، دەبێ بڵێم لە پێشدا کۆپی هەڵگرتن لە بەرنامەو ئەساسنامەی حیزب عەیب نیە، چونکە ئێمە ئەندامی حیزبینو بەرنامەو ئەساسنامەش دە جار شەقڵی منو هاورێیانی پێوەیە جارێك شەقڵی لایەنی بەرامبەر. پاشانیش زۆر لەو شتانەی لە "هێڵە گشتییەکانی ڕێبازی ئێمە" دا هاتوون لە بەرنامەو ئەساسنامەدا جێیان نیە، بەڵام لە ڕێبازی حیزبی دێموکرات بێگانە نین. ئەوەشی لێ زیاد دەکەم کە بەشی هەرە زۆری ئەو ئەسڵانە پێشتریش لە نێو حیزب دا جێگای پشتیوانیی ئێمەو تەنانەت داخوازی ئێمە بوونو لەلایەن هاورێیانی پێشوومانەوە پێشیان پێ گیراوە.

هەرچەند ئەوەی باس کرا زۆریش کورت نەبوو، بەڵام شتێکی زۆر زۆر کەم لەوەی هەیەو بۆ باس دەبێ لێرەدا ئاماژەی پێدراوە. بۆ جاری سێیەم دەڵێم بە ئاواتم ئەو دۆستە خوێندکارانە ـ ئەگەر بەراستی هەن ـ چەند کەسیان بێنە ئێرەو لە نزیکەوە قسەی خۆیان بکەنو وەڵام وەربگرنەوە. چونکە دڵنیام بەدەرکەوتنی ڕاستییەکان نەزەرو قەزاوەتیان دەگۆڕێ.

درێژەی لاپەڕەی١

## ماکۆ

### هەڕەشەو توندوتیژی بەرامبەر بە خەڵکی ماکۆ لە بەرەبەری کوشتاری ساڵی رابردووی ئەم شارەدا

مانۆڕ دانی هێزە سەرکوتکەرەکان لە شاری ماکۆو ناوچەکانی دەوروبەرو نیشاندانی زەبرووزەنگو چەکوچۆڵی وەك تۆپو کاتیوشاو ڕەفتاری سەرکوتکەرانە لەبەرەبەری یەکەمین ساڵڤەگەری کوشتاری خەڵکی ماکۆ لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بەرچاوترە.

شایانی وەبیرهێنانەوەیە کە لە ٢٧ی ڕێبەندانی ساڵی رابردوودا، خەڵکی ماکۆ لە بیرەوەریی رفێندرانو تەحویلدرانەوەی عەبدوللا ئوجەلان، سەرۆکی P.K.K بە دەوڵەتی تورکیەو بەمەبەستی ناڕەزایەتی دەربڕین لە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی خۆپێشاندانیان وەڕێخست. بەڵام هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی بە توندی سەرکوتیان کرد. چەندین کەس لە خەڵکی ئەم شارەیان شەهیدو بریندار کردو ژمارەیەکی زۆریشیان لەوپێوەندیەدا ڕەوانەی زیندانو ئەشکەنجەگاکان کرد. کردەوەو ڕەفتاری ئەم ڕۆژانەی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی لە ڕاستیدا بۆ چاوترساندنی خەڵكو پێشگیری لە بەڕێوەبردنی یادو بیرەوەریی سەرکوتی خوێناویی خەڵکی ئەو شارەیە.

### مۆرە تیرۆریستییەکانی ڕێژیم لە ڕێگای بازرگانەوە دەچن بۆ سووریەو لوبنانو عێراق

ماوەی چەند مانگە پاسدارانو مۆرەخراپکارەکانی ڕێژیم لە ڕێگای سنووری بازرگانو خاکی تورکیەوە، سەفەر بۆ سووریەو لوبنانو عێراق دەکەن. ئەوان بە ئوتوبوسو لە مەرزی بازرگانەوەو بە ناوی زیارەت، بە خاکی تورکیەدا دەچن بۆ سووریە. هێندێك لەوان بە یارمەتیی حیزبوللا دەچن بۆ لوبنان، ژمارەیەکی دیکەشیان بە بەڵگەی ساختە دەچنە نێو خاکی عێراق.

بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی یەك لەو کەسانە درکاندویەتی، ئەو کەسانە بۆ دەست وەشاندن لەسەربازانی ئەمریکاو ئاژاوەنانەوە لەنێو خاکی عێراقدا، دەچنە نێو شیعە رادیکاڵو توندڕەوەکانو دەیانەوێ بە چالاکیی خراپکارانەو تیرۆریستی تەنگەژە بۆ هێزەکانی ئەمریکا دروست بکەن. هەرکام لەو نێردراوانەی ڕێژیمی ئێران بۆ نێو خاکی عێراق مانگانە بە هەزاران دۆلار بۆ وەڕێخستنی عەمەلیاتی تیرۆریستیو خراپکارانە خەرج دەکەن.

پێویستە بگوترێ هاتوچۆی پاسدارانو تۆرە ئیتلاعاتیو ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ ولاَتانی ناوچە، دوای ئەوەی سنوورەکانی عێراق ـ ئێران بەتوندی لەلایەن ئەمریکاوە کونترۆل دەکرێ، رووی کردۆتە مەرزی بازرگان.

## سنە

### هێزە بەناو ئینتیزامییەکان بە توندی لە مێرمنداڵێکی ١٤ ساڵەیان دا

ڕۆژی چوارشەممە ١١ی ڕێبەندان، لە گەڕەکی غەفووری شاری سنە، هێزە بەناو ئینتیزامییەکان هەڵیان کوتایە سەر کوڕێکی تەمەن ١٤ ساڵ بەناوی "محبت صمدی" و لەژێر لێدانو کوتەکدا نیوەمردوویان کرد. ئەو مێرمنداڵە لە ئاکامی ئەو لێدانەدا لە زمان کەوتوە. دایکی ناوبراو بۆ دەربڕینی بێزاری لەم کردەوەیە چووەتە هێزی بەناو ئینتیزامی. بەلاَم هەڕەشەیان لێکردوەو وەدەریان ناوە. ئەو دایکە بەناچاری شکایەتی بردۆتە بەر شوعبەی ١٠٢ی دادگا، لای حاکم قەوامی و پەروەندەکەی خستۆتە جەریان.

## مەهاباد

### ٣ کەس لە "بەیرەم" وەبن رنوو کەوتن

ڕۆژی چوارشەمە ١٣٨٥/١١/١١ لەنزیك گوندی بەیرەم لە ناوچەی مەهاباد، سێ کەس کە بە پێی هەواڵ بۆ راوەکەو چووبوون، وەبن رنوو کەوتن. بەهۆی ئەم رووداوە، بەداخەوە هەر سێکیان گیانیان لەدەست داوە.

راگەیەندراوی دەفتەری سیاسی

# مەهێڵن گیانی ئەم تێکۆشەرە کوردە بکەوێتە مەترسی

بە ئاگاداریی بیروڕای گشتیی دەگەیەنین کە محەممەد ئیشیووك، چالاکی کوردی کوردستانی باکور ( تورکیە) لە سویس گیراوە و دەوڵەتی سویس دەیەوێ بیداتەوە بە دەوڵەتی تورکیە.ئەم کارە جگە لەوەی لە گەڵ ڕێوشوێنە نێونەتەوەیی‌یە پەسندکراوەکان لە ناتەبایی دایە، لە مەترسی خستنی گیانی مرۆڤێکیشە.چونکە ناوبراو چالاکی سیاسی‌یەو درانەوەی بەدەوڵەتی‌تورکیە گیانی‌دەخاتە مەترسی‌یەوە.بە تایبەتی کە دەوڵەتی‌تورکیە بە داخەوە کارنامەیەکی ڕەشی لە ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ تێکۆشەرانی سیاسیی کورد دا هەیە.

ئێمە داوا لە دەوڵەتی سویس دەکەین پێشی تەحویلدانەوەی ناوبراو بە دەوڵەتی تورکیە بگرێ و نەهێڵێ گیانی سیاسی وتیکۆشەرێکی‌کورد بە بەرچاوی بیروڕای گشتی‌یەوە بکەوێتە مەترسی و،لەم ڕێگایەوە زیان بە ئیعتیباری ئەو وڵاتە بگا. داوا لە ڕێکخراوە جیهانی‌یەکان و کۆڕ و کۆمەڵەکانی لایەنگری مافی مرۆڤیش دەکەین دەنگی نارەزایی بە دژی ئەم کارە دەربڕن‌و هەنگاوی بەپەلە بۆ ڕزگارکردنی محەممەد ئیشیووك لە مەترسیی تەحویلدرانەوە بە دەوڵەتی نورکیە هەڵ بگرن.

حیزبی دیموکراتی کوردستان
دەفتەری سیاسی
٢٠٠٧/٢/٥ ـ ١٦ ڕێبەندانی ١٣٨٥

## دەستبەسەر کرانی شەش هاوڵاتی لە بانە

هەواڵنێری ڕێکخراوی داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ: لە ماوەی دوو مانگی رابردوو دا ٦ لاوی بانەیی بە ناوەکانی حوسێن دەوڵەتی، برایم شوریایی، ڕێبوار ئەنوەری، عبدالواحید کەریمی، هیوا دەوڵەتی‌و ئازاد مروەتی بە تۆمەتی چالاکی سیاسی‌و پێوەندی لە گەڵ حیزبە کوردییە دژبەرەکانی دەوڵەت دەستگیرو دەستبەسەر کراون. ئێستا حوسێن دەوڵەتی بە ساڵێك بەندکرانی تەعزیری‌و برایم شوریایی بە ساڵێك بەندکران مەحکوم کراون‌و عبدالواحید کەریمی‌و ڕێبوار ئەنوەری سەرەڕای دانانی بارمتەی ٨٠ میلیۆن تمەنی بە هۆی دژایەتی دادستانی دادگای شۆرشی بانە، هەروا ماونەتەوە. ئازاد مروەتی‌و هیوا دەوڵەتی‌و دوو کەسی دیکە لە دەستگیرکراوەکان بە دانانی بارمتە تا کاتی دادگایی بە شێوەیەکی کاتی ئازاد کراون.

## کاری تەبلیغی دۆستان‌و لایەنگرانی حیزب لە شارەکانی کرماشان‌و کامیاران

بە پێی هەواڵی گەیشتوو لە کرماشانەوە، شەوی ١٧ی ڕێبەندان، دوستان‌و لایەنگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەو شارەدا بە شێوەیەکی بەر بڵاو کاری تەبلیغییان لەم شوێنانەی خوارەوە کردو تراکت‌و بڵاوکراوەی حیزبییان لە ناو خەڵکدا بڵاو کردەوە:

گەڕەکی جەوانشیر، مەیدانی جەوانشیر، کۆڵانەکانی دەوروبەری شار، مەیدانی عەلاف خانەو کۆڵانەکانی دەوروبەری، سەر تەپەی جەوانشیر، گەڕکی کۆساری‌و چەننانی.

هەروەها لە کامیارانیشەوە هەواڵمان پێ گەیشتوە کەهەر ئەو شەوە دۆستان‌و لایەنگرانی دڵسۆزی حیزب لەم شوێنانەی شاری کامیاران لە چالاکییەکی تەبلیغی‌دا فیلم، تراکت‌و بڵاوکراوەی دیکەی حیزبییان بڵاو کردۆتەوە:

شەقامی ١٦میتری، مەیدانی موتتەهەری، دەوروبەری نەخۆشخانەی سینا، تەپەی موسایی‌و کۆڵانەکانی دەوروبەری، مزگەوتی هەمزەو گەڕەکی تەوحید.

## خۆسووتاندنی دوو ژن

ژنێکی ١٦ ساڵەی خەڵکی گوندی " ئالی دەرە" بە ناوی " لەیلا.م" خۆی هەڵواسی‌و گیانی لە دەستدا. لە لایەکی دیکەوە ژنێکی ٣٤ ساڵەی خەڵکی سەقز بە ناوی " فەریدە.ز" خۆی سوتاندوەو بە ٧٥ لە سەدی سووتاوییەوە لە نەخۆشخانەی سەقز لە ژێر چاوەدێری دایە. دەگوترێ ناوبراوان بە هۆی گرفتی بنەماڵەیی پەنایان بۆ خۆ کوشتن بردوە.

درێژەی :

# هەواڵەکان

## سەردانی بەڕێزان دوکتور جەبار قادرو دوکتور کرمانج گوندی لە سکرتاریای حیزب



کاتژمێر ١١ی پاشنیوەڕۆی چوارشەمە ڕێکەوتی ٢٠٠٧/٢/١٤ لە سکرتاریای حیزبی دیموکراتی کوردستان پێشوازی کرا لە هەر دووك بەڕێزان: دوکتور جەبار قادر ماملۆستای زانستگە لە هولەندو دوکتور کرمانج گوندی ماملۆستای زانستگە لە شاری ناشویل (ئەمریکا) کە بۆ سەردانێك هاتبوونەوە هەرێمی کوردستان‌و، لە لایەن ماملۆستا عەبدوڵلا حەسەزادە، کاك عومەر باڵەکی،و کاك محەممەد حەسەن پور پێشوازییان لێ‌کرا. لەو دیدارەدا سەبارەت بە بارودۆخی سیاسی‌و وەزعییەتی کوردو داهاتووی ڕۆژهەڵاتی ناوین بە تایبەتی بیروڕایان گۆڕیەوە.

## پارازێت خستنە سەر کاناڵە ئاسمانی‌یەکان لە لایەن ڕێژیمەوە بەردەوامە

کاربەدەستانی ڕێژیم بۆ پارازێت خستنە سەر کاناڵە ئاسمانی‌یەکان لە هێندێك شار، بۆ وێنە لە شنۆو پیرانشار، چەند دەکەلیان لە ورووديی شاردا داناوەو بە کەلك وەرگرتن لەم دەکەلانە پارازیت دەخنە سەر کاناڵە ئاسمانی‌یەکان. دەشگوترێ کە شەپۆلەکانی ئەم پارازیتە مەترسیدارەو نەخۆشی شێرپەنجە دێنێ.

لە شارەکانی مەهابادو سەردەشتیش، خەڵك هەستیان بەو گرفتە کردوەو لەوە دەچێ سیاسەتی پارازیت خستنە سەر کاناڵە ئاسمانی‌یەکان لە هەموو کوردستان بەڕێوە ببرێ. هەر لەم پێوەندی‌یەدا لە شاری سنە هەواڵ گەیشتوە کە لە ڕۆژی ١٣ی ڕێبەندانەوە دەنگ‌وڕەنگی هەموو کاناڵە کوردی‌یەکان‌و دەنگی کاناڵە رادیۆیی‌یە ئاسمانی‌یەکان پارازیتیان لەسەرە.

توندی‌و بەهێزیی پارازیتەکە بەرادەیەکە کە ئەم کاناڵانە بە زەحمەت کەلکیان لێ وەردەگیرێ. سەرنجراکێش ئەوەیە کە ئەم دیاردەیە تەنیا ڕووی لەو کاناڵە کوردی‌و فارسی‌یانە کە لە دەرەوەی ئێران ڕا بەرنامە بڵاو دەکەنەوە. تەنانەت کاناڵە تەلەویزیۆنی‌یە سێکسی‌یەکانیش لەلایەن ڕێژیمەوە پارازیتیان نەخراوەتە سەر.

لەم پێوەندییەدا خەڵکی مەهاباد، ڕۆژی ١١١٣٨٥/١٥ هەڕەشەیان لە کاربەدەستان کرد ئەگەر لەسەر ئەو ڕەفتارە بەردەوام بن خۆپیشاندان‌و مانگرتن‌و حەرەکەتی ئێعترازیی دیکە وەڕێ دەخەن کە شێلگیری‌و یەکگرتوویی ئەوان ڕێژیمی ناچار بە پاشەکشەی کاتی‌و لابردنی پارزێت لە ئاستی ئەو شارەدا کرد.

پێویستە بگوترێ کە رادیۆ دەنگی کوردستانیش کە نزیکەی مانگێکە دەستی کردوە بە بڵاوکردنەوەی بەرنامەکانی، بەتایبەتی لە کوردستان لەگەڵ شەپۆلێکی بەهێزو بەردەوامی پارازێت بەرەڕوویە.

## سەقز

### بە پێی بڕیاری ڕێژیم قوتابیان دەبێ نامە بۆ سەرکۆماری ئەمریکا بنووسن

بە پێی هەواڵی گەیشتوو لە شاری سەقزەوە ڕۆژی ١٣٨٥/١١/١٦ لە قوتابخانەکانی شاری سەقز بە قوتابیانیان ڕاگەیاندوە کە دەبێ نامە بۆ سەرکۆماری ئەمریکا بنووسن‌و لەو نامەیەدا جەخت لەسەر ئەوە بکەنەوە کە دەستراگەیشتن بە وزەی ناوکی مافی کۆماری ئیسلامی‌یەو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆی نییە ئەو مافە لە خەڵکی ئێران زەوت بکا. هەروەها داوا لە قوتابیان کراوە کە لە نامەیەکی دیکەدا داوا لە وڵاتە عەرەبییەکان بکەن کە لە دژی ئەمریکا پشتیوانی لە ئێران بکەن‌و بە عەرەبەکان بڵێن کە بوونی ئەمریکا لە ناوچەکەدا هۆکاری سەرەکیی ئاڵۆزیی‌و بشێوی ناوچەکەیە. لە وەها دۆخێکیش دا تەنیا ڕیگە چارە ئەوەیە کە وڵاتانی عەرەبی پشتیوانی لە ئێران بکەن‌و ئەمریکا لە ناوچە وەدەرنێن. بە پێی ئەم بڕیارەی ڕێژیم دەبێ تا چەند ڕۆژی داهاتوو ئەم دوو نامەیە بە ئیمزای قوتابیانەوە بڵاو بکرێتەوە.

پێویستە بگوترێ کە ئەم سیاسەتەی ڕێژیم بۆتە هۆی ناڕەزایەتی دایك‌و باوکی قوتابیەکان کە لە منداڵەکانیان بە پێچەوانەی بیرو باوەڕیان کەڵك وەردەگیرێ.

## ٣٤٠ کەس لە چالاکانی سیاسی و خویندکاری دژی حوکمی سە پێندراو بە سەر خویندکارانی زانکۆی ئازادی سنە، نارەزایەتییان دەربڕی

٣٤٠ کەس لە چالاکانی سیاسی و خویندکاری بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەك دژی حوکمەکانی کومیتەی ئینزیباتی بۆ خویندکارانی زانکۆی ئازادی سنە، نارەزایەتیان دەربڕی و داوایان کرد رەوتی رفتاری ناقانونی و سەرکوتکەرانە بە دژی خویندکارانی زانکۆی ئازاد بوەستێندرێ. لە بەیاننامەکەدا گوتراوە :

بزووتنەوەی خوێندکاری کە هەمیشە پێشرەوی خەباتی ئازادیخوازانە و دژی سەرەرۆیی خەڵکی ئێران لە نیو سەدەی رابردوو بوە، ئێستا بە هۆی شێلگیربوون و هێنانە گۆڕی داخوازە مێژوویی‌یەکانی خۆی، کەوتۆتە ژێر توندترین فشاری کاربەدەستانی دەوڵەتی....لەو نێودا خوێندکارانی زانکۆی ئازادی ئیسلامی، لە حاڵێکدا لە بچووکترین مافە سەرەتایی‌یەکانیش بێ‌بەشن و بچووکترین بەربەرەکانی ئەوان بە توندترین دژکردەوەی تۆڵە ئەستێنانە وڵام دەدرێتەوە، چرای خەباتیان لە نێو ڕەشەباکان دا هەروا بە داگیرساوی هێشتۆتەوە.

ئەگەرچی چالاکیی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کەلتووری و سینفیی خویندکارانی ئەم زانستگەیە وەك خۆکوژی سەیری دەکرێ، بەڵام زۆر خوێندکاری ئەوتۆ هەن کە پێیان ناوەتە ئەم مەیدانە و ماوەیەکە کە ژمارەیەك خوێندکاری زانکۆی ئازادی سنە لەلایەن کاربەدستانی بەدکردەوە سزایان بە سەردا سەپێندراوە. ئەمجار بەرپرسانی زانکۆی ئازادی ئیسلامیی سنە، دژایەتیی خویان لەگەڵ هەر چەشنە تیکوشانێکی سیاسی، بە هەڵپەساردن و دوورخستەوەی بە کۆمەڵی حەوت خوێندکاری کورد، پێشان داوە.

بەرپرسانی زانکۆی ئازادییش لە هەر چەشنە قانوون چاوەدێری و وەڵامدانەوەیەك لەپیوەندی لەگەڵ خوێندکاران دا، بێ بەرین و تەنیا جێبەجێکەر و بەرێوەبەری فەرمانەکانی سەرۆکی ئەم زانکۆیەن.

دەرچوونی ئەم سزا تەمبێکارانەیە دژی خوێندکاران ئەویش بێ‌وەبەر چاوگرتنی مافی داکۆکی کردن لە خۆ، لاپەرەیەکی دیکەیە بۆ سەر کتێبی ئەستووری مێژوویی خەباتی خویندکاران .

ئێمە کە ئەو بەیاننامەیەمان ئیمزا کردوە وێرای وریا کردنەوەی بەرپرسانی زانکۆی ئازادی ئیسلامی لە پیوەندی لەگەڵ ئاکامەکانی زیادکردنی خەفەقان و سەرکوتی خوێندکاران دا، نیگەرانی و بێزاریی خۆمان لەو حوکمە نادادپەروەرانەو ناقانوونییانە رادەگەیەنین و هەڵوەشاندنەوەی هەرچی زووتر و گەڕانەوەی خوێندکاران بۆ ئەم زانستگەیەمان دەوێ.

مالپەری "اخبار روز"
٢١ ڕێبەندانی ١٣٨٥

## نارەزایەتی دەربڕینی شوفیرانی تاکسی لە بۆکان

سەر لە ئێوارەی ڕۆژی دووشەمە ١٣٦٥/١١/١٦ شوفیرانی تاکسی بە هۆی نەبوونی بێنزین‌و گرانیی نرخی بێنزین لە فولکەی فەرماندارییی شاری بۆکان‌و شەقامی "ئینقلاب" کۆبوونەوەو سەبارەت بەم وەزعە رەخنەو نارەزایەتییان دەربڕی. مەئموورانی ڕێژیم بۆ بڵاوە پێ‌کردن ڕژانە ئەو شوێنانە. شوفیرە تاکسی‌یەکان هەڕەشەیان کرد ئەگەر ئەو وەزعە درێژەی هەبێ‌و کاربەدەستان ڕێگاچارەیەك بۆ گرانیی نرخی بێنزین نەدۆزنەوە، مان دەگرن.

## شنۆ جاشەکان مەیدانی پتریان پێ دەدرێتەوە

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پێ بە پیێ پەرەگرتنی نەفرەت و بێزاری خەڵك لەو ڕێژیمە، پتر پەنا بۆ جاش و لۆرە خۆفرۆشەکانی دەباتەوەو مەیدانی زیاتریان دەداتێ. ماوەیەکە لە شارو ناوچەکانی شنۆ کاربەدەستانی دام و دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم دەستیان کردوە بە دڵنەوایی دانەوەی ئەو کەسانەی ماویەکە چەکی جاشەتییان داناوە و هەوڵ دەدەن جارێکی دیکە بیانهێننەوە مەیدان . ئەوانەش کە هەر ئێستا چەکی جاشەتییان پێ‌یە پتر لە جاران دەستی لە ئەزیەت و ئازار و بیحورمەتیکردن بە خەڵك دا ئاوەڵا کردوون.

ڕۆژی ٢١ ڕێبەندان ٢ جاشی ڕێژیم کە یەکیان خەڵکی زمێیە و ئەوەی دیکەیان خەڵکی "گێسیان"ی مەرگەوەر و زاوای جاشەکەی دیکەیە و لە پێگەی نێوان گوندی "هێیە" و میراوێ خزمەت بە ڕێژیم دەکەن، لە نێو شاری شنۆ، بێ حورمەتیان بە ٢ لاو کردو بە هەڕەشەو زەبری چەك لەگەڵ خویان دا بردیان.

## پیرانشار

### کۆچی دوایی مستەفا خەلیلی، ئەندامێکی لەمێژینەی حیزب

ڕۆژی ١٩ ی ڕێبەندان ئەندامێکی حیزب بە ناوی مستەفا خەلیلی خەڵکی شارەدێی "شیناوێ" بە نەخۆشی دڵ کۆچی دووایی کرد . کاك مستەفا خەلیلی کوردێکی نیشتیمانپەروەرو حیزبدۆست بوو پێشتر بۆ ماوەی ١٠ ساڵ پێشمەرگەی حیزب بوو و چند ساڵێش بوو پیوەندیی تەشکیلاتیی بە حیزبەوە بوو و، وەك یەکێك لە ئەندامە هەرە چالاك‌و دڵسۆزەکانی حیزب تێ‌دەکۆشا. کاك مستەفا لەدوای لەتبوونی حیزب، پتر لە پێشووش تێکۆشانی هەبووە و بەوپەڕی ئەمەگناسی‌یەوە، ئەرکەکانی خۆی جێ‌بەجێ دەکرد.

بە بۆنەی کۆچی دوایی ئەو مرۆڤە نیشتمانپەروەر و تێکۆشەرەوە، سەرەخۆشی گەرمی بەرێوەبەرانی سایتی "کوردستان و کورد" و حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بنەماڵەی بەرێزی و بە خەڵکی شیناوێ و ناوچەی پیرانشار رادەگەیەنین و خۆمان بە شەریکی خەم پەژارەیان دەزانین.

# خوێندنەوەیەکی شۆڕشی ٥٧ی نەتەوەکانی ئێران

نووسینی: حوسێن ئەحمەدپوور

وەرگێڕان لە فارسییەوە: هەژیر

بیست و هەشت ساڵ لەمەوبەر تاولەرزی شۆڕش سەرانسەری ئێرانی داگرتبوو. خەڵکی ئێران سەرخۆش بوون بە سەرکەوتنێکی مەزنەوە کە بە بەخشینی گیانی هەزاران مرۆڤ رەنێوهاتبوو. لەو رۆژانەدا هەموان بەهەر بڕوا و مەرام و بەستراوەیی‌یەکی سیاسی، هیوادار بە داهاتووی خۆیان لە گوڕوتین دا بوون. ئەو رۆژانە هەر کەس بۆخۆی ببووە چالاکێکی سیاسی و هەموان خۆیان لە بەرامبەر چارەنووسی سی‌وپێنج میلیۆن مرۆڤ دا بە بەرپرسیار دەزانی و لەهەمان کات دا هیچ کەس بەرپرسیار نەبوو.

بەڵام ئێستا پاش بیست و هەشت ساڵ، وەچەیەك دواتر، چەند میلیۆن گیرۆدە بە مادده هۆشبەرەکان، چەند میلیۆن مرۆڤی ئاوارەی تاراوگەنشین، چەند میلیۆن لاوی خەمۆك، هەڵاتنی مێشکەکان، هەزاران بەندیی سیاسی، هەر رۆژە لە سێدارەدان و بەردەباران، هەر رۆژ... و بەگشتی بەندیخانەیەکی حەفتا میلیۆن کەسی، بەڵام بەوحاڵەش دیسانەوە هیچ کەس خۆی بە بەرپرسیار نازانێ.

رووسەکان چەند دەیە پاش شۆڕشی گەورەی ئۆکتۆبر گوتیان:" ئێمە گەورەترین خزمەتمان بە مرۆڤایەتی کرد، ئێمە بە هەموانمان سەلماند کە ئەو ڕێگەیەی گرتمانەبەر خەڵکانی‌دی نابێ پێیدا بڕۆن." ئەمرۆکە وەچەی پاش شۆڕشی ئێرانییەکانیش هەر رۆژە دایك و بابەکانیان بەهۆی ئەو هەڵە گەورەیانەوە دادگایی دەکەن، بەڵام نە بەو مانایە کە لایەنگری لە ڕێژیمی پێشوو دەکەن.

**لەو ساڵانەدا ئاخێوی دیمۆکراسیخوازی، لاوازترین ئاخێوی نێوان حیزب و لایەنە سیاسییەکان بوو. دیمۆکراسیخوازی لە ناوەندا بەو کەسایەتی و ڕێکخراوە سیاسییە چووکانەوە بەرتەسک کرابۆوە کە کاریگەری و بایەخی سیاسیی ئەوتۆیان نەبوو و لە زۆربەی کاتەکان دا لە لایەن دوو چەشنە ئاخێوی چەپی شۆڕشگێڕ و ئیسلامی حکوومەتی بە دانراو(دست نشاندە)ی خۆراوا و ئیمپریالیزم و یان بە پاشماوەکانی ڕێژیمی پاشایەتی تۆمەتبار دەکران**



ئێستا پرسیارگەلێك دێنەگۆڕێ: داخوا بەراستی شۆڕش هەڵەبوو؟ داخوا ئازایەتی و خەبات و تێکۆشانی دایك و بابەکان لە رووی نەزانییەوە بوو؟ و داخوا دەبێ سەرکۆنە بکرێن؟ گیان بەخت کردوانێك کە تەنیا و تەنیا لەبەر هۆگریان بە ئازادی و دەستەبەرکردنی بەها مرۆیی‌یەکانی‌تر گیانیان بەخت کرد لە کوێی ئەم مەتەڵۆکەیەدا جێ‌دەگرن؟ داخوا دەکرێ بڵێین کە شۆڕشگێڕانی دوێنێ بەرپرسی جەحەندەمی ئەمڕۆن؟ و...

ئێمە لەم نووسراوەیەدا بەدوای وڵامدانەوە بە تەواوی ئەم پرسیارانەوە نین. بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە ئەمانە پرسیارەکانی وەچەکانی پاش شۆڕشی ئێرانن کە هەرچەشنە وڵامدانەوەیەك بەوان کاریگەری لەسەر رەوگەی خەباتی نەیارانی کۆماری ئیسلامی و لەئەنجامدا لەسەر چارەنووسی داهاتووی ئەو وڵاتە دادەنێ. تەنانەت واوێدەچێ کە ئەو روانگە جیاوازانەی کە گرووپەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە دەرەوە و ناوەوەی وڵات لەبابەت شۆڕشی ئێران و بەگشتی دیاردەی شۆڕش هەیانە، رۆڵێکی سەرەکی لە لاوازکردنی بزاوتن بەرەو یەکخستنی ئۆپۆزیسیۆن دەگێڕێ.

ئێستا کە دەمانەوێ لەمەڕ شۆڕشەوە بدوێین، لەپێش دا باشترە رای بیرمەندانی سیاسی لەم بارەیەوە بزانین. بەگشتی دەکرێ ڕای بیرمەندانی سیاسی سەبارەت بە دیاردەی شۆڕش بەسێ گرووپ دابەش بکەین:

بەشێك لە بیریارە سیاسییەکان شۆڕش بە شێوازێکی نادڵنیا بۆ گۆڕینی رێژیمە سیاسییەکان دەزانن. لە روانگەی ئەم جۆرە کەسانەوە شۆڕشەکان لەبنەڕەت ڕا ڕێگەیەك بەرەو دیمۆکراسی نین. تەنانەت کۆکردنەوەی دەستەواژەی شۆڕش دەگەڵ دەستەواژەکانی دیمۆکراسی و ئازادی بە نادروست و نابەجێ دەزانن. بە دەربڕینێکی‌تر ئەم گرووپە لە هیچ هەلومەرجێك دا شۆڕش بۆ ڕزگاربوونی نەتەوەکان لە ژێر کەڵەوەی سەرەڕۆیی و گەیشتن بە دیمۆکراسی بە لەبار نازانن؟ ئەوان لە دیمۆکراسی وەك ئارمان دەڕوانن و چونکە لەو بڕوایەدان کە هیچ شۆڕشێك بەبێ ڕێبەری و سەرکەوتنی ئیدئۆلۆژییەکی تایبەت ڕوونادا، کەواتە دیاردەی شۆڕش بۆ هەمیشە ڕەدکراوەیە.

گرووپی دووهەمیش گەرچی ئاسەوارە ناخۆشەکانی شۆڕشیان بۆ ڕوونە، بەڵام لەسەر ئەو بڕوایەن کە ئەگەر بێتوو هیچ ڕێگەیەکی‌تر لەبەر دەم نەتەوەکان دا نەمێنێتەوە، شۆڕشیان وەك دوایین ڕێگەچارە قبووڵ کردوە. لەم شێوە بیرکردنەوەیەدا ئەم پرەنسیپە وەك بنەما دادەنرێ کە شۆڕش لە ئیدئۆلۆژییەکی تایبەت پێڕەوی نەکا و مەبەستیش تەنیا رووخاندنی ڕێژیمێك نەبێ. بەڵکوو دەبێ مەبەستی سەرەتا و کۆتایی شۆڕش جێگیرکردنی دیمۆکراسی بێ.

گرووپی سێهەم لە ئیدئۆلۆگە شۆڕشگێڕەکان پێك دێن کە پێڕەوی لە فەلسەفەیەکی تایبەت دەکەن و خودی شۆڕش بە دوائامانج دەزانن. بۆ ئیدئۆلۆژییە شۆڕشگێڕەکان سەرکەوتن سەرەتا و مسۆگەری بەختەوەریی مرۆڤەکانە. هەر بزاڤێك و خستنەڕووی هەر ئیدەیەکی ناتەبا دەگەڵ ئارمانەکانی ئیدئۆلۆژیی زاڵ هەڕەشەیەکە لە دژی بەختەوەریی مرۆڤەکان و کە واتە دەبێ لە هەنگاوێکی شۆڕشگێڕانەدا سەرکوت بکرێ.

لە شۆڕشی ئێران دا گرووپە سیاسییەکان بە ئیدئۆلۆژی‌گەلێکی جیاواز پێکهاتوو لە توندڕۆیە شیعە و "ملّی ـ مذهبی"یەکانەوە بگرە تاکوو گرووپە چەپ و مارکسیستەکان و لە بابەتگەلی وەك کوردستانیش دا خوازیارانی مافی نەتەوەیی لە شۆڕش دا بەشدار بوون. رووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و دژایەتی دەگەڵ ئیمپریالیزم بۆ ئەم گرووپانە کە هەر کامیان خەونیان بە سیستمێکی سیاسی و بەتەواوی لێکدژەوە دەدی، وەك فاکتەری یەکخستن خۆیان نواند و رەوگەی شۆڕشیان دیاری‌کرد.

کۆمەڵانی خەڵك کە بەردەوام و لەهەر جێیەك بەدوای دەستەبەرکردن و پاراستنی بایەخە مرۆیی‌یەکانەوەن و هێزی سەرەکیی سەرکەوتن لە بزاڤە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانن، لە رەوتی شۆڕش دا پشتگیری لە هەر گرووپێکی سیاسی و یان ئیدئۆلۆژییەك دەکەن کە دەگەڵ ناوەرۆکی ئازادیخوازانەیان دا بێتەوە. بۆ گرووپە سیاسییەکان کە بەردەوام بەدوای پیشاندانی دەسەڵات و رادەی بڕشت و پێشڕەوییان لە ناو خەڵك دان، بە دانی دروشم گەلێکی گشتی و تەمومژاوی و بەڵام تەبا دەگەڵ ناوەرۆکی ئازادیخوازانەی بزووتنەوەی خەڵکی لە هەوڵی هێنانە مەیدانی جەماوەر(تودە)دان. هەر بەم هۆیەوەیە کە زۆربەی کاتەکان لە لایەن هێندێك لە گرووپەکانەوە چەواشەدەکرێن. لە ئێران دا جەماوەری خەڵکی، ڕزگاری لە ژێر کەڵەوەی سەرەڕۆیی و کورت کردنەوەی دەستی بێگانەکان لە وڵاتیان کردبووە مەبەستی سەرەکیی خۆیان. ئەگەر گرووپە ئیسلامییەکان دەیانتوانی لە رۆژێك دا دەیان هەزار کەس بکێشنە سەر شەقامەکان، گرووپە چەپی و مارکسیستە توندڕۆیەکانیش بە هەمان شێوە دەیان توانی میتینگی سەدەهەزار کەسی وەڕێخەن. بە کورتی، کۆگەل (تودە) لە هەموو ڕەوشێك دا خوازیاری ئازادییە و هەرکات کە هەست بە پێویستی گۆڕینی ڕێژیم بکا، وەك زەوییەکی بەپیت و بەرەکەت وایە کە هەر تۆوێکی لێ‌دەڕوێ. کەواتە دادگایی و یان سەرکۆنەی دایك و بابە ئێرانییەکان نابەجێ و نالۆژیکییە و دەبێ گرفتەکە لەجێیەکی‌تر و لە نێوان ڕێبەران و گرووپە سیاسییەکان پەیجوری بکرێ.

لەو ساڵانەدا ئاخێوی دیمۆکراسیخوازی، لاوازترین ئاخێوی نێوان حیزب و لایەنە سیاسییەکان بوو. دیمۆکراسیخوازی لە ناوەندا بەو کەسایەتی و ڕێکخراوە سیاسییە چووکانەوە بەرتەسك کرابۆوە کە کاریگەری و بایەخی سیاسیی ئەوتۆیان نەبوو و لە زۆربەی کاتەکان دا لە لایەن دوو چەشنە ئاخێوی چەپی شۆڕشگێڕ و ئیسلامی حکوومەتی بە دانراو(دست نشاندە)ی خۆراوا و ئیمپریالیزم و یان بە پاشماوەکانی ڕێژیمی پاشایەتی تۆمەتبار دەکران. دیمۆکراسی لە نێوان نەتەوەکانی ئێرانیش دا تەنیا لە کوردستان ئەویش بەهۆی گەورەترین حیزبی سیاسیی ئەو ناوچەیە واتە حیزبی دیمۆکراتی کوردستان(ئێران) — کە دیمۆکراسیی وەك گرەنتییەك بۆ دابین کردنی مافە نەتەوایەتییەکان دەزانی — وەك ئاخێوی باڵادەست دەژمێردرا. لە وەها دۆخێك دا ئەگەر دیمۆکراسی بەباشترین سیستم بۆ دابین کردن و مسۆگەرکردنی ماف و ئازادییەکانی تاك تاکی کۆمەڵگایەك بزانین، لە وەها کەشێك دا چاوەڕوانی دابین بوونی ماف و ئازادییەکانی کۆمەڵانی خەڵك کەم تا زۆر وەك رەوڕەوك (سراب) وایە و سروشتییە کە دوای رووخانی ڕێژیمی پاشایەتی، شایەتی پاکتاوی خوێناویی گرووپە شۆڕشگێڕەکان بین.

ئەگەر بۆچوونی گرووپی دووهەم لە بیریارە سیاسییەکان سەبارەت بە دیاردەی شۆڕش وەك بنەما دابنێین، ڕوودانی شۆڕش لە نەبوونی ئاخێوی دیمۆکراسیخوازی‌دا لەو قۆناغەدا هەڵەیەکی گەورە بووە. ئەمرۆکەش هێندێك لە ڕووناکبیرانی ئێرانی بە بەرگریکردن لە دەوڵەتی شاپووری بەختیار، شۆڕشی ئێران دەنرخێنن. ئەم گرووپە لەسەر ئەو بڕوایەن کە بەختیار لە کەسایەتییە هەرەدیارەکانی دیمۆکراسیخوازی لەو رۆژگارەدا بوو و ئەگەر دەرفەتی پێدرابایە دەیتوانی فەزای ئاوەڵای سیاسی پەرەپێ بدا. بەڵام شۆڕش وەك بایەك ئەم دەرفەتەی دەگەڵ خۆی برد.


### پاش سەرکەوتن

ئەگەر لە مانگەکانی بەر لە شۆڕش دا گرووپە خاوەن ئیدئۆلۆژییە لێکدژەکان هەر رۆژە بەرەو لێك نزیك بوونەوەی زیاتردەچوون، پاش شۆڕش، ئەم رەوتە ئاوەژوو دەبێتەوە. بزاوتن بەرەو ئاراستەی لێك بڵاوبوون پاش پاکتاوکردن و سڕینەوەی مۆرەکانی وەفادار بە ڕێژیمی پێشوو دەست پێ‌دەکا و هەر گروپەی دەکەوێتە سەر رەوگەی سەرەکیی خۆی ـ واتە پێ‌قبووڵ کردنی ئیدەکانی خۆی. جووڵان بەرەو ئاراستەی لێك بڵاوبوون تا کاتێك درێژە دەکێشێ کە گرووپێك لەنێوان پاکتاوە خوێناوییەکان دا وەك تاکەسوار و بێ‌هاوتا دەردەکەوێ. بە دەربڕینێکی‌تر ئەم رەوتە بە پاکتاوکردنی ئەو گرووپانەی کە ناکۆکی ئیدئۆلۆژیکییەکەیان لە ماکزیمۆم دا بوو، دەستی پێ‌کرد.

سەرەتا توندڕۆیە ئیسلامییەکان و بەشێك لە گرووپە مارکسیستییەکان کە هەردووکیان یەك تێگەیشتنیان لە دیمۆکراسی هەبوو و بنەماکانی بڕوای ئەوان بە هیچ کلۆنجێ دەگەڵ کولتووری دیمۆکراسی نەدەهاتەوە، بە هاودەستی یەکتر دیمۆکراسیخوازەکانیان بە ناوی بەڕێوەبەرانی سەربە ڕێژیمی پێشوو و ئیمپریالیزمی جیهانی لە مەیدان وەدەرنا. شەڕی نەغەدە (خاکەلێوەی ٥٨) و هێرشی سەرانسەری بۆ سەر کوردستان دەکرێ لەم راستایەدا لێك بدرێتەوە کە لەودا توندڕۆیە شیعەکان بە کەڵکاوەژوویی لە کولتووری ئایینی باڵادەست و هەروەها کەڵك وەرگرتنی خراپ لە مینبەری مزگەوتەکانەوە چین و توێژگەلێکیان لە دژی

٩ ←

**بڕووخێ ڕێژیمی کۆنە پەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران**






# ئەو خونچانەی پێش پشکووتن هەڵ وەرین

لە ریزی ئەو لاوانەدا کە بۆ خزمەت بە خەباتی رزگاریخوازانەی نەتەوەکەیان، بەرگی پێشمەرگایەتییان کردۆتە بەرو چەکی بەرگری لە ئازادیی کوردستان و کەرامەتی مرۆڤی کوردیان کردۆتەشان، هەمیشە کەسانی ئەوتۆ هەبوون کە بەهرەو مایەیەکی بەهێزی ئەدەبی و هونەرییان تێدا بووە، بەڵام بە داخەوە بەرلەوەی ئەم بەهرە و مایەیە لە خۆیاندا بخەملێنن، پەروەردەی بکەن و خۆیانی پێ بناسێنن، گیانیان لە پێناوی ئامانجە بەرزەکانی خۆیان و نەتەوەکەیاندا بەخشیوە. ئەم گۆشەیە لەمەودوا تەرخان دەکرێ بۆ یاد کردنەوەی ئەم چرۆ هەڵوەریوانە.

***

## محەممەد دووکانلوو

بۆ یەکەم جار لە بەرەبەیانی رۆژێك لە رۆژانی پاییزی ١٣٦٠ یا ١٣٦١، لە سەرەتای دۆڵی "بایزاوێ"دا چاوم پێی کەوت. دوو سێ پێشمەرگەی "هێزی سمکۆ"، ی ئەوکات لەگەڵ خۆیان دا، لە دەشتی شنۆیە را هێنابوویان. گوتیان ئەوە برای کاك عادڵی پێشمەرگەی خۆمانە. بەزۆر چەکداری رێژیم بووەو چەکەکەی فرێ داوەو هاتوە بۆ پێشمەرگایەتی. هەر ١٧ ـ ١٨ ساڵ تەمەنی هەبوو. هاورێکانی بە منیان سپارد تا بینێرمە کۆمیتە شارستانی شنۆ کە بنکەکەی لە ئاوایی ((کانی باغ)) بوو. لە ((شاوەلێ)) بەدەم خواردنی نانی بەیانییەوە، چەند پرسیارێکم لێ کرد، پرسیارو وردەکاریەکانیم هێنایە سەر کاغەز و لەگەڵ نامەیەکدا، هەر بەخۆیدا بۆ کۆمیتە شارستانی شنۆ، بەڕێم کرد.


محەممەدم دواتر چەند جار لێرەو لەوێ لە بەرگی پێشمەرگایەتی دا دیتەوە. کوڕێکی شایی بەخۆو گورج و چالاك بوو. دەلینگی پانتۆڵەکەی وەك زۆربەی پێشمەرگەکانی ئەو هێزە، تەنگ و باریك، بە جۆرێك کە لەپوزەوانە بێ منەت بوون. بیستبووم کە دەنگێکی خۆشی هەیەو کۆڕی هاوسەنگەرانی بە گۆرانی خۆش و سروودی شۆڕشگێڕانە گەرم دەکا.

ساڵی ١٣٦٣ لەبەر دەنگ خۆشیی و هۆگری بە سروودو گۆرانی لە هێزی سمکۆ ڕا بۆ کۆڕی هونەریی حیزب نەقڵ کرا. بەوردی نازانم چەند سروودو گۆرانیم لێ بیستوە، تەنانەت نازانم لە ئارشیڤی کۆڕی هونەریو رادیۆی دەنگی کوردستان، چەند سروودو گۆرانی بە دەنگی ئەو لاوە هونەرمەندە تۆمار کراوە و ئێستا وەك یادگار لە پاشی بەجێ ماون. بەڵام دەنگیم هەروا لە گوێدا دەزرینگێتەوەو رواڵەتی هەمیشە دەم بە خەندەی هەروا لەبەر چاومە.

رۆژی ٢١ی جۆزەردانی ١٣٦٤ی هەتاوی بەداخەوە لە کاتی مەلە کردن لە ئاوی چۆمی نزیك شارۆچکەی کارێزەی کوردستانی عێراق، کە بنکەی نەخۆشخانەی ٢٥ی گەلاوێژیش هەر لەو شارۆچکەیە بوو، لە تەمەنی ٢١ ساڵی دا خنکاو بە دنیایەك ئاوات و خۆزیای وەدینەهاتوو و بەو هەموو بەهرە هونەرییەوە سەری نایەوە. محەممەد بە زۆری سروودو گۆرانی بە زاراوەی کورمانجیی ژووروو دەگوت و بە تایبەتی لە ژێر کاریگەریی سروودەکانی شوان پەروەر دا بوو. هەر بۆیە، "پەیمان"ی شاعیر کە هەڤاڵ و هاورێ و هاوکاری ئەو کاتی ئەو هونەرمەندە جوانەمەرگە بوو، ئەو کات لە کۆپلەیەك لە شێعری خۆیدا کە بە بۆنەی ئەم رووداوە دڵتەزێنەوە نووسیبووی، گوتبووی:

**ئاخ کارێزە!**
**کارێزە! ئەی خۆشیم! خەمم!**
**محەممەدم!**
**گێلاسی سووری شۆڕشم!**
**"شوان"ە چکۆڵەی هونەرمەندم!**
**عیشقی پەڕیوەی کوێستان و**
**ئەمانەتی دەست گەرمێنم!**
**ئەوەندەی من بیستوومە**
**کارێزە تاوانبار نیە و**
**ئاو قاتلە، ئاو!**
**ئاوی قاتڵ**
**کە دیبوویان**
**نەخشەی قەتڵی دەسڕییەوە**
**کە من بینیم**
**دەست و پلی دەشۆردەوە.**

**چاوی تۆ نەیشێ عالی و بە کەیفە — با چاوی من بێشێ کەس نەیژێ حەیفە**



# چاو

ڕەسوڵ سوڵتانی



بە چاوت ئاسمانم ساوە ئەمڕۆ — لەشم یەکسەر لە خۆشیان چاوە ئەمڕۆ
بە ترپەی پێت نەما لەو باخە پاییز — بەهارێ‌تر سەری هەڵداوە ئەمڕۆ
بەمرواریی بزەی ئەسرینی باران — بەرۆکی سوورە گوڵ نەخشاوە ئەمڕۆ
لە بەر پێت مانگ و خۆر شانازییانە — سەریان بۆ بەردە باز داناوە ئەمڕۆ
لە سەر سینگی سپیی بەفرینی کوێستان — گوڵی شەوبۆ چرۆی دەر داوە ئەمڕۆ
چڵێ بسکی گەزیزە دەم کەناری — لە بەژنی شێعری من هاڵاوە ئەمڕۆ
تریفەی مانگی داوەت کرد شلێرە — دیاریی بۆ هەتاو هێناوە ئەمڕۆ
شنەی دڵتەڕ کەزیی گوڵ دادەهێنێ — قژی نەرمینی ئاڵۆزکاوە ئەمڕۆ
لە ئاسکی هەستی ناسکی من مە پرسن — کە گیراوە بە یەك هەوداوە ئەمڕۆ
لە شیرینیی ژیانی پڕ لە تاڵیم — گوڵم هەر عەشقی تۆم پێ ماوە ئەمڕۆ
لە سەر گوڵ هەڵدەنیشێ پەڕ پەڕۆکێ — کە تەلبەندی سنووری شکاوە ئەمڕۆ
لە ئەسرینی چەمی هەڵبەستەکانم — کەزیی گشتی خەیاڵم خاوە ئەمڕۆ
لە سای پەخشانی کەزیەت شێعری دڵپڕ — رەدیف و قافیەی شێواوە ئەمڕۆ
غەزەل دێت و تەوێڵی لێ دەساوێ — لە هەر شوێنێ کە پێت داناوە ئەمڕۆ

# ژوانێك لە چوار چرا


تا دەم هەوێ بتنووسمەوە
لەکام سەرەتا دەست پێ بکەی
چ رستەیەك بتژێنمەوە
کە ئەی کیژی هۆنراوەکان
تۆ ئەدگاری هەزاران نیگای سەوز
لە ژێر خەڵوار خەڵوار خۆشەویستی.
چۆن بتدوێنم
بۆ کام هاوار تا پێناسە کردنی تۆ
چ دەریایەك
شەپۆل شەپۆل حەسرەتی تۆ!
لێگەڕێ ئێوارەیەك بەرد بهاومە نێو چۆمی تەنیاییت
کە من گەمی هەر جۆگەیەکی نەبوونت بم
تل بخۆم بەسەر نەرمە پێلەکانی روحتا
هەر من بم لە پەنات، هەر تۆ بی لە تەنیشتم.
باغچەی دڵم لە ئاواتی گوڵێکی سوور
لە ناخی بەفرو ڕێبەندان
گەرووی دەستم بۆ هەوایەك، بۆ ژوانێك
لە چوار چرا!
لێگەڕێ با عیشقی تۆ لە شێعرەکانمدا
بباریێ
هێدی هێدی من شنەبای
حەسانەوەت!
تۆ بباریێ زەردەخەنە یا ئەشکی چاو
بۆ تەنیایی
بۆ بێ کەسی...
لێگەڕێ لەم ژوانە
بەس تەماشای باڵات بکەم

ڕووناکایی لە سەر لێوت
دڵۆپ دڵۆپ ماچت بکەم.
پەردە لەسەر کۆنە مێژوویەك هەڵ بدەین
من دەم هەوێ
لە چلچرای بەژن و باڵای وڵاتەکەم
تۆ بباریێ!
وەك ڕێبەندان هەناسە گیرم
مژدەی رۆژ، مانگ، ساڵ
تۆ ئەوینی چیرۆکی ئازادی
وێنەیەکت هەر وەك بەهار
ئاسمانی چاوی شێعرێك من مانگت بم
کاغەز کاغەز تا دەم هەوێ نوسینەوەت
لەسەر نیگا.
کەی دەتوانی تکە تکە ئاڵ بیەوە لەسەر
لاپەرەی ژیانم
تۆ بریسکەی بێ ئۆقرەی ساڵانی دوور
تۆ پێشەنگی وەك کۆمارێك
لە ئاوێنەی خەون و راستی!
تۆ بباریێ
با عیشقی تۆ لە شێعری من دا بباریێ!!!
ئەم رۆژگارە
چیای هیوا بەفر بەفر دابارێنم
لە رەهێلی خەونەکات
هەر قەسیدەی خەیالی تۆیە دەم چنێ!
تێم مەڕوانە!
بێ‌تواناترم کە من لە پێناسە کردنی تۆ!
ئێرە دنیایەکی شەکەت، تەنیا
وەکوو دایکێك سپی سپی جەستەی دەکا بە



تروسکە سادقی

هێلانە
بۆ سێ مۆمی داگیرساوی
جەستەی بۆتە هێلانەیەك بۆ هیوای بەژن بڵند
بۆ یادگاری دوو پەپوولە
فرمێسك، فرمێسك بۆ مەرگی سوور.
تا دەمهەوێ بتهۆنمەوە
لە کام چڵەوە دەست پێ بکەی
چ ڕێگایەك بۆ پێوانت
کە من بمە ڕێبواری شێعر هەتا سینگت ئاوێنەیەك.
(٦١) جار سوجدە بۆ تۆ!
لێگەڕێ لەم رۆژانەدا بتدوێنم
پەردە لەسەر کۆنە مێژوویەك هەڵ بدەین
تۆ بریسکەی بێ ئۆقرەی ساڵانی دوور
من ناتوانم نەتوەرێنم وشە وشە
لە هەر سەتری لەدایك نەبوونی زمانم
لەمە زیاتر من چیم بوێ لە ئازادیو
لە دایك بوونی کۆرپەی کۆمار
لەمە زیاتر من چیم بوێ!!!



# فەلسەفەی زمان

## ”دوو فەلسەفەی ویتگێنشتاین“

### وتووێژ لەگەڵ: ئانتۆنی کوئین تێن براین مەگی

وەرگێڕانی: ئیسماعیل زارعی

بەشیدووهەم

**مەگی:** یەکەمین هێمای پرسیار کە لە زەینی مرۆڤ دا پێك دێ ئەوەیە کە زۆرێك لەو شتانەی کە دەیانڵێین نادرووستن یان راست نین، واتە لە نموونەگەلێکی ئەوتۆدا دەڵێین شتەکان لە جیهان دا هاوچەشنی و هاتەریبی ئەو نین. تیۆری وێناکردنی واتا لەم بارەوە چ شیکردنەوەیەك دەدا بە دەستەوە؟

**کوئین تێن:** شیکردنەوەیەکی تاڕادەیەك ساکار لەو شتەی کە تائێستا روون بۆتەوە وەدەست دێ. دەکرێ تەنەکان بە شێوەگەلی جیاواز رێك و پێك بکەین" ئەو ناوانەی کە هەم بۆ ئەو تەن و شمەکانمان هەیە بە شێوەگەلی جۆراوجۆر رێك و پێك بکەین. هەموو دیاردیەك واتای کۆمەڵێك لە ناوەکان بە شێوەیەك لە شێوە گشتییە لواوەکان کە سەبارەت بە ناوەکان بێ پێکەوە کۆ دەکاتەوە. رێگاکانی کۆکردنەوە یان نووسینی ئەو ناوانە راستەوخۆ لەگەڵ رێگاکانی کۆکردنەوەی تەنەکان پێوەندیدارە. کەواتە، هەموو دیاردەیەکی بەسوود واتای دۆخێکی راستەقینە وێنا دەکا. ئەگەر ریزی تەنەکان کە دیاردەیەك بەوانەوە گرێ دەدا راست لەگەڵ ریزی ناوەکان لە دیاردەکان دا یەك شت بێ، ئەو دیاردەیە راستە. ئەگەر ئەو دوو ریزە لەگەڵ یەکتری جیاواز بن، دیاردەکە درۆیین و نادروستە. وەك دەڵێین، دەکرێ مۆرەکان بۆ ئەملا و لا ببەی و شێوەگەلێکی گشتی جیاواز پێك بێنی. زۆربەی ئەم شێوەگەلە گشتییانە تەنیا نوێنەر یان دووبارەنوێنی دۆخی راستەقینەی لواون. کاتێك مۆرەکانی شێوەیەکی گشتی یان ریزبەستنێك بگرن کە تەنگەلی بەرهۆی ئەوان هەر بە هەمان شێوە رێك و پێك کراون، دیاردەکە راستە.

**مەگی:** زۆرێك لە ئاخاوتنەکانمان لە ژیانی ئاسایی دا یان لە فەلسەفەدا بە هیچ شێوەیەك سەبارەت بە دیاردەگەلی واقیع و راستی نیە. دادوەری ئەخلاقی دەکەین، سەبارەت بە جوانی بیرو ڕا دەردەبڕین و شتی لەم جۆرە. چۆن دەکرێ ئەم جۆرە دیاردەگەلە بە تیۆری وێناکردنی واتا روون و شرۆڤە بکەین؟

**کوئین تێن:** با عەرزت بکەم، لە راستی دا دادوەرییە ئەخلاقی و ستاتیکاییەکان وێنا ناکرێن" تەنیا دەگوترێ کە بە واتای تایبەتی و بەرز بەشێك نین لە زمان.

**مەگی:** هەرکەس قسەیەکی ئەوتۆ بکا شتێکی نامۆی کوتووە.

**کوئین تێن:** بە بڕوای ویتگێنشتاین، ئەخلاق شتێکی بان جیهانی[9] یە و پێوەندی لەگەڵ کاروباری واقیع دا نیە. ئەو پێداگری لە سەر ئەوە دەکا کە ئەرکی راستەقینەی زمان وێناکردنی دیاردەگەلی راستییە: بە شێوەیەکی راست و درووست ئەگەر بلوێ، و بە شێوەیەکی ناڕاست و هەڵە جگە لەمە، بەڵام بە هەرحاڵ بە شێوەیەکی بەسوودی واتا. زمان لە رەهەندی بنەماییەوە واتە هەر ئەم شتە.

**مەگی:** ئێستا ئیزن بدە چاوێك بە سەر بابەتەکان دا بخشێنینەوە. کاتێك من رستەیەك سەبارەت بە جیهان دەڵێم، لە راستی دا ئەو کارەی ئەنجامی دەدەم ئەوەیە کە ناوەکان بە شێوەیەك پێکەوە ریز دەکەین کە لە یەکێك لە ریزی شتەکان لە جیهان دا دەچێ. ئەگەر بە راستی ئەم ریزبەستنە لە جیهان دا پراکتیزە بکرێ، قسەکەی من درووستە، ئەگەر نا، قسەکەم راست نیە و هەڵەیە. ئەگەر ناوەکان لە رستەکەی من دا بە شێوەیەك ریز کرابن کە نەکرێ شتەکان لە جیهان دا بەوشێوەیە رێك و پێك و ریز بکرێن، قسەکەی من بێ مانایە. کەوایە، لێرەدا راڤەیەکی سێ رەهەندییمان هەیە: درووست و هەڵە و بێ واتا.

**کوئین تێن:** قسەی تێدا نیە.


**مەگی:** تەواوی ئەم تیۆری واتایە پێویستی بە تیۆرییەکە سەبارەت بە هەبوون، پێویستی بەوەیە کە ئەوەی هەیە، دەبێ خاوەنی تایبەتمەندییەکی دیار بێ. بە پێی ئەم تیۆرییە، دەبێ جیهان دوور لە ئێمە و دوور لە دوور لە زمانمان، لە شمەکگەلێکی ئەبستراکت پێك بێ کە بە شێوەیەکی تایبەتی لێك گرێ بدرێن و لێك پێوەند بدرێن.

**کوئین تێن:** ئەوە هەر ئەو شتەیە کە ویتگێنشتاین لە هەمان سەرەتای کتێب دا دەیڵێ. بە بێ ئەوەی کە بەڵگاندن بکا، دەڵێ جیهان لە دیاردەگەلی واقیع پێك نایەت" دیاردەگەلی واقیع ریزبەستنی فرەچەشنی شمەکەکانە، و شمەکەکان (و وەك جەنابیشت دەڵێی) دەبێ ئەبستراکت بن. ئەمانە گشتیان چاوەڕوانیگەلێکی دۆگماتیستانەن کە کاتێك کتێبەکە دەخوێنییەوە تووشیان دەبی، بەڵام دواتر ئەم تێزە تەئید دەکا کە دەبێ زمان واتایەکی دیاری هەبێ، کەواتە، بۆ ئەوەی جیهان بە هۆی زمانەوە شیاوی نواندن بێ، دەبێ خاوەنی هەمان ستراکتۆر بێ.

**مەگی:** ئەدی ئەو قسانەی ناگوترێن چیان لێ دێ؟ تیۆری ویتگێنشتاین سەبارەت بە زمان، بەو شێوەیە کە بەرە بەرە روونمان کردنەوە، سەبارەت بەوشتانەی کە ناکرێ بگوترێن دەڵێ چی؟

**کوئین تێن:** پێم وایە تایبەتمەندی بنەڕەتی تیۆری پێوەندیدار بەو شتەی کە وێناچێ بگوترێ — واتە گرینگترین تایبەتمەندی ئەو لە رەهەندی فەلسەفییەوە — ئەوەیە کە سەبارەت بە پێوەندی زمان لەگەڵ جیهان ناتوانین هیچ بڵێین. پاڕادۆکسی مانەوە و ژیانی *نامیلکە* هەر ئەم شتەیە. لە بەرەبەری کۆتایی کتێبەکەدا، ویتگێنشتاین شتێکی لەم چەشنە دەڵێ: "هەر کەس کە لە گوتەزاکانی من تێبگا، دواجار دیاری دەکا کە [ئەو گوتەزایانە] بێ واتان." دواتر بۆ ئەوەی داشکاندنێك لەم پاڕادۆکسەدا بدا، دەڵێ دەبێ وەك پەیژەیەك لە قسەکانی ئەو بڕوانین کە تا ئاستێکی دیار بەسەریدا سەردەکەوین و دواتر بە پێلەقە فڕێی دەدەین. تێزەکەی ئەو ئەوەیە کە دەبێ زمان و جیهان لە پێکهاتەیەکی دیاردا بەشدار بن بۆ ئەوەی زمان بتوانێ جیهان نیشان بدا، و دواتر دەڵێ ئەوە راستییەك نیە کە بە ئاخاوتن بکرێ بە شێوەیەکی بەسوودی واتا سەبارەت بەو قسە بکەین، شتێکە کە خۆی لە زمان دا نیشان دەدا، بەڵام ناتوانین بۆ نیشاندانی ئەو کەڵك لە زمان وەرگرین. هەربۆیە، لەم شێوە بەڵگاندنەدا، فەلسەفە کۆڵەکەی خۆی لاواز و کز دەکا.

**مەگی:** کەواتە قسەکەی ویتگێنشتاین ئەوەیە کە بۆ ئەوەی کە رستە بتوانێ ئاوێنەئاسا جیهان نیشان بدا، دەبێ لە لایەکەوە جۆرێك پێوەندی و یەکانگیری یەك بە یەك لە نێوان ناوەکان لە رستە و تەنەکانی



ویتگێنشتاین

جیهان دا هەبێ، و لە لایەکی دیکەوە دەبێ رستە خاوەنی پێکهاتە و ستراکتۆرێکی دەروونی بێ. ئەم پێکهاتە دەروونییە دەبێ ئەو ناوانەی کە لە رستەدا هەیە بە شێوەیەك لێك گرێ بدا کە لەگەڵ شێوەی پێوەندی تەن و شمەکەکان پێکەوە لەگەڵ دنیادا لە رێگای ستراکتۆری دەروونی دۆخی راستەقینە و هەنووکەیی لە جیهان دا هاوچەشن بێ. ئەوەی کاکڵەی واتاکە دەگەیەنێ، یەکیەتی و یەکانگیری ئەو دوو *پێکهاتە*یە. لە راستی دا، واتا هیچ شتێك نیە جگە لە ئەم یەکانگیری پێکهاتەییە، چونکە زمان هەر لەم خاڵی یەکانگیرییەوە بە جیهانەوە گرێ دەدرێ.

**کوئین تێن:** بەڵێ.

**مەگی:** سەبارەت بە گوزارەکان، ویتگێنشتاین ئەم پێکهاتەیە ناو دەنێ **شێوە[یان فۆرم]ی لۆژیکی**[10] گوتەزا کە هەروەك گوتمان، ئاوێنەئاسا پێکهاتەیەك کە بۆ جیهانی راستەقینە دەلوێ و دەگونجێ نیشان دەدا. بەڵام خودی ئەم رێژەیە وێنایەکی شیاوی وێنا کردن نیە و کەواتە ناتوانێ لە زمان دا نیشان بدرێ. کەواتە سەبارەت بە خاڵی پێکەوە نووسانی زمان و راستی ناتوانین هیچ بڵێین. وێنەی لۆژیکی گوتەزاکان پێکهاتەیەکی هەیە کە ئیزن دەدا گوتەزاکان واتادار بن، بەڵام ئەوەی کە ئەم پێکهاتەیە چیە، ناکرێ لە قەوارە و تویێی زمان دا دەربڕدرێ. دەکرێ چییەتی ئەو *نیشان بدرێ، بەڵام ناتوانین بیڵێین*.

**کوئین تێن:** قسەی تێدا نیە.

**مەگی:** بۆچی خەڵك پێیان وایە ئەم تیۆرییە هێندە سەرسوڕهێنەر و بەرزە؟ بۆچی ئەم تیۆرییە ئەو کاریگەرییە گەورەیەی هەبوو، لە حاڵێك دا بەڕاستی تیۆرییەکی نامۆیە و، بە واتایەکی باشتر، بە بڕوای من، روون و ئاشکرایە کە نوقسانە و کەموکوڕی تێدایە، کەمترین بەڵگەش ئەوەیە کە حیساب لە سەر ئەم هەموو شتانە ناکا؟ بۆ وێنە، دیارترین و واتادارترین کەڵك کە لە زمان وەردەگیردرێ بێگومان لە هونەرگەلێکی وەکو شێعر و شانۆنامە و رۆمان و شتی لەو جۆرەدایە، لە کاتێك دا تیۆری ویتگێنشتاین بە هیچ شێوەیەك هیچ پێگە و شوێنگەیەك بۆ نیشاندان و روونکردنەوەی ئەم چەشنە کەڵك وەرگرتنانەی زمان ناهێڵێتەوە. بە بڕوای تۆ، ئایا ئەم رەخنەیە بە جێ نیە؟

**کوئین تێن:** بەدی، لە جێی خۆیدایە. تیۆرییەکە تەواو تیۆرییەکی بەرتەسکە. بەڵام، پێم وایە، ئەگەر داوایان لە ویتگێنشتاین کردبایە بەرگری لێ بکا، دەیگوت تەواوی کارایی و کەڵك وەرگرتنەکانی دیکەی زمان — هەڵبەت ئەوەندەی کە بکرێ بە شێوەیەکی جیدی سەیریان بکرێ، نەك جۆرێك یاریکردن بە زاراوەکان — بەر لە هەموو شتێك پێویستییان بەم کەڵك وەرگرتنە بنەڕەتییە لە زمانە بۆ وێناکردنی دیاردەگەلی رووداو یان وێناکردنی جیهان. بەڵام ئەوەی کە بۆچی خەڵك ئەو بە گرینگ دەزانن، تۆ وەك بەڵگەیەك بۆ رەتکردنەوەی گوتت تیۆرییەکی نامۆیە، لە حاڵێك دا من پێم وایە یەکێك لە رەهەندە سەرنج ڕاکێشەکان و ئەفسووناوی ئەو ئەوەیە کە هێندە نامۆیە.

# کورتە ئاوڕێك لە فۆرمالیزم

ڕەسول سوڵتانی



فۆرمالیزم بزاڤێکی ئەدەبی هونەرییە کە بە تێڕوانینێکی نوێوە دەقە ئەدەبیو هونەرییەکان دەخاتە بەر لێکۆڵینەوە. یەکەم نیشانەکانی ئەم بزاڤە سەرەتا لە ساڵی ١٩١٤دا لە روسیا دەرکەوتنو لە دەیەی ١٩٢٠دا گەشەی کردو هەر لەو ساڵانەش دا کەوتە بەر هێرشەکانی ڕێژیمی ستالینیستیو لێکیان بڵاو کرد. لە راستیدا" ئەم ڕێبازە ئەدەبییە " لەسەر بنەمای ئەنجومەنی توێژینەوەیی زمانی ئەدەبی OPOIAZ کە ساڵی ١٩١٦ لە پیترزبۆرگ پێك هاتبوو" دامەزرا." ئەوەی وەکوو یەکەمین بەڵگەی فۆرمالیزمی روسی باسی لێوە دەکرێ“ نامیلکەیەکی ڤیکتۆر شکلۆ فسکیی‌یە بە ناوی "پەسڵانی وشە" کە ساڵی ١٩١٤ بڵاوی کردەوە. ئەو فۆرمالیستانە لە ساڵەکانی پێش ڕاپەڕینی بەلشویکیی ١٩١٧ی روسیا سەریان هەڵداو لە ١٩٢٠دا روویان لە گەشەکردن کرد. ئەوانە کۆمەڵێك ڕەخنەگری شۆڕشگێڕو گەنگەشە کەر بوونو دەگەڵ ئایدۆلۆژیای بەرتەسكو چوارچێوەداری کۆمۆنیزم ناتەبا بوون.

فۆرمالیستەکان ڕایان وابوو ئەدەبیات سیستەمێکی زمانیە. سیستەمێك کە خاوەنی کەرەسەو پێکهاتەی تایبەتیی خۆیەتی کە پێویستە خوێندنەوەیان بۆ بکرێ. تێڕوانینی فۆرمالیستەکان بۆ دەقی ئەدەبی تێڕوانینێکی زمان ناسیانە بوو. خوێندنەوەی دەقی ئەدەبی ئەگەر پێشتر بە سەرنجدان بە بارودۆخی مێژوویيو شێوەی ژیانی نووسەرو شاعیرو هەروها باری سایکۆلۆژیو کۆمەڵایەتیی شاعیرانو نووسەران لێك دەدرانەوەو لە ڕووی جیهانی دەرەوەی دەقە ئەدەبیەکانەوە جیهانی ناوەوەی ئەم دەق گەلەیان لێك دەدانەوە، ئیتر ئەمجارەیان ئەم شێوە راڤەو لێکدانەوەیە خرایە پەراوێزو دەق بەبێ لە بەرچاوگرتنی مێژوو، ئاخێزگەی کۆمەڵایەتیو.... دەخرایە بەر راڤەو توێژینەوە. سەرنج دانی فۆرمالیستەکان بە دەقو وشە و پێکهاتەی دەقەکان و ئەو تەکنیكو سیستەمە زمانیەی دەقی ئەدەبی لە زمانی ئاخافتنی ڕۆژانە جیا دەکاتەوە لە راستیدا نووسەر دەخاتە پەراوێزەوەو لایەنی زمانیی دەق دەخاتە چەقی توێژینەوەو لێکدانەوەکانو باس لە جەوهەری ئەدەبیی دەق دەکەن. گرینگترینی ئەوانەی

دارێژەری تیورییەکانی ئەم بزاڤە بوون: بریتین لە: " ڤیکتۆر شکلۆفسکی، رۆمان یاکۆبسین، یۆری تیتانۆف، بوریس ئاخن باوم" یاکوبسین لادان لە پێکهاتەی زمانی ڕۆژانە بە ئەدەبیات دەزانێ. لادان لە یاسا باوەکانی زمانی ڕۆژانەو هەوڵ دان بۆ نامۆ کردنی دیاردەو جیهانی ئاخافتن کە فۆرمالیستەکان "ئاشنایی سڕینەوەی" یان پێ دەگوت بەشێکی گرینگ بوو لە کردەو تێڕوانینی ئەوان. بەڕای ئەوان " ئێمە لە ژیانی ماشینێی ئێستەدا، بە هۆی عادەتی ڕۆژانەوە بە بێهیچ تێفکرینێك لە کەرەسەو تواناکانی زمان تەنیا وەکوو ئامرازێك بۆ پەیوەندی گرتن کەڵك لە زمان وەردەگرین. ئێمە کاتێك بە هاوڕێکەمان دەڵێین "ئەمڕۆ هەوا گەرمە" ئیتر بەبێ سەرنج دان بە باوەڕی واتایی وشەکانی ئەمڕۆ ـ هەوا ـ گەرمە ـ بیر لە واتا گشتیەکەی گەرم بوونی هەوا دەکەینەوەو شێوەی داڕشتنو پێکهاتەی رستەکە گرینگی‌یەکی ئەوتۆی نیە. بەڵام ئەگەر بڵێین " زمانی بڵێسە قرچەی لە دڵی بەرد هەستاندوە" شێوەی داڕشتنەکە داڕشتنێکی ئاسایی نیە. یا ئەگەر بڵێین "ئەو خانمە جوانە" شتێکی ئاساییمان وتووە بەڵام ئەگەر بڵێین "ئەم ئەستێرەیە گوڵی بزەی لەسەر لێوە" بە جۆرێك لە جۆرەکان لە ڕێسا باوەکانی زمانی ئاسایی ڕۆژانەمان لامان داوەو لێرەدا خوێنەر لەگەڵ جیهانێکی زمانیی نوێ بەرەوڕوو دەبێتەوە. جیهانێك کە تێیدا وشە چی دیکە کەرەسەو ئامرازێکی ڕووت نیە بەڵکو لە خۆیدا هەڵگری باری واتاییەکی زیاترو دەوڵەمەندترە. هەر ئەوەش وادەکا ئێمە سووكو سادە بەسەر وشەو زمان دا تێنەپەڕین بەڵکو لێی وردبینەوەو تێی بفکرین. لە راستیدا ئەوەی زمانی ئەدەبی لە زمانی ڕۆژانە جیا دەکاتەوە شێوەی داڕشتنی ئەم زمانەیە. ئەگینا شاعیرو نووسەر هەر لەو وشەو رستانە کەڵك وەردەگرن کە ڕۆژانە خەڵك لە ئاخافتنی ئاسایی خۆیاندا کەڵکی لێوەردەگرن بەڵام هەر ئەم وشەو دەستەواژانە بە شێوازێکی نوێو هونەری دادەڕێژنەوە. بۆ وێنە.

لەم بەیتەی نالیدا:

**لە خەوفی تەڵعەتی ڕۆژ هەر وەکوو شێت**  
**بە ڕووی زەردی هەڵاتو کەوتە کێوان**

هەمووی ئەو وشانەی" خەوف، تەلعەت، ڕۆژ، هەر، وەکوو، شێتو هتد "هەر ئەو شتانەن کە ئێمە رۆژانە دەیان بیستینو ئەگەر یەکێك بڵێ ڕۆژ لە خەوفی تەلعەتی ڕووت شێت بوە" دەکرێ بڵێین لە ڕێسای ئاسایی زمان تا رادەیەك لای داوە بەڵام داڕشتنەکەی نالی کە داڕشتنێکی شاعیرانەیەو باری مانایی رستەکەی بەوپەڕی خۆی گەیاند.

فۆرمالیستەکان دوو رۆڵی گرینگ بۆ زمان لەبەرچاو دەگرن. رۆڵی "خودکار" یا ئوتۆماتیکیو رۆڵی زەق کرنەوە هۆکاری پێك هاتنی زمانی ئەدەبیە. زەق کردنەوە بە دوو قۆناغ دا تێدەپەڕی.

یەکەم: لاوان لەو فۆرمو رێسایانەی بەسەر زمانی ڕۆژانەدا زاڵن. هەروەك لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا.

دووهەم: پێوە زیاد کردن بەرێساکانی زمانی ئوتوماتیکی: بە گشتی یەکێك لەو خاڵە گرینگانەی فۆرمالیستەکان سەرنجیان پێدەدا چەمکی ئاشنایی سڕینەوە یا نامۆ کردن بوو. ئاشنایی سڕینەوە ڕێگایەکە بۆ دژوارتر کردنی تێگەیشتن لە دەلالەتی مانایی زمان. بۆ خەلقاندنی جیهانیکی نوێ کە خوێنەر ناچار بکا بە دیدێکی مەعریفیی‌یەوە بڕوانینە جیهان. بەو شێوەیە، جیهانی دەق دەبێتە جیهانیکی زیندوو. جیهانێك کە لە تاك واتایی دەرباز بووەو بە ڕادەی ئاسۆی تێگەیشتنی خۆینەرو بە ڕادەی خۆێنەرەکان خوێندنەوەی جیاوازی لێ دەکرێو واتای جیاواز بەدەستەوە دەدا.

# ئه‌و شۆڕشه‌ی له‌بار برا

## "ئاوڕێك له‌ هۆكاره‌كانی سه‌رهه‌ڵدان‌و له‌بارچوونی شۆڕشی ١٣٥٧ی خه‌ڵكی ئێران"

رامبود لوتف پووری

پێش ئه‌وه‌ی كه‌ بڕۆینه‌ سه‌ر شۆڕشی ئێران‌و لێكۆڵینه‌وه‌ی هۆكاره‌كانی سه‌رهه‌ڵدان‌و له‌بارچوونی، پێویسته‌ سه‌ره‌تا ئاوڕێك له‌ بارودۆخی كۆمه‌ڵگای ئێران له‌سه‌روبه‌ندی شۆڕش دا بده‌ینه‌وه‌و بزانین ئه‌و شۆڕشه‌ له‌ سه‌ر چ به‌ستێنێكی كۆمه‌ڵایه‌تی ڕسكا بوو.

**هۆكاره‌كانی سه‌رهه‌ڵدانی شۆڕش:**

سه‌ده‌ی بیست بۆ زۆربه‌ی وڵاتانی جیهانی سێهه‌م‌و یه‌ك له‌وانیش ئێران سه‌ده‌ی قه‌یران‌و كه‌لێنه‌ كۆمه‌ڵایه‌تی‌و سیاسییه‌كان بوو. قه‌یرانه‌كانی ژێرده‌ستی، ئابووری، سیاسی، شه‌ڕی نێوخۆیی‌و زۆر نموونه‌ی دیكه‌ سه‌رده‌مێكی پڕ كێشه‌ی بۆ ئه‌م وڵاتانه‌ به‌رهه‌م هێنابوو، به‌ڵام یه‌كێك له‌ گه‌وره‌ترین كێشه‌كان‌و ڕه‌نگه‌ ژێده‌ری زۆربه‌ی ئه‌و كێشانه‌ كه‌لێنێكی گه‌وره‌ی كۆمه‌ڵایه‌تی بوو، كه‌لێنی نه‌ریت‌و مۆدێرنیته‌. كه‌ ده‌توانین بڵێین ژیانی سیاسیی ئێران له‌ سه‌رتاسه‌ری سه‌ده‌ی بیست دا كه‌وتبووه‌ ژێر باندۆری ئه‌م كه‌لێنه‌وه‌. كۆمه‌ڵگای ئێران له‌و كاته‌وه‌ تا ئێستاش له‌ قۆناغی ده‌ربازبوون له‌ نه‌ریته‌وه‌ بۆ مۆدێرنیته‌ دایه‌. ئه‌م قۆناغی ده‌ربازبوونه‌ش هه‌ڵگری كۆمه‌ڵێك كێشه‌و قه‌یرانی تایبه‌ت به‌ خۆیه‌تی. له‌م قۆناغه‌دایه‌ كه‌ كۆمه‌ڵگا ده‌بێته‌ گۆڕه‌پانی ململانێی هێزه‌ نه‌ریتی‌و نوێیه‌كان. سه‌باره‌ت به‌ ئێران پێویسته‌ بگوترێ كه‌ هه‌ر له‌ سه‌رده‌می قاجاره‌كان‌و به‌ تایبه‌ت له‌ بزاڤی مه‌شرووته‌دا كۆمه‌ڵێك هه‌نگاو بۆ مۆدێرنیزه‌كردنه‌وه‌ی ئێران هه‌ڵگیرابوو كه‌ به‌ هۆی لاوازیی هێزه‌ نوێیه‌كان‌و دابڕانیان له‌ جه‌ماوه‌ری خه‌ڵك‌و به‌هێزبوونی هێزه‌ نه‌ریتییه‌كان‌و جه‌ماوه‌ری بوونیان بێئاكام مانه‌وه‌. به‌ڵام له‌ سه‌رده‌می په‌هله‌ویدا مۆدێرنیزاسیۆنێكی ده‌وڵه‌تی ده‌ستی پێكرد كه‌ ئه‌گه‌رچی ژێرخانێكی كۆمه‌ڵایه‌تی زۆر لاوازی هه‌بوو به‌ڵام تا ڕاده‌یه‌ك هاوڕێكیی ئارایی كۆمه‌ڵگاو باڵانسی كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كانی گۆڕی. به‌ره‌به‌ره‌ چینێكی بورژواو ڕووناكبیری شاری دورست بوون كه‌ هه‌ڵگری گوتارێكی نوێ‌و ڕۆژئاوایی بوون. به‌ ته‌عبیرێكی دیكه‌ كۆمه‌ڵگا له‌ قۆناغی ده‌ره‌به‌گایه‌تییه‌وه‌ به‌ره‌و سه‌نعه‌تیبوون ڕۆیشت، ئه‌مه‌ش باڵانسی هێزه‌كانی ده‌گۆڕێ، به‌ چه‌شنێك كه‌ قورسایی به‌لای هێزه‌ نوێیه‌كان دا ده‌شكایه‌وه‌. بۆیه‌ ئه‌م هه‌لومه‌رجه‌ دژكرده‌وه‌ی هێزه‌ نه‌ریتییه‌كانی لێكه‌وته‌وه‌و بوو به‌ هۆی دروست بوونی ئه‌و كه‌لێنه‌ی كه‌ ناومان نا كه‌لێنی نه‌ریت‌و مۆدێرنیته‌. ئه‌م كه‌لێنه‌ خۆی له‌ هه‌موو بواره‌كان دا ده‌رخست. له‌ بواری ئابووریدا به‌رهه‌مهێنان بۆ بژێوی، جێگای خۆی دا به‌ به‌رهه‌مهێنانی فراوان‌و سه‌نعه‌تی. له‌ بواری كۆمه‌ڵایه‌تییدا ده‌ره‌به‌گه‌كان، پیاوه‌ ئایینیه‌كان‌و وه‌رزێڕو بازاڕییه‌كان كه‌وتنه‌ دژایه‌تی بورژوازی‌و كرێكاران‌و ڕووناكبیرانه‌وه‌، له‌ بواری سیاسیدا دوو به‌ره‌ی كۆنسێرڤاتیڤ (موحافیزه‌كار)و گۆڕانخواز دروست بوون. له‌ بواری كولتووریش دا كولتووری نه‌ریتی كه‌ گیانێكی ئایینی هه‌بوو كه‌وتبووه‌ ململانێی كولتووری نوێوه‌ كه‌ ئیلهامی له‌ ڕۆژئاوا وه‌رده‌گرت. ڕێژیمی په‌هله‌وی له‌ بواری سیاسییه‌وه‌ نه‌بێ له‌ بواره‌كانی دیكه‌دا تاراده‌یه‌كی زۆر پشتگیریی له‌ ڕه‌وتی نوێ ده‌كردو بواری بۆ ده‌ره‌خساند. هێندێك پرۆژه‌ی وه‌ك نیشته‌جێ كردنی خێڵه‌كان‌و چاكسازیی زه‌وی‌وزار به‌ ته‌واوه‌تی پشتی ده‌ره‌به‌گایه‌تییان شكاند، به‌تایبه‌ت له‌ ١٣٥٠ به‌ولاوه‌ كه‌ سیاسه‌تی به‌ سه‌نعه‌تی كردنی ئێران پێڕه‌و كرا بازاڕییه‌كان‌و بازرگانه‌كان كه‌وتبوونه‌ دۆخێكی ناله‌باره‌وه‌. ئایینیه‌كانیش به‌ هۆی لائیسمی حكوومه‌ته‌وه‌ ته‌واو كه‌وتبوونه‌ په‌راوێزو خه‌ریك بوو پێگه‌یان له‌ ده‌ست بده‌ن. ئه‌م هه‌لومه‌رجه‌ بوو به‌ هۆی ئه‌وه‌ی كه‌ هه‌م ده‌ره‌به‌گه‌كان‌و هه‌م ورده‌برژوازیی شاری كه‌ بوون‌و قورسایی خۆیان له‌ مه‌ترسیدا ده‌دیت پاڵ به‌ ئایینیه‌كانه‌وه‌ بده‌ن كه‌ دژایه‌تی شاو حكوومه‌تیان ده‌كردو هێشتا ده‌سترۆیشتوویی‌یه‌كی نه‌ریتییان له‌ نێوخه‌ڵكدا هه‌بوو. ئایینییه‌كان نیشانیان دابوو كه‌ له‌گه‌ڵ هه‌موو زه‌خته‌كانی ڕێژیم‌و لاوازبوونیان دیسان هه‌ر ده‌توانن خه‌ڵك له‌ ده‌وری خۆیان كۆبكه‌نه‌وه‌و گرفت بنێنه‌وه‌، چونكه‌ خه‌ڵك به‌ گشتی له‌ نه‌بوونی ئازادی‌و جیاوازیی به‌رچاوی چینایه‌تی‌و ئه‌و مۆدێرنیزاسیۆنه‌ ده‌وڵه‌تییه‌ ناڕازی بوون. ئایینییه‌كان له‌ دژایه‌تیكردنی ڕێژیم دا تا ئه‌و جێگایه‌ی ڕۆیشتنه‌ پێشه‌وه‌ كه‌ بۆ ڕه‌وایی ده‌سه‌ڵات بیرۆكه‌ی ویلایه‌تی فه‌قیهیان هێنایه‌ گۆڕێ.

به‌ڵام هه‌موو ئه‌مانه‌ نه‌یانتوانی ببن به‌ هێزێكی یه‌كلاییكه‌ره‌وه‌بۆ به‌چۆكداهێنانی ڕێژیم تا ئه‌و كاته‌ی كه‌ ڕووناكبیرانیش هاتنه‌ ڕیزی ناڕازییه‌كانه‌وه‌. ڕووناكبیران خوازیاری مۆدێرنیزاسیۆنی سیاسی بوون‌و ڕێژیمیش ڕێگای به‌وه‌ نه‌ده‌دا. حكوومه‌تی په‌هله‌وی نوێكردنه‌وه‌و مۆدێرنیزاسیۆنی هه‌ڵگرتبوو، له‌ كاتیكدا خۆی سیستمێكی ته‌واو دیسپۆتیستی (ئیستبدادی) بوو، بۆ ڕووناكبیران پارادۆكسێكی نه‌رمی هه‌ڵنه‌گرتبوو، بۆیه‌ كه‌وتنه‌ دژایه‌تیی ڕێژیم‌و له‌ قاودانی چه‌واشه‌كارییه‌كانی ، پشت كردنی ڕووناكبیران له‌ ڕێژیم دوایین كارتی ڕه‌واییشی له‌ ده‌ست ده‌رهێناو به‌ره‌وڕووی مه‌ترسیی ڕووخانی كردوه‌.

له‌ ڕاستی‌دا ڕێژیمی پاشایه‌تی به‌و مۆدێرنیزاسیۆنه‌ نیوه‌چڵه‌ی خۆی ئه‌گه‌رچی توانیبووی بۆ ماوه‌یه‌كی كاتی‌و تا ڕاده‌یه‌ك به‌ سه‌ر هێزه‌ سوننه‌تییه‌كانی كۆمه‌ڵگادا سه‌ربكه‌وێ به‌ڵام به‌ هێنانی سیستمێكی په‌روه‌رده‌یی مۆدێرن‌و ڕۆژئاوایی، نه‌وه‌یه‌كی به‌رهه‌م هێنا كه‌ ئاستی تێگه‌یشتن‌و چاوه‌ڕوانییان زۆر سه‌رتر له‌وه‌ی بوو كه‌ ده‌سه‌ڵاته‌كه‌ی بتوانێ وه‌ڵامده‌ریان بێ. ڕووناكبیران گوتاری دیموكراتیك‌و یاساسه‌روه‌رییان هه‌ڵبژاردبوو كه‌چی ڕێژیم هه‌ڵگری گوتارێكی ڕه‌های شێوه‌مۆدێرن بوو. له‌م هه‌لومه‌رجه‌دا بوو كه‌ ڕێژیم به‌ ته‌واوه‌تی ڕه‌وایی خۆی دۆڕاند، نه‌ هێزه‌ نه‌ریتییه‌كانی كۆمه‌ڵگاو نه‌ هێزه‌ نوێیه‌كان، له‌گه‌ڵی نه‌بوون، نۆرم‌و به‌هاكانی كه‌وتبوونه‌ ژێر پرسیاره‌وه‌. به‌ هاتنه‌سه‌ركاری كارتێر له‌ ئه‌مریكاو پێداگری كردنی له‌ سه‌ر پاراستنی مافی مرۆڤ و دیموكراتیزاسیۆن، ڕێژیم زه‌ختی ده‌ره‌كییشی كه‌وتبووه‌ سه‌ر. له‌ هه‌لومه‌رجێكی ئه‌وتۆدا هه‌موو هێزه‌كانی كۆمه‌ڵگا كه‌ دژ به‌و ڕێژیمه‌و خوازیاری گۆڕانكاری بوون یه‌كیان گرت‌و بنچینه‌ی شۆڕشێكیان دانا كه‌ ڕێبه‌ندانی ١٣٥٧دا سه‌ركه‌وت.

شۆڕش سه‌ركه‌وت، به‌ڵام له‌به‌ر ئه‌وه‌ی كه‌ هێزه‌كانی شۆڕش پێك ناكۆك‌و دژه‌بیر بوون‌و سه‌ره‌تا له‌ سه‌ر هێندێك ئامانجی دوارۆژ پێك نه‌هاتبوون، ئێرانی پاش شۆڕش زۆر زوو، بوو به‌ گۆڕه‌پانی ئه‌و هێزه‌ كۆن‌و نوێیانه‌. له‌ ڕاستیدا هێزه‌كانی شۆڕش له‌ سه‌ر ڕووخاندنی ڕێژیم پێك هاتبوون به‌ بێ ئه‌وه‌ی كه‌ ئاڵته‌رناتیڤێكی هاوبه‌شیان بۆ هه‌بێ.

**قۆناغی دوای شۆڕش‌و هۆكاره‌كانی له‌بارچوونی:**

پاش شۆڕش كۆمه‌ڵێك هێزی دژه‌بیرو پێك ناكۆك كه‌ به‌ مه‌به‌ستی سه‌ركه‌وتنی شۆڕش بۆ ماوه‌یه‌كی كاتی یه‌كیان گرتبوو كه‌وتنه‌ به‌ربه‌ره‌كانیی یه‌كتره‌وه‌. دیسان



هه‌مان كه‌لێنی نه‌ریت‌و مۆدێرنیته‌ دروست بۆوه‌. ئه‌مجاره‌ هێزه‌كان له‌ باری بۆچوون‌و ئایدۆلۆژیاوه‌ له‌ چوار ده‌سته‌ی سه‌ره‌كیدا پۆلێن ده‌كران. یه‌كه‌م هێزه‌ بناژۆخوازه‌ ئیسلامییه‌كان بوو كه‌ پشتگیریی بازارییه‌كان‌و خه‌ڵكی ڕه‌شۆكیان له‌ پشت بوو. خومه‌ینی‌و ئۆلیگارشییه‌ ئاخونده‌كه‌ی ده‌وروبه‌ری سه‌رۆكایه‌تی ئه‌م ده‌سته‌یه‌یان ده‌كرد. ده‌سته‌یه‌كی دیكه‌ش كه‌ چه‌په‌ ئیسلامییه‌كان بوون، ئه‌گه‌رچی له‌ ژێر هه‌ژموونیی بیرۆكه‌ی ئایینی‌و ئیسلامییدا بوون. به‌ڵام ده‌سه‌ڵاتی ده‌ستێوه‌ردانی دینییان له‌ ده‌وڵه‌تدا زۆر به‌رته‌سك كردبۆوه‌، به‌ ناوبانگترین ڕێكخراوی ئه‌م ده‌سته‌یه‌ ڕێكخراوی موجاهیدینی خه‌لق بوو كه‌ له‌ نێو ڕۆشنبیران‌و خوێندكارانی زانكۆدا ده‌ستیان ده‌ڕۆیشت. ئه‌م ده‌سته‌یه‌ ڕوانگه‌یه‌كی ئایینییان به‌رامبه‌ر شۆڕش‌و به‌ڕێوه‌بردنی كۆمه‌ڵگا هه‌بوو، به‌ڵام له‌ سیاسه‌تی ئابووری دا تا ڕاده‌یه‌كی زۆر بڕوایان به‌ ئابوورییه‌كی سۆسیالیستی هه‌بوو. دوو ده‌سته‌ی دیكه‌ش له‌ گۆڕه‌پانه‌كه‌دا ئاماده‌ بوون كه‌ ئه‌وان سیكۆلار بیریان ده‌كرده‌وه‌، یه‌كیان لیبراڵ دێموكراته‌كان بوون. كه‌ به‌ره‌ی نه‌ته‌وه‌یی (جبهه‌ی ملی)و نه‌هزه‌تی ئازادی به‌رچاوترین ڕێكخراوه‌كانیان بوون، ئه‌مان زیاتر خه‌ڵكی خوێنده‌واری وه‌ك پزیشك، ئه‌ندازیار، مامۆستای زانكۆو...یان له‌گه‌ڵ بوو. ده‌سته‌كه‌ی دیكه‌ ماركسیسته‌كان بوون كه‌ حیزب گه‌لێكی وه‌ك تووده‌و ڕێكخراوی فیداییه‌كانی خه‌لقی ئێران‌و هه‌ندێك گرووپی دیكه‌ی وه‌ك په‌یكار له‌ نموونه‌ دیاره‌كانیان بوون. ئه‌م ده‌سته‌یه‌ پشتیوانیی جه‌ماوه‌رییان زۆر نه‌بوو به‌ڵام هه‌ندێكیان وه‌ك فیداییه‌كان به‌ هه‌ڵبژاردنی شێوازی شه‌ڕی چه‌كداری توانیبوویان خۆیان له‌ پێكهاته‌ی هێزه‌ سیاسییه‌كانی ئێراندا جێ بكه‌نه‌وه‌.

وه‌ك پێشتریش ئاماژه‌مان پێكرد به‌ هۆی گه‌شه‌ سه‌ندنی سه‌نعه‌ت‌و بورژوازیی شارییه‌وه‌، ڕووناكبیران كه‌ هێزی سه‌ره‌كیی چاره‌نووسسازی شۆڕش بوون پێگه‌یه‌كی به‌ هێزیان به‌ ده‌ست هێنابوو گوتاری زاڵی ڕووناكبیرییش زۆرتر سیكۆلارو لیبراڵ دیموكراتیك بوو. بۆیه‌ پێده‌چوو شۆڕشی ئێران ئاراسته‌یه‌كی لیبراڵ دیموكراتیك به‌ خۆوه‌ بگرێ. به‌ڵام له‌به‌ر هه‌ندێك هۆی وه‌ك لاوازیی هوشیاریی گشتیی خه‌ڵك، لاوازیی مێژوویی چینه‌ كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كان‌و به‌ تایبه‌ت ئایینیه‌كان له‌ نێو جه‌ماوه‌رو به‌رده‌وام بوونی هه‌ندێك له‌ توخمه‌كانی پاتریمونیالیزم له‌ نێو كۆمه‌ڵگا دا، هێزه‌ لیبراڵ دیموكراته‌كان كه‌ یه‌كێك له‌ به‌هێزترین هۆكاره‌كانی سه‌ركه‌وتنی شۆڕش بوون نه‌یانتوانی له‌ دیاریكردنی ئاراسته‌ی داهاتووی ڕووداوه‌كاندا كاریگه‌ر بن‌و ته‌نیا بۆ ماوه‌یه‌كی كه‌م‌و له‌ سه‌رده‌می ده‌وڵه‌تی كاتیدا نه‌بێ، له‌ هه‌موو ساڵه‌كانی دوای شۆڕش دا تا ئێستا هێزێكی په‌راوێزو له‌ ده‌ره‌وه‌ی ده‌سه‌ڵات بوون. له‌م بارودۆخه‌دا هێزه‌بناژۆ خوازه‌ ئیسلامییه‌كان به‌ كه‌ڵك وه‌رگرتن له‌ فاكته‌ری ئایین‌و كه‌ڵكاژۆ كردن له‌ نزم بوونی ئاستی هوشیاریی سیاسیی جه‌ماوه‌ر توانییان هه‌ژموونیی خۆیان به‌سه‌ر كه‌ش‌و هه‌وای سیاسیی ئێران‌و شۆڕش دا بسه‌پێنن‌و له‌ ژێر ڕێبه‌رایه‌تیی كاریزمای خومه‌ینی دا هێزه‌كانی دیكه‌ په‌راوێز بخه‌ن.

له‌م قۆناغه‌ دا هێزه‌ سیكۆلاره‌كان به‌ گشتی تووشی هه‌ڵه‌یه‌كی مێژوویی بوون كه‌ ئه‌ویش پشتگیری كردن له‌ بناژۆ خوازه‌كان‌و خومه‌ینی‌و سپاردنی ڕێبه‌رایه‌تیی شۆڕش به‌وان بوو كه‌ له‌ ڕاستی‌دا دوو لایه‌نی ته‌واو دژه‌ بیر بوون. بۆ وێنه‌ توده‌ییه‌كان پێیان وابوو كه‌ به‌ هاریكاریكردن له‌گه‌ڵ بناژۆ خوازه‌كان ده‌توانن شۆڕش رادیكالیزه‌ بكه‌ن‌و ڕێگا بۆ سه‌رهه‌ڵدانی شۆڕشێكی كرێكاری خۆش بكه‌ن‌و له‌ ده‌رفه‌تێكدا ڕێبه‌رییه‌كه‌ی به‌ده‌سته‌وه‌ بگرن. كه‌چی پاش ماوه‌یه‌كی كورت كه‌ بناژۆ خوازه‌كان توانییان ده‌سه‌ڵاته‌كه‌یان سه‌قامگیر بكه‌ن هه‌موو هێزه‌ جیابیره‌كانیان سه‌ركوت كردو وه‌لایان نان.

**له‌ ڕاستی‌دا ڕێژیمی پاشایه‌تی به‌و مۆدێرنیزاسیۆنه‌ نیوه‌چڵه‌ی خۆی ئه‌گه‌رچی توانیبووی بۆ ماوه‌یه‌كی كاتی‌و تا ڕاده‌یه‌ك به‌ سه‌ر هێزه‌ سوننه‌تییه‌كانی كۆمه‌ڵگادا سه‌ربكه‌وێ به‌ڵام به‌ هێنانی سیستمێكی په‌روه‌رده‌یی مۆدێرن‌و ڕۆژئاوایی، نه‌وه‌یه‌كی به‌رهه‌م هێنا كه‌ ئاستی تێگه‌یشتن‌و چاوه‌ڕوانییان زۆر سه‌رتر له‌وه‌ی بوو كه‌ ده‌سه‌ڵاته‌كه‌ی بتوانێ وه‌ڵامده‌ریان بێ.**

**ئاكام:**

به‌گشتی‌و وه‌ك هانا ئارێنت ده‌ڵێ: "چه‌مكی نوێی شۆڕش له‌م بۆچوونه‌ جیا ناكرێته‌وه‌ كه‌ له‌ ناكاو ڕه‌وتی مێژوو سه‌رله‌ نوێ ده‌ست پێده‌كاته‌وه‌و چیرۆكێكی ته‌واو نوێ دێته‌ ئاراوه‌ كه‌ قه‌ت نه‌گوتراوه‌ یا نه‌زانراوه‌"* كه‌وابوو شۆڕش هه‌ڵگری واتایه‌كی پۆزه‌تیڤه‌و ڕووی له‌ به‌ره‌و پێشه‌وه‌چوون‌و نوێ بوونه‌وه‌یه‌. ناكرێ شۆڕشێك سه‌ر هه‌ڵبدات بۆ گه‌ڕانه‌وه‌ بۆ دواوه‌. ئه‌وه‌ ئیتر شۆڕش نیه‌ به‌ڵكوو "ڕه‌كسیۆناریزم"و كۆنه‌په‌رستییه‌. شۆڕشی ئێران له‌ جێدا به‌رهه‌می گه‌شه‌ی بۆرژوازییه‌ت‌و سه‌رهه‌ڵدانی ڕووناكبیرانی شاری بوو كه‌ هه‌ڵگری گوتارێكی لیبراڵ ـ دیموكرات بوون له‌ به‌رامبه‌ر ئاوڕێكی كۆن‌و مۆدێرنیزمی ڕه‌های په‌هله‌وی دا.

كۆمه‌ڵگای ئێران خوازیاری پلۆرالیزم‌و فره‌ چه‌شنی بوو، چونكه‌ له‌ سه‌رده‌می مۆدێرنیته‌و ڕووبه‌ڕوو بوونه‌وه‌ی جیاوازییه‌كاندا بوو. كه‌چی له‌به‌ر ئه‌و هۆیانه‌ی كه‌ پێشتر باسمان كرد. ڕێبه‌ریی شۆڕشه‌كه‌ی كه‌وته‌ ده‌ست كۆمه‌ڵێك ئاخوندی بناژۆ خوازی كۆنه‌په‌رست كه‌ نه‌ك هه‌ر شۆڕشیان به‌ لاڕێدا برد به‌ڵكوو به‌ ته‌واوی له‌ نێوه‌ڕۆكی خۆی به‌ تاڵیان كردو له‌ باریان برد. به‌ شێوه‌یه‌ك كه‌ ده‌توانین بڵێین ئه‌وه‌ی له‌ ئێران دا كرا نه‌ك هه‌ر شۆڕش نه‌بوو، به‌ڵكوو گه‌ڕانه‌وه‌یه‌كی كۆنسێرڤات بوو بۆ ئاوڕێكی كۆن‌و ژیاندنه‌وه‌ی نۆرم‌و به‌ها كۆن‌و پاسیڤه‌كان.

**سه‌رچاوه‌كان:**

١ـ كوهن، آلوین استانفورد ـ تئۆریهای انقلاب. ترجمه‌ی علیرضا طیب. نشر قومس. چاپ اول، ١٣٨٠ تهران

٢ـ بشیریه، حسین ـ دیباچه‌ای بر جامعه شناسی سیاسی ایران. نشر نگاه معاصر. چاپ اول.

په‌راوێز:

* كوهن، آلوین استانفورد ـ تئۆریهای انقلاب ترجمه‌ی علیرضا طیب. نشر قومس. چاپ اول. ١٣٨٠ تهران ـ صفحه‌ی ٤٤

# منداڵانی سەرشەقام، پەرەگرتنی تاوان و قەیران

عەلی بداغی



خەسارەکۆمەڵایەتی‌یەکان بە گشتی بەرهەمی دوو هۆکاری سیاسی‌و کۆمەڵایەتین. هۆکاری سیاسی دەرنجامی ئەو ئیرادەو خواستەیە کە دەیەوێ کۆمەڵگایەك بە هەموو بەهاو بایەخەکانیەوە لەبار بەرێ‌و نەك هەر دەستەمۆ، بەڵکوو بە نەخۆش‌و داماو خستنی، رێ بۆ پترمانەوەی دەسەڵات‌و زاڵ هێشتنەوەی ئۆتوریتەکەی خۆش بکا. هۆکاری کۆمەڵایەتییش بە لەبەرچاوگرتنی سیستمی پەروەردەیی‌و کلتووریی باو لە کۆمەڵگاو نزم بوونی وشیاریی گشتی‌و لاواز بوونی رووناکبیری‌یەکان مەیسەر دەکەن. بوونی منداڵانی سەرشەقام‌و بەردەوام روو لە زیادبوونی ئاماری ئەو منداڵانەی شەقام وەك ماڵ‌و پەناگەو شوێنی دڵنیابوون هەڵ دەبژێرن یان ناچار بە هەڵبژێرانی دەبن، ئاماژەکانی قەیرانێکی قووڵی کۆمەڵایەتین کە هەم بەرهەمی سیستمی سیاسی‌و هەم کلتووری کۆمەڵگان‌و پشت گوێ خستن‌و بە هێندنەگرتنی بوارەکانی ئەم خەسارە هەردەم هەراوتر دەکا. منداڵانی سەرشەقام دوو بەشن: ١ـ منداڵانی شەقام ٢ـ منداڵانی سەرشەقام.

**منداڵانی شەقام:** منداڵانی شەقام ئەو بەشە لە منداڵانن کە شەقام‌و سەرپەناو شوێنی ژیانیان پێدەبەخشێ. ئەو منداڵانە لەوانەیە لە بنەماڵەکانیان جیابووبینەوەو رایان کردبێ‌و لەوانەشە کەس لە ئەندامانی بنەماڵە، یان کەسوکاریان زیندوو نەبن. شەقام لە لای ئەو منداڵانە گۆرەپانی خەبات بۆ ژیان‌و مانەوەیە.


**منداڵانی سەرشەقام:** ئەو بەشە لە منداڵانی شەقامن کە بە تەواوی لە بنەماڵەکانیان دانەبراون‌و لەوانەشە شەوانە بۆ خەوتن بگەڕێنەوە لای خێزانەکەیان، بەڵام بە هۆی هەژاری‌و دەسکورتی بنەماڵەکانیان هانا بۆ شەقامەکان دێنن. منداڵانی سەرشەقام بە گشتی کۆمەڵێك پاڵنەر لە سەر شەقامیان دێڵنەوە کە بە کورتی ئاماژەیان پێدەکەین:

**ـ پەیداکردنی بژیوی خۆیان‌و خاوو خێزانیان:** بنەماڵەی ئەو بەشە لە منداڵان ئاتاج‌و هەژارن‌و ئەوان ناچ رن یارمەتیی بژیوی بنەماڵەکانیان بدەن. ئەو منداڵانە لە رووی ناچاری‌یەوە دەست بە هەموو ئەو کارانە دەبەن: سواڵکەری، دزی، حەمباڵی، گەڕان لە نێو زبڵدانەکان، قاچاغ کردنی ماددە سڕکەرەکان، خاوێن کردنەوەی ئیدارات‌و توالیتەکان، واکس لێدان، لەشفرۆشی، دەستگێڕی‌و ژەنیاری.

**ـ راکردن لە گرفت‌و ناخۆشی‌یەکانی بنەماڵە:** زۆر لە منداڵان دێنە سەر ئەو باوەڕە کە ژیانی سەرشەقام بۆ وان گەلێ باشترە لە مانەوەیان لە نێو خێزانەکەیان دا. ئەوان لە گرفتەکانی نێوخێزان وەك شەڕی نێوان دایك‌و باوك‌و پشتگوێ خستنیان لە لایەن ئەوانەوەو جاڕزو ماندوو دەبن‌و شەقام بۆ درێژەدانی ژیان هەڵ دەبژێرن.

**ـ دۆزینەوەی پەناگەو سەرپەنا:** ئەم حاڵەتە زۆرتر لە بنەماڵەکانی پڕ حەشیمەت دا روو دەدا. لەو جۆرە بنەماڵانەدا منداڵان بۆوەی جێ بۆ براو خوشکە چکۆلە، یان خوشك‌و براگەورەکانیان چۆڵ‌و خۆش‌و زۆرتر بکەن، ماڵێ جێدەهێڵن‌و روو لە شەقامەکان دەکەن.

منداڵان بەگشتی لە بەرامبەر خەسارو زیانەکانی کۆمەڵگا لاوازو کەم توانا‌و بێدەرەتانن، بەڵام ئاسەواری ئەم زیانانە لەسەر منداڵانی سەرشەقام پتر لە هەموویان خۆدەردەخەن. گوشاری ئەم خەسارانە زۆرترین قورسایی لەسەر منداڵانی سەرشەقام هەیە.



گرفتەکانی منداڵانی شەقام لە سێ تەوەری کۆمەڵایەتی، جەستەیی‌و دەروونی‌دا جێدەگرن.

**تەوەری کۆمەڵایەتی:** منداڵانی سەرشەقام زۆربەیان هەژارو، ئاتاجن‌و لە چوونە قوتابخانەو فێربوون بێبەشن. ژینگەی پڕ کێشەو هەرای شەقام‌و توندوتیژی کۆمەڵگا لەشی ناسك‌و دەروونی بێگەردی منداڵان دەهاڕێ‌و وردیان دەکا. جیا لەوەش منداڵانی سەرشەقام نەتەنیا لە سۆزو خۆشەویستیی خەڵکانی دی بێبەشن‌و کەس هاوسۆزییان لەگەڵ ناکا، بەڵکوو بە پێچەوانەوەش بە روانگەیەکی نەگەتیڤ‌و سەلبی‌یەوە سەیریان دەکرێ‌و...

**تەوەری جسمی‌و جەستەیی:** منداڵانی سەرشەقام بەگشتی تووشی بەدخۆراکین‌و تەنانەت زۆرجار لانیکەمی خواردنی پێویستی رۆژانەشیان دەست ناکەوێ. گوشاری کاری قورس لەشیان دەپرووکێنی‌و برینداریان دەکاو شوێنەواری نالەبار لەسەر لەشیان دادەنێ. زۆر لەو منداڵانە دەکەونە داوی گرووپە مافیایی‌یەکانی قاچاغ‌و دەستدرێژییان دەکرێتە سەرو...

**تەوەری دەروونی:** منداڵانی سەرشەقامی دابڕاو لە سۆزو خۆشەویستی، وشك‌و بێ عاتیفە گەورە دەبن. جوانی‌و ناسکی‌و سۆز لە ناخیان دا دەکوژرێ‌و هەر ئەوەی شوێنی ژیانیان بەردەوام بگۆڕو لەم شار بۆ ئەو شارو لەم شەقام بۆ ئەو شەقامە بەستراوەیی‌و هۆگرییان بۆ هیچ شوێن‌و لایەنێك لادروست نابێ. تەنیایی لە ناخیان دا مرۆڤێکی بێ بەزەو نادەروەست‌و هەڵچوو دروست دەکا.

منداڵانی سەرشەقام پێویستیان بە ئاوڕدانەوەو لالێکردنەوە دەوڵەت‌و دەزگا پێوەندیدارەکان هەیە. بە روانگەیەکی تاوانبارانە روانین بۆ منداڵانی سەرشەقام‌و بێ خەسارناسیی بابەتی‌یانەی ئەم دیاردەیە ناتوانرێ سەرچاوەکانی دیارکەوتن‌و پەرەسەندنی ئەم خەسارە گەورەیەو وشك بکرێ.

---

**پاشماوەی:**

## خوێندنەوەیەکی شۆڕشی ٥٧ی نەتەوەکانی ئێران

دیمۆکراسیخوازیی کوردەکان وروووژاند.

برگەی دووهەمی پاکتاوکردنەکان ئیسلامییەکان و گرووپە چەپ ڕۆیە توندڕەوەکان دەگرێتەوە کە ئەم چەشنە گرووپانە لە شارەگەورەکان و شارەکانی ناوەند دا هێندە خۆیان بۆڕانەگیرا، پاش ماوەیەك بەرەو سنوورەکان رەپێنران و چالاکیی چریکیی خۆیان لەو شوێنانە درێژە پێدا.

قۆناغی سێهەمیش قۆناغی پاکتاوکردنی گرووپە ئیسلامییەکان لە ناو خۆیان دایە. ئەم قۆناغە بە پاکتاوکردنی گرووپی فورقان و لایەنگرانی شەریعەتمەداری دەست پێدەکا و تا لەسەر دەسەڵات لابردن و وەدەرنانی بەنی‌سەدر درێژە دەکێشێ. بە لە مەیدان وەدەرنانی بەنی سەدر ئیتر کەموزۆر گرووپی براوە و تاکەسواری مەیدان دەست نیشان دەکرێ. (لێرەدا باس کردنی ئەم خاڵە پێویستە کە دابەشکاریی بزاوتن بەرەو لێك بڵاوبوون بەو قۆناغانەی سەرەوە دابەشکارییەکی گشتییە و تەنیا لەسەر بنەمای دەسپێکردنی ناکۆکیی جیددی لە ناو گرووپەکان دایە و ئەگینا ناکرێ لە باری مێژوویی‌یەوە سنوورێکی دیاریکراو لە نێوان ئەم قۆناغانەدا دەست نیشان بکەین.)

بە وردبوونەوە لە کتێبی بیرەوەرییەکانی هاشمیی رەفسەنجانی دەکرێ پەی بە رۆڵی سێ کەسایەتیی سەرەکیی پارتی کۆماری ئیسلامی (خامنەیی، بەهێشتی و رەفسەنجانی) ببەین. ئەم گروپە بەهۆی ئەو پێوەندییە گەرموگوڕەی کە لەگەڵ خومەینی هەیانبوو و هەروەها بە هێڵ دیاریکردن بۆ نابراو و شانتاژ و هاندان و چەواشەکردنی بیروڕای گشتی رۆڵێکی هەرەبەرچاویان لە پاکتاوکردنی خوێناویی ساڵەکانی سەرەتای شۆڕش دا هەبوو. مزگەوتەکان بۆ ئەم گرووپە هەمان رۆڵی یانەکانی ژاکۆبێن لە شۆڕشی فەڕانسەیان دەگێڕا. ئەم گروپە بۆ وەلانانی خەنیمەکانیان ئەوانیان تۆمەتبار دەکرد و پاش پیلانگێڕان بە ئاخاوتنی گێرا و کارتێکەر لە مزگەتەکان دا هەستی ئایینیی خەڵکیان دەوروژاند و ئەوانیان ئامادە و قورمیش دەکرد. پاشان بە پشتیوانی و بڕیاری خومەینی مۆڵەت و رەوایی پێویستیان بۆ وەلانان و کوشتاری رکەبەرەکەیان وەدەست دێنا. لە شۆڕشی فەڕانسەش ڕاست بەم شێوەیە لە ئەندامانی ژاکۆبێن وەك داکۆکیکەرانی سەرەکیی شۆڕش بۆ سەرکوتی رکەبەرەکانیان کەڵکیان وەردەگرت.

سەرۆکەکانی حیزبی کۆماری ئیسلامی بۆ پاوانکردنی تەواوی دەسەڵات، ئەبولحەسەنی بەنی‌سەدر ـ کە دەنگی یازدە میلیۆن کەسی لەپشت بوو ـ وەك دوایین کۆسپ لەسەر رێگە وەلانا. پاش ئەم رووداوە کۆماری ئیسلامی تا رادەیەکی زۆر توانی پێگەی خۆی جێگیربکا و دیمان کە چۆن پاش وەلانانی بەنی‌سەدر تەواوی پۆستە دەوڵەتییەکانیان پاوان و کۆنترۆڵ کرد و لەو کاتەوە تاکوو ئێستا ئەم پۆستانە لە نێوان حەشیمەتێکی حەوت سەد کەسی‌دا جێگۆڕکێی پێدەکرێ. هەڵبەتە لە بیرمان نەچێ کە دەسپێکرانی شەڕی ئێران و عێراق لەم قۆناغەدا کە کۆماری ئیسلامی لەحاڵی جێگیرکردنی پێگەی خۆی دابوو، زیاتر لە هەموان وەك سەرکەوتنێك بۆ ئەم گرووپە دەژمێردرا. گرووپی ناوبراو لەم هەلە کەڵکی وەرگرت و توانی بە دانی فۆڕمێکی ئایینی بەم شەڕە خۆی وەك خاوەنی سەرەکیی ئەم شەڕە بناسێنێ. بەچەشنێك کە لایەنگری لە حیزبی کۆماری ئیسلامی وەك بەرگری لە نیشتمان دەژمێردرا و هەرچەشنە ڕەخنە و دژایەتییەك لەژێر شەڕ دا بە ئاسانی سەرکوت دەکرا.

گرووپی براوەی کۆماری ئیسلامی هاوتەریب دەگەڵ پاکتاوە خوێناوییەکان بزاوتنێکی‌تری لەژێر ناوی شۆڕشی فەرهەنگی وەڕێخست کە لەودا بەشێکی گەورە لە نەیارەکانی خۆیان وەلانا. بۆ وێنە لەماوەی داخرانی زانکۆکان دا زیاتر لە دوو لەسەر سێی مامۆستاکان و هەروەها زیاتر لە یەك لەسەر سێی خوێندکاران بەشێوەی جۆراوجۆر پاکتاوکران. جیا لەمانەش بە ئیسلامیزەکردنی تەواوی رەهەندەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بواریان بۆ بەجێهێشتنی وڵات لەلایەن بەشێك لە توێژەکان (بەتایبەت بژاردەکان) ـ کە تەنانەت زۆرێك لەوان هیچ بەستراوەیی‌یەکیشیان نەبوو ـ خۆش کرد.

پاش وەلانانی بەنی‌سەدر و هاتنەسەرکاری خامنەیی برگەیەکی‌تر لە پاکتاوە خوێناوییەکان دەست پێدەکا کە لەودا رێژیم کەوتە پاککردنەوەی پاشماوەکان و لایەنگرانی حیزب و گرووپە سیاسییەکان کە ئیتر بەناو بەتەواوی مانا وەك دژەشۆڕش دەژمێردران. لەم قۆناغە بەدواوە مێژووی ئێران هەر رۆژە لاپەڕەگەلێکی خوێناوی بۆخۆی تۆمار دەکا، کە تەنیا لە خوێن ڕێژترین رێژیمەکان دەوەشێتەوە. لەم قۆناغە بەدواوە تاپۆی مەرگ باڵ بەسەر وڵات دا دەکێشێ و تا ئەمڕۆ هەروا درێژەی هەیە.

بەڵێ بەم چەشنە شۆڕشێك کە بە بەخشینی گیانی هەزاران مرۆڤی ئازادیخواز بەرهەم هاتوە دەبێتە گۆڕی‌بەکۆمەڵی رۆڵەکانی خۆی و تا ئەمڕۆ ئەم گۆڕە رۆژانە رۆڵەکانی شۆڕش بەشێوەی جۆراوجۆر حەپەلووش دەکا. بەڵێ چارەنووسی خەمهێنی شۆڕش بەم چەشنە بە توتالیتاریزمی ئایینی کۆتایی پێدێ کە تەواوی رۆچنەکانی ئازادی لەسەر رۆڵەکانی دادەخا. بەڵێ نەمامی شۆڕش کە بە گیان چاندرا و بە خوێن پاراوکرا، مخابن بەم چەشنە لەباربرا.

"لاپەڕەی ئازاد" دەرەتانێکە بۆ هاتنەگۆڕی بیروڕای جیاواز لە بارەی مەسەلە جۆراوجۆرەکان لە "کوردستان"دا. "کوردستان" تەنیا وەك مەیدان دان بە بۆچوونی جیاوازو ڕێزلێگرتنیان ئەم دەرەتانەی پێك هێناوە، ئەگینا نووسەران خۆیان لە نێوەرۆکی ئەو بابەتانەی لەم لاپەڕەیەدا بڵاودەبنەوە، بەرپرسیارن.

# خەباتی جەماوەریی خەڵکی کوردستان و رۆڵی حیزبە کوردییەکان

سمایل شەرەفی

تێگەیشتن لە واقعە ئەمڕۆییەکانی دۆزی کوردو بزووتنەوەی مافخوازانەو نەتەوەیییەکەی و هەروەها ناسین و دەرکەوتنی دوژمنانی داگیرکەری کوردستان، بە لای هەر تاکێکی کوردەوە بۆتە بەشێك لە شوناسی خەباتگێرانەی تاکی کوردو لە ئاستی گشتی تردا بەرز بوونەوەی ئاستی شعووری نەتەوەیی رۆڵەکانی کوردی لێکەوتۆتەوە.

ئەم تێگەیشتنە گشتییە کە بێ گومان بەرهەمی هەوڵ و تێکۆشانی حیزبە کوردییەکان، کاناڵەکانی راگەیاندن، بزووتنەوەی فەرهەنگیی تێکۆشەرانی کوردو بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندەواریی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە، توانیویەتی خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بخاتە فازێکی نوێوە. بە جۆرێك کە تاکەکانی کورد بە تێگەیشتن لە دۆزە رەواو مافخوازانەکەیان هەستیان بە پێویستیی رۆحی یەکگرتوویی و هاودەنگی کردوە و هەوڵی پڕ کردنەوەی ئەم بۆشاییە دەدەن.

ئەم رۆحە لە یەکگرتوویی و هاودەنگییە لەم چەند ساڵەی دواییدا توانی خەباتێکی گشتگیری جەماوەری رێك بخات کە من پێم وایە ئەم قۆناغە لە خەباتی جەماوەریی نەتەوەکەمان لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵەکانی کۆتایی دەیەی ٧٠ی هەتاوی و دوابەدوای قۆڵبەست کرانی بەرێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان، رێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان، دەستی پێ کردوە.

پێش ئەوەی بچمە سەر ئەسڵی مەسەلەکە پێویستە پێناسەیەکی سەر پێیی جەماوەری بوونی خەبات یان خەباتی جەماوەری بکەین. هەر وەك جەوهەری ئەم خەباتە جەماوەرییە بریتییە لە رۆحی یەکگرتوویی و هاودەنگی کە بە شێوەیەکی دیارو بەرچاو گشتگیرییەك بە بزووتنەوەکە دەبەخشێ. هەڵبەت نابێ ئەو راستییە لە بیر بکەین کە ئەم خەباتە جەماوەرییەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، بە تەبەعییەت لە ناوەرۆکی نەتەوەیی بوونی ویست و داخوازەکانی خەڵکی کوردستان روخسارێکی ناسیۆنالیستانەی بە خۆوە گرتوە. گشتگیر بوونی ئیعترازەکانی خەڵکی کوردستان تەنیا لە شارێك یان ناوچەیەکدا بەرتەسك نابنەوە. ئەگەر چاوێك بە روخساری شێوازی حەرەکەتەکانی ئەم چەند ساڵەی دواییدا بخشێنین روون دیارە کە سەرجەم شارو ناوچەکانی کوردستان هاودەنگ و یەکگرتوو مانا بە گشتگیریی حەرەکەتەکان دەبەخشن.

بەڵام ئەوەی مەبەستی ئەم نووسینەیە چۆنیەتی رۆڵ و رێبەریی کردنی ئەم خەباتە جەماوەرییەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە لە لایەن حیزبە کوردیەکانەوە کە تا چەند توانیویانە کاناڵیزەی بکەن، یان بە واتایەکی گشتگیر چەندە توانیویانە خوێندنەوەی واقعی ئەمڕۆی کۆمەڵگای کوردی بکەن. حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان تا چەند توانیویانە ئەم فازە نوێیە لە خەباتی نەتەوەکەمان لە ئاراستەی بەرژەوەندییەکانی نەتەوایەتیدا کاناڵیزەو رێبەری بکەن؟! ئەمانەو کۆمەڵێك پرسیاری دیکە پێویستیان بە تاوتوێ کردنی زیاترو لە هەمان کاتدا ئاکادیمیکی هەیە کە دەشێ شارەزایان پشت گوێی نەخەن و بوێرانە وڵامیان بدەنەوە. ئەمنیش لێرەدا هەوڵدەدەم بە گوێرەی تواناو بیروبۆچوونی خۆم وڵامێك بەم پرسیارانە بدەمەوە.



بە چاوخشاندنێك بە هەڵوێستی حیزبەکان لە پێوەندی لەگەڵ هەندێك نموونەی ئەم جۆرە لە قۆناغی نوێی خەباتدا، وەك: حەرەکەتە ئیعترازییە بەربڵاوەکەی رێبەندان و رەشەممەی ١٣٧٨و کەوتنەوەی کارەساتی ٣ی رەشەممە لە شاری سنە، حەرەکەتی ئیعترازیی سەرانسەریی خەڵکی کوردستان سەبارەت بە شەهید کردنی لاوێکی مەهابادی بە ناوی شوانەی سەید قادرو خۆپیشاندانەکانی خەڵکی شاری ماکۆ لە باکووری رۆژهەڵاتی کوردستان لە رێبەندانی ساڵی رابردوودا، بەو ئاکامە دەگەین کە بە داخەوە حیزبەکان یان لە گۆڕەپانی سیاسیی کۆمەڵگای کوردستان غایبن، یان ئەوەیە نەیانتوانیوە رۆڵی رێبەرایەتییەکی پێشڕەو بگێڕن.

خوێندنەوەی هەڵوێست نامەو بەیاننامەی حیزبەکان - لانی کەم لەم سێ نموونەیەدا - دەریدەخات کە ئەم هێزانە نەتەنیا پێشڕەوێکی خاوەن خەت نین بەڵکوو تەنانەت ئەو پاشڕەوەش نین کە توانایی ئەوەیان هەبێ لە دەرفەتی رەخساو بە قازانجی بزووتنەوە کەڵك وەرگرن.

حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەندەی هەوڵیان دا لە حەرەکەتی بەربڵاوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە رێبەندان و رەشەممەی ١٣٧٨دا، بە دوای پێگەی ونبووی خۆیاندا بگەڕێن و روخسارێکی حیزبی بە حەرەکەتەکە ببەخشن، نیو ئەوەندە لە بیری رێبەری کردن و خوێندنەوەی واقعەکەدا نەبوون( یا باشتر بڵێین نەیانتوانی ببن).

لەبەر نەبوونی بەرنامەیەکی ئەمڕۆییانە کە بتوانێ ئەم حەرەکەتە جەماوەرییانە بە قازانجی ئامانجە نەتەوایەتییەکەمان کاناڵیزە بکات، حیزبەکان بە جێی رێبەری کردن و بەخشینی میتۆدی راپەرین بەم حەرەکەتانە رۆڵی وەستێنەر (ترمز کننده) یان گێڕاوە و لە راستیدا ترساون لەوەکە ئەم حەرەکەتانە حاڵەتی " گشتگیری بەردەوام" بە خۆیانەوە بگرن. تەنیا دەلیلیشیان بۆ ئەم کارەیان ئەوە بوو کە " با بواری سەرکوتی خەڵك لە لایەن رێژیمەوە دروست نەبێ"؟! کە ئەم جۆرە بیرکردنەوە هەڵقوڵاو لە دەستەوەستانی و بێ بەرنامەییە.

بێ بەرنامەیی و لاوازی لە رێبەرایەتی کردنی ئەم فازە نوێیە لە خەباتی نەتەوەکەمان، بەڕای من بەرهەمی سێ هۆکاری بەرچاوو گرینگن.

### ١- بیرکردنەوەی تەسکی حیزبایەتی

حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کە زیاتر لە ١٠ ساڵە بە شێوەی "جیدی" باس لە پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی دەکەن، نەتەنیا نەیانتوانیوە ئەم ئاواتەی دڵسۆزانی نەتەوەکەمان وەدی بێنن و یەکگرتووانەو بە بەرنامەی هاوبەشەوە رێبەرایەتیی بزووتنەوە بکەن و دۆخێکی ئەمڕۆییانە بەو حەرەکەتە مافخوازانەی کۆمەڵانی خەڵك ببەخشن، بەڵکوو بە رۆحێکی بەرتەسکی حیزبییەوە هەوڵ دەدەن خۆپیشاندانە خۆرسکەکانی خەڵکیش بە ناوی خۆیانەوە تۆمار بکەن. ئەم جۆرە بیرکردنەوەو کولتووره تۆخە حیزبییە بۆتە هۆی ئەوەکە لێکدانەوەو تەفسیرەکان تەنیا لە دەلاقەی تەسکی حیزبییەوە تەقوییەت بکەن و بەم جۆرەی کە " دەیانهەوێ" لێکدانەوە بکەن. لە نێوان ئەم جۆرە روانینانەدا هەمیشە واقعەکان بوونەتە قوربانی و، بە ئاراستەیەکدا چوون پێچەوانە بووە کە لەگەڵ ئەو راڤەو لێکدانەوانەی لە بەیاننامەو راگەیەندراوی حیزبەکاندا هەن.

### ٢- دوور بوون لە واقعەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگای کوردی

پێکهاتەی ئەمڕۆی کۆمەڵگای کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ ٢٠ ساڵ و تەنانەت ١٠ ساڵ لەمەو پێشی خۆی زۆر جیاوازە. لە سایەی ئازایەتیی لاوان و ژنان و چالاکوانانی تێکۆشەری بوارە جیاجیاکانی کلتووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و مەدەنی، هەر ئێستا بە دەیان ngo و رێکخراوی سینفی و ئەنجومەن خەریکی چالاکی و تێکۆشانن. قەڵەم بەدەستانی دەروەست و نیشتمانپەروەر، سەڕەرای سەرکوت و راوەدوونان لە لایەن هێزە دژی نەتەوەیییەکانی رێژیم، کۆڵنەدەرانەو خۆراگرانە خەریکی وروژاندن و هێنانە گۆڕی چەمکگەلی قەدەغە کراوی وەك مافی نەتەوایەتی، مافی هاووڵاتیبوون و ژنان وەك توێژێکی بەرین و چالاك هاتوونەتە مەیدان، وێڕای داکۆکی کردن لە مافە نەتەوایەتییەکانیان بە جیدی و لێبڕاوانە بانگەوازی یەکسانیی مافەکانیان لەگەڵ رەگەزی بەرانبەر (پیاوان)دا دەکەن. خوێندکاران بە نموونەی توێژێکی ئاکتیڤ و شارەزا بە یاساکانی ئەمڕۆی ژیان و مافی دیاریکردنی چارەنووس خەریکە وەك ئاڵا هەڵگری خەباتی نەتەوایەتی، گۆڕەپانی بزووتنەوەی نەتەوەکەمان بە دەستەوە بگرن. ئاستی هوشیاریی نەتەوەیی و هەستی هاوهەڵوێستی و هاودەنگیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان خەریکە دەگاتە ئەوپەڕی خۆی.

لە بەرانبەر هەمووی ئەم گەشەو ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییانەدا حیزبە کوردییەکان لەبەر هەندێك هۆکاری دەروون تەشکیلاتی (نێوخۆیی) و کێشەی لاوەکیی دیکە، نەیانتوانیوە رۆچنە ناو ئەم واقعیەتانەو تەنیا لەو دیوی سنوورەکانەوە چاوەدێری باردۆخەکەیان کردوە. خەباتی نهێنیی حیزبەکان کە ئەمڕۆ کەوتۆتە سەرشانی تەشکیلاتی نهێنیی ئەم هێزانە، لە ژێر کاریگەریی فەزای دەروون تەشکیلاتیدا نە تەنیا توانای رێکخستنی ئەم هێزو پوتانسیەلەی ناوخۆی وڵاتی نەبووە، بەڵکوو تەنانەت نەیتوانیوە وەك چاوەدێرێکی راستەوخۆ بە دانی راپۆرت و گوزارش لە واقیعیەتەکان و قورسایی خۆی، رێبەرایەتیی حیزبەکان راچڵەکێنێ و لە دوورەپەرێزی وەئاگایان بێنێ.

### ٣- لاوازیی روانینی سیاسیی رێبەرایەتیی حیزبەکان

یەکێکی دیکە لەو هۆکارانەی کە بۆتە هۆی بێ پرۆژەیی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە ئاست رێبەری کردنی خەباتی ئەمڕۆی نەتەوەکەمان، لاوازیی روانینی سیاسی رێبەرایەتیی حیزبەکانە.

ئەگەر چاوێك بە تەرکیبی

**حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەندەی هەوڵیان دا لە حەڕەکەتی بەربڵاوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە رێبەندان و رەشەممەی ١٣٧٨دا، بە دوای پێگەی ونبووی خۆیاندا بگەڕێن و روخسارێکی حیزبی بە حەرەکەتەکە ببەخشن، نیو ئەوەندە لە بیری رێبەری کردن و خوێندنەوەی واقعەکەدا نەبوون( یا باشتر بڵێین نەیانتوانی ببن ).**

رێبەرایەتیی حیزبەکاندا بخشێنین، بە شەهامەتەوە دەتوانین بڵێین رێبەرایەتیی ئەم حیزبانە لە ساڵەکانی دوو دەیەی ٦٠و٧٠ی هەتاویدا لە چاو ئێستا زۆر بە کەیفییەتترو لێهاتووتر بوون. ئەوە بەو مانایە نیە کە ئەم حیزبانە خاوەنی کەسانی بە تواناو کەسایەتیی لێهاتوو نین، بەڵکوو رەوتی تەشکیلاتی ناوخۆی حیزبی و رکەبەرایەتیی ناسالمی دەروون تەشکیلاتیی حیزبەکان بۆتە هۆی بوار رەخسین بۆ کەسانی هەڵپەرەست و بە دەستەوە گرتنی رێبەرایەتیی حیزبەکان لە لایەن کەسانێکەوە کە روانینی سیاسی و تەشکیلاتییان لاوازە و لە پەراوێز خستنی کەسانی بەتواناو لێهاتوویان لێ کەوتۆتەوە. بە جۆرێك کە ئەم لاوازییە لە بینشی سیاسیی رێبەرایەتیی حیزبەکان کارێکی کردوە کە نەتەنیا حیزبەکان نەیانتوانیوە بەو جۆرەی کە پێویستە بزووتنەوەی جەماوەریی خەڵك رێبەری بکەن و بەرژەوەندییەکانی خەڵك و نەتەوەکەیان بپارێزن بەڵکوو لە باری سیاسییەوە گەلێك هەڵەیان لە سەر حیزب و بزووتنەوە وەستاندوە.

ئەوە لاوازبوونی روانینی سیاسیی رێبەرایەتیی حیزبەکانە کە حەرەکەتی ئیعترازیی خەڵکی شاری ماکۆ لە ساڵی رابردوودا بە بۆنەی ساڵوەگەری قۆڵبەستکرانی رێبەرێکی کورد، دەبەستێتەوە بە ئیعتراز بە نەبوونی سووتەمەنی!!، ئەوە لاواز بوونی روانینی رێبەرایەتیی حیزبە کە پانئیرانیستە شۆڤێنیستەکان دەکاتە هاوپەیمانی خەباتی نەتەوەی کوردی بەشکراوی دەستی عەقڵییەتی ئەوان. ئەوە لاوازیی روانینی سیاسییە کە بە پێچەوانەی ناوەرۆکی خەباتی جەماوەریی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کە لێوانلێوە لە هەستی ناسیۆنالیستی و هاوهەڵوێستی، رێبەرایەتیی حیزبێکی" نەتەوەیی" توانای دیفاع و داکۆکی کردن لە خاکی نیشتمانەکەی و سەمبولە نەتەوەیییەکانی نیە.

سەرەرای هەموو ئەمانە حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، هێشتا دەرفەتی ئەوەیان ماوە خۆیندنەوەیەکی ئەمڕۆیانەی خۆیان بکەن و بە ئاڵوگۆر پێکهێنان لە پێکهاتەی سیاسی و تەشکیلاتیی خۆیانداو بە کەڵکوەرگرتن لە پوتانسیەلی هێزی لاو، خۆیان نوێ بکەنەوەو سەردەمییانە بڕواننە واقعەکانی کۆمەڵی کوردەواریمان. ئەمەش تەنیا بە دروشمدان و شانتاژ کردن ناکرێ و خەڵکی کوردستانیش ئەوە قبووڵ ناکەن.

حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان پێش هەموو شتێك ئەگەر دەیانهەوێ خۆیان نوێ بکەنەوەو رێبەرایەتیی راستەقینەی بزووتنەوەی نەتەوەکەمان بکەن و پێشڕەو بن، دەبێ دان بە خاڵە لاوازەکانی خۆیاندا بنێن و جۆراوجۆریی بیروچۆچوونەکان بە رەسمی بناسن و وێڕای وازهێنان لە بیری تەسکی حیزبایەتی بیر لە وەسەریەك خستنی هێزەکانیان بکەنەوەو بە بەرنامەو پرۆژەیەکی هاوبەشەوە واقعەکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتیمان دەرك بکەن و بەرەو ئاراستەیەکی پڕ لە دەسکەوت و بەرژەوەندی، کاناڵیزەی بکەن.

# فیمینیزم چیە؟

ن: سۆنیا غەفاری — و: حەلیمە رەسوولی

وشەی فیمینیزم لە زمانی لاتینی (femina) بە واتای رەگەزی ژن وەرگیراوە. لە سەدەی نۆزدەیەمدا بۆ باسی ژنانە بوونی جەستەی پیاوان باس لەسەر ئەو ژنانەی کە تایبەتمەندییەکانی پیاوانیان هەبوو کەلکی لێ وەرگیراوە. بەڵام لە سەدەی بیستەم دا ئەو مانایە گۆڕاو لەوە بەدوا بە بزووتنەوەیەك، بیروڕایەك یان روانگەیەك دەوترێ کە بڕوای وایە ژنان بەهۆی رەگەزەکەیان بە درێژایی مێژوو کەوتوونەتە بەر هەڵاواردن و چەوساندنەوە. بۆچوونەوە وەرگیراوەکان لە سەر فیمینیزم دەتوانین ئاوا بینینە بەر باس:

ئەلف: فیمینیزم تئۆرییەکە لەسەر بەرامبەریی مافەکانی ژنان و پیاوان لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا.

ب: فیمینیزم بزووتنەوەیەکی رێکخراوە بۆ وەدەستهێنانی ئەو مافە.

ج: فیمینیزم قالبێکی فەرمییە بۆ داخوازییەکانی ژنان لە کۆمەڵێك دا وەك گرووپێك و بە رەوا زانینی بۆچوون و روانگە باسکراوەکان لە لایەن ژنانەوە.

د: فیمینیزم تئۆرییەکە کە لە سەر پێویستیی گۆڕانی بەر بڵاو بۆ بردنەسەری هێزی ژنان پێ دادەگرێ. خاتوو "لونر" لێکۆلەری بەناوبانگی فیمینیزم لە باس لە پێوەندیی فیمینیزم دا سەرنجی ئێمە بۆ لای دوو واتا یەکەم: مافی ژنان و دوهەم (emancipation) (رزگاری) رادەکێشێ.

ئەو دەڵێ بزووتنەوەی فیمینیزم بە ئامانجی یەکسان کردنی مافی ژنان و پیاوان لە بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و دڵنیا کردنی ژنان بۆ گەیشتن بە تەواوی ئەو ماف و پێداویستیانەی کە پیاوان لە بەشە جیاجیاکانی کۆمەڵ کەلکی لێ وەردەگرن تێ دەکۆشێ. ئەوە دەتوانێ بەو مانایە بێت کە بزووتنەوەی ژنان بۆ مافی هاووڵاتیبوون تێدەکۆشێ کە ئەوە بە ئامانجێکی ریفۆرمیستی دێتە ئاراوە و دادەنرێ. بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بە بزووتنەوەی "سافرجتەکان" بکەین کە بۆ وەها مافێك تێدەکۆشا.

— وشەی رزگاری یان (Emancipation) بە واتای ئازاد بوون لەو بەربەستانە کە تەنیا بە هۆی رەگەزییەوە (genden) کەوتوونەتە سەر رێگای ژنان. رزگاری بە واتای کەڵکوەرگرتن لە مافی بڕیاردان و خودموختاریی ژنانە.

— رزگاری لە بڕیاردان لەو بەربەستە رەگەزییە باوانە، ئازاد بوون لەو سنوورانەیە کە بە پێی باوەڕی بیولۆژیك لە بوارە کۆمەڵایەتییەکان دا بەسەر ژنان دا سەپاون.

— ئازادی لە بڕیاردان بەو مانایەیە کە لە هەڵبژاردنی ئامانجەکانمان و جێ پێمان لە کۆمەڵدا ئازاد بین و مافی بڕیاردان لەسەر جەستەی خۆمانمان هەبێ.

- خودموختاری بەو واتایەیە کە خۆمان بە هۆی کارو تێکۆشانی خۆمان جێ پێمان لە کۆمەڵدا دیاری بکەین نەك بەهۆی بنەماڵە یان زەماوەندەوە بۆمان دیاری بکرێت.

— خودموختاری بە واتای سەربەخۆیی ئابووری و ئازادی لە هەڵبژاردنی چۆنیەتی ژیان دا. خودموختاری یان بڵێین سەربەخۆیی تەواوی ئەو خاڵانە لەخۆ دەگرێ و گۆڕانی ڕادیکاڵی بایەخەکان، تئۆرییەکان و کۆمەڵ پێك دێنێ.

- "سیمۆن دوبوار" بە گشتی فیمینیزم بە واتای تێکۆشان بۆ وەدەست هێنانی ویستەکانی ژنان دەزانێ.

— "ماری لۆئیزە جانسۆن" بڕوای وایە فیمینیزم تێکۆشان بە دژی (sexism) واتە کەڵکوەرگرتنی خراپ لە رەگەزی ژن لە کۆمەڵ دایە. هەندێك لە ژنانی رادیکاڵتر، (بڕوایان) لەسەر فیمینیزم ئەوەیە کە فیمینیزم تێکشکاندنی سیستەمی باوکسالاری و دابەشکردنی کار بە پێی رەگەز بە تایبەتی لە بنەماڵە دایە. بۆچوون و روانگەگەلێکی جیاواز لە نێو فمینیستەکانی جیهان دا هەیە. هەر بەو هۆیە لە دەیەی ١٩٨٠ی زایینییەوە لە جێگای فیمینیزم، لە زاراوە فیمینیستییەکان کەلك وەردەگیرێ، بەو واتایە ئەگەرچی تەواوی فیمینیستەکان بەرامبەر بە شێوەگەلی جیاوازی رەگەزی دەوەستن، بەڵام رێگا چارە فەلسەفی و سیاسییەکان و شێوەکانی تێکۆشان لە بەرامبەر تەوەری هەڵاواردنی رەگەزیدا یەکدەست نیە و روانگە گەلێکی جۆراوجۆر لەسەر ئەوە هەیە. بەڵام هەر ئەو جۆراوجۆرییەی باسەکانی فیمینیزم بۆتە هۆی دەوڵەمەندیی فیمینیزم و داڕشتنەکان و بەرنامە داڕشتنەکان لە ئاستی نەتەوەیی و نێو نەتەوەییدا، بە ئاشکرا دیارەو دەبیندرێ. لە کۆتاییدا دەبێ بڵێین کە ئامانجی سەرەکیی فیمینیزم تێکۆشان دژی کاری لە پێشدا دیاریکراو بۆ ژن لەلایەن "کۆمەڵ"ەوەیە. واتە ئامانجی سەرەکیی ئەو بزوتنەوەیە وەدەستهێنانی کاراکتەرێکە لە بایەخەکانی پیاوانەو، شێوە کردەکانی پیاوانە ناکاتە سەرمەشق بۆ خۆی.

سەرچاوە: کانون زنان ایران



# لە قامووسی فیمینیزمدا

(٢٧)

وەرگێڕانی: ب.هانا

**شار** city

وشەیەکە کە لە زۆر زمان دا هەیە. دروستبوونی شارەکان دەبێتە هۆی ئەوە ژیانی ژنانیش هەم بەرەو باشی بڕواو هەم سنوردار ببێ. لە دەیەی ١٩٦٠ەوە گرووپەکانی ژنان بۆ گۆڕینی سەرکوتکەرانەی شارەکان، پێك هاتن. بۆ نموونە بۆ خەبات و بەربەرەکانی لە پێوەندی لە گەڵ راگوێزتن و هاتوچۆی گشتیداو هەرەوەزییەکانی خانووبەرەو تایبەت بە شار (ettore, 1978 ).

فیمینیستەکانی رخنەگر لە پێکهاتەی شارەکان دەڵێن فۆرمەکانی ئێستا نەگونجاون و دەبنە هۆی بە هێزکردنی رۆڵی ژنان لە پلەی ئەندامانی بنەماڵەدا. بۆ نموونە ئەو جوداییەی شارەکان لە نێوان کارو ماڵ دا پێکی دێنن، لەگەڵ دابەشینی کار لە نێوان ژنان و پیاوان لە بنەمالەداو لە گەڵ کاری بەکرێ، گونجاوە. فیمینیستەکان پێکهاتەی پیاوسەروەرانەی کەش و هەوای شار دەبەنە ژێر پرسیار، پێکهاتەیەك کە لە خزمەت کۆت و بەندە شوغلییەکان دایە (stimpson,1981).

**شارۆمەندی ( هاووڵاتیەتی )** citizenship

مافی دەنگدان مافی یەکسان لە بەرامبەر قانوون و فێرکردندا، هاوبەشی لە ژیانی گشتی و مەدەنی و دەستراگەیشتن بە پشتگیریی دەوڵەتی، هەموویان لەو بیاڤانەن کە دەکەونە ژێر سەردێری شارۆمەندی ( هاووڵایەتی).

مافی یەکسانی لەو بابەتانەیە کە فیمینیستە لیبراڵەکان سەرنجیان دەدەنێ، بە تایبەتی کە سەبارەت بە کەڵکوەرگرتنی ژنان لە مافی دەنگدانی وەك یەك و مافە قانوونییەکانی دیکەی وەك مافی خاوەندارییەتی (مالکیت)، مافی سەرپەرستی (حضانت) [مافی] دەستراگەیشتن بە فێربوون، جیابوونەوە (طلاق) و هەقدەستی وەك یەك، خەباتیان کردوە.



ماری وۆلستبۆن لە (کتێبی) بە حەقبوونی مافەکانی ژنان دا داکۆکی لە یەکسانیی شارۆمەندی دەکاو وەك مافێکی مرۆیی سەیری دەکا کە وێرای فێر بوون ئەم دەرەتانە بۆ ژنان پێك دێنن تا دەرفەتێکی وەك یەکیان بۆ گەشەی لۆژیکیی هەبێ. نزیکەی سەد ساڵ لەمەوبەر لە نووسینەکانی "هاریت تایلۆر میل"و "جان ئیستوارت میل" یشدا، باسی (پێویستیی) کەڵکوەرگرتنی ژنان لە مافی دەنگدان و مافی یەکسان کراوە(J.S.mill&H.t,mill,1970. لە بریتانیا، یەکیەتیی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ژنان پێك هات (١٩٠٣)و لایەنگرانی مافی دەنگدانی ژنان شێلگیرانە بۆ گەیشتن بە مافی دەنگدان خەباتیان کرد. سەرەنجام پاش ٢٥ ساڵ خەباتی شێلگیرانەی ئەم یەکیەتییە، ژنان لە ١٩٢٨ دا مافی دەنگدانیان بە دەست هێنا.

لە شرۆڤە فیمینیستییە نوێیەکان لە بارەی شارۆمەندی دا، خەبات لە پێناوی گەیشتن بە یەکیەتیی فەرمی، بە شێوەیەکی ئاڵۆزتر خراوەتە روو.بۆ وێنە زیلا ئیزنشتاین، سەرنج دەداتە ناتەباییەکانی زاتیی نێوان لیبرالیزم و پیاوسالاری. ناوبراولەوبڕوایەدایە رۆلی داواکانی ژنان لە پێناوی شارۆمەندێکی یەکسان دا، بووە بە هۆی ناسەقامگرتوویی سەرمایەداری:

ویست و داواکانی ژنان ئەم حەقیقەتە دەردەخەن کە کۆمەڵی پیاوسەرداری سەرمایەدار ناتوانێ بێ تێکدانی سەقامگرتوویی خۆی، بەڵێنە لیبراڵییەکانی لە بارەی یەکسانی یا تەنانەت کەڵکوەرگرتنی ژنان لە مافی یەکسان بێنێتە دی (Eisenstein, 1982, quoted in humm, 1992, p .189)

ئەڤتار براه (Brah, avtar) دەڵێ مافی شارۆمەندی بە هۆی سیاسەتەکانی بەرتەسککەرەوەی کۆچەری، روو لەکەمی دەکا. لە ئورووپا، شارۆمەندی، باسێکی رەگەز پەرستانەیەو، خەڵك دابەش دەکاتە سەر گرووپەکانی شارۆمەندی، نێوە شارۆمەندی (خەڵکی جیهانی سێهەم کە مافی نیشتەجێبوون لە ئورووپایان هەیە)، و کۆچەران کە لانیکەمی مافەکانیان هەیە (Brah, 1991).

بۆ لێکۆلینەوەو پتر زانین لە بارەی نێوەرۆکی پیاوسالارانەی دەوڵەتی ریفاه ( ئاسوودەیی) دەتوانن بڕواننە بەرهەمەکانی کارۆل پیتمەن ( pateman, 1989)و لە بارەی پرسی یەکسانی و جیاوازی، بڕواننە بەرهەمەکانی ئان فیلیپس (Phillips, 1987, 1991).

*سەرچاوە: کتێبی (( فەرهەنگ نظریەهای فیمینیستی))*

*( قامووسی بیردۆزە فیمینیستییەکان)*

*نووسینی: مەگی هام و ساراگەمبل*

*وەرگێرانی بۆ فارسی: فیروزە مهاجر، نوشین احمد خراسانی، فرخ قرەداغی لاپەرەکانی ٨٠و ٨١*

**لە دەوری ئاڵای حیزبی دیموکراتی کوردستان کۆ ببنەوە**

KURDISTAN
The Official Organ of Democratic Party of Kurdistan - Iran
No: 455 14 Feb 2007

مالپەڕی ناوەندیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان ـ ئێران، ڕۆژنامەی "کوردستان"و ڕادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
Email:
info@ kurdistanukurd.org info@ kurdistanukurd.com
تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی: ٠٠٩٦٤٧٧٠١٩٠١٦٥٨

www.radiokurdistan.net
Email:
dengikurdistan@ gmail.com Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268

## بەر لەماڵاوایی

# بە ئەندام وەرگیرانی حیزبی دیموکرات لە ڕێکخراوی "یوو ئێن پی ئۆ"داو چەند قسەیەك

ئاسۆی حەسەن زادە

سەرەتای ئەم مانگە (فێوریە) "ڕێکخراوەی نەتەوەو گەلە بێنوێنەرەکان "( peoples OrganisationUnrepresented Nations and) لە کۆبوونەوەی برۆکسێلی خۆی دا حیزبی دیموکراتی بە ئەندامی خۆی قبووڵ کردو بەم چەشنە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاناڵو تریبوونێکی دیکەی نێونەتەوەیی‌یان بۆ ناساندنو بردنە پێشی مەسەلە ڕەواکەی خۆیان بە دەست هێنا، ئەمەش لە خۆیدا دەسکەوتێکی نوێیە کە مایەی دڵخۆشیو شانازییە.

بەڵام شتێك کە لێرەدا پێویست بە ڕوونکردنەوەو وەبیر هێنانەوەیە ئەوەیە کە وەك بۆ زۆر شتی دیکە، ئەو دەسکەوتەش لە ڕاستیدا بەرهەمی ئیبتکارو ماندووبوونی ئەو کەسانە نیە کە ئەم ڕۆژانە لە سەر ناوی خۆیان تۆماری دەکەنو وێ دەچێ ئەوەش وەك ئامرازێك بۆ شەرعییەت بە خۆ بەخشینو خۆ تەیار کردنی زیاتر بە دژی لایەنی بەرامبەریان کەلکی لێ وەربگرن.

بۆ یەکەمجار نووسەری ئەم دێڕانە لەپاش کارەساتەکەی یازدەی سێپتامبر نوێنەرایەتیی حیزب لە دەرەوەی وڵاتی لە بوونی "ئوو ئێن پی ئۆ" ئاگادار کردەوەو پێشنیاری کرد کە حیزب لەوێدا داوای ئەندامەتی بکا. بەڵام بەداخەوە بەرپرسانی ئەوکات کە کارشکێنیو ڕکوودیان وەك تاکتیکی شکست دانی سکرتێری پێشووی حیزب هەڵ بژاردبوو، پێشنیارەکەیان پشت گوێ خست. پاشنیوەڕۆی ٦ی مانگی مای ٢٠٠٤ی زایینی، چەند سەعاتێك پێش بەسترانی کۆنفرانسی کومیتەی حیزب لە پاریسو ڕاست لەو کاتەدا کە چەند ژوور ئەولاتر کەمپەینی دەنگ نەدان بە نووسەری ئەم دێرانەیان بەڕێوە دەبرد، ئەو خەریکی هێنانە سەر کاغەزی پێشنیارەکەی خۆی لە پێوەندی لەگەڵ یوو ئێن پی ئۆ دا بوو کە هەر ئەو ڕۆژە پێشکەشی نوێنەرایەتیی حیزب لە دەرەوەی وڵاتی کردەوە. (بڕوانە زەمیمە). دوای کۆنگرەی سێزدەی حیزبیش، نووسەری ئەم دێڕانە پاش ئەوەی پەروەندەیەکی لە پێوەندی لەگەڵ ئیدەی بە ئەندامبوونی حیزب لە ئوو ئێن پی ئۆ دای بۆ سکرتاریەتی ئەو ڕێکخراوە نارد، بە ڕێکوپێکی لەو بارەوە لەگەڵیان لە پێوەندیدا مایەوە. دواتر بە خۆشییەوە مەسەلەکە جیدییەتی پەیدا کردو بە تایبەتی کەسایەتی‌یەکی ناسراوو لێهاتووی حیزب لە دەرەوەی وڵات (کە پاش لەتبوونی حیزب دەستی لە کارکردن لە ریزی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا کێشایەوە) لە پێوەندی لەگەڵ یوو ئێن پی ئۆ دا زۆر چالاكو شوێن دانەر بوو.

مەبەست لە نووسینی ئەم شتانە لێرەدا نە کەمکردنەوە لە بایەخی کارو هەوڵەکانی تێکۆشەرانی لایەنی بەرامبەری ئێمەیەو، نە منەتبار کردنی حیزبیش بەوە کە نووسەری ئەم دێڕانە یان هەر کەسێکی دیکە ڕۆژێك لە ڕۆژان فکرێکی تازەی هێناوەتە گۆڕو، هەنگاوی بۆ هەڵێناوەتەوە. بەڵام قسە لەوە دایە کە ئێستا لە حاڵێکدا کە بەداخەوە حیزبی دیموکرات لەت بووە، ئایا بەڕاستی ڕەوایە بەڕێزانی لایەنی بەرامبەر بەرهەمی کارو زەحمەتی کەسانێك کە ئێستا لە لایەنەکەی تردا درێژە بە خەبات دەدەن، لەسەر ناوی خۆیان تۆمار بکەنو بۆ پاوان کردنی ئەو جۆرە دەسکەوتانە هەوڵ بدەن؟

بە ئەندام وەرگیرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ڕێکخراوی یوو ئێن پی ئۆ دا ئەگەر لە لایەك سەرکەوتنێکی دڵخۆشکەرە، لە لایەکی دیکەوە جارێکی مەسەلەی ئەو ئاکامگیرییانە دێنێتەوە گۆڕێ کە پێویستە بە کردەوە لە ڕووداوی لەتبوونی حیزب بکرێن.

میکانیزمی پێوەندی‌یەکانی نێوان دوو باڵەکەی حیزبی دیموکرات لە داهاتوودا هەرچییەك بێو کێشەکانی نێوانیان بە هەر چەشنێك چارەسەر بکرێن، کوردایەتیو نەتەوەپەروەری لە هەر حاڵدا ئەوە دەخوازێ کە کاناڵو تریبوونە نێونەتەوەیی‌یەکان بەبێ وەبەرچاو گرتنی کلیڤاژە نێوخۆیی‌یەکانی بزووتنەوەی کورد کەڵکیان لێ وەربگیرێ.

بە ئەندام وەرگیرانی حیزبی دیموکرات لە ڕێکخراوی یوو ئێن پی ئۆ دا لە خۆمانو لە هەموو تێکۆشەرانی کورد پیرۆز بێ.

* ئەم زەمیمەیەی نووسەر ئاماژەی پێ دەکا لە ئارشیوی کوردستان دا هەڵگیراوەو لە سایتی کوردستانو کورددا بڵاو بۆتەوە.

# دیداری نووسەری بەناوبانگ جاناتان ڕاندالو سیسیل هانیۆن لەگەڵ بەڕێز مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب



کوردستانو کورد: کاتژمێر ٢٠/٩ی ڕۆژی یەکشەممە ٢٠٠٧/٢/١١ (٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٨٥) جاناتان ڕاندال (Janathan Randal) نووسەری کتێبی "با این رسوایی پە بخشایشی" (بەم هەموو تاوانە چ لێبوردنێك)و، سیسیل هانیۆن ( Cecile Hannion) نووسەر لە ڕۆژنامەی لۆمۆند، سەردانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان کردو لە دیدارێك دا کە نزیك بە ٢ سەعاتی خایاند، لەگەڵ بەڕێز مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە لەبارەی مەسەلەی گرنگەکانی ڕۆژو پرسەکانی پێوەندیدار بە بارودۆخی کوردستانو عێراقو ئەگەری جۆراوجۆری وەك هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ئێران، کشانەوەی ئەمریکا لە عێراقو هتد ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

جاناتان ڕاندال، نووسەرو ڕۆژنامەنووسێکی ئازاو ڕەخنەگری ئەمریکایی‌یە کە شارەزای کاروباری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە، دۆستێکی لەمێژینەی دوکتور قاسملووی نەمرو ئۆگرێکی ناسراوی نەتەوەی کوردو کێشە ڕەواکەیەتی. کتێبە بەناوبانگەکەشی "با این رسوایی چە بخشایشی" کە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردییش، لەبارەی کێشەی کوردو ڕووداوەکانی ئەم چەند دەیەی ڕابردووی کوردستانو ئاڵوگۆڕەکانی پێوەندیدار بە نەتەوەی کوردە. جاناتان ڕاندال مەبەستی لە سەفەری ئەم دواییانەی بۆ کوردستان دیدار لەگەڵ ڕێبەرانو شارەزایانی کوردو وەرگرتنی زانیاریی تازە بۆ چاپی کتێبەکەی، یا تەواوکردنی لێکۆڵینەوەو نووسینەکانی لەبارەی پرسی کوردەوەیە.

# ناوەندی نووسەرانی کورد دامەزرانی خۆی ڕاگەیاند

یەك شەممە ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٨٥ ناوەندی نوسەرانی کورد بە ئامادەیی کۆمەڵێك لە نووسەرانو ڕۆژنامە نووسانی کورد پێك هات. لە بەیاننامەی دامەزرانی "ناوەندی نووسەرانی کورد"دا هاتوە لە پەنا تەواوی نوسەرانی جیهان دا، قەڵەمە کوردەکان کۆ دەکاتەوەو ماڵێك دروست دەکا تاوەکوو هەوڵی مەعنەویو لێهاتوویی نووسەرانی کوردو هزرو قەڵەمەکانیان بۆ نووسینەوەی خۆشەویستیی بنەماڵەیەکی روو لە گەشە بخولقێنێ. لە درێژەی ئەو بەیاننامەیەدا هاتوە: لەگەڵ نەتەوەی خۆمان پەیمانمان بەستوە تاوەکو پەسنی یەزدانی بە هەموو جیهانیان ببەخشینو تەواوی نووسەرانی ئەم خاکە پیرۆزە لە پەنا یەکتر ببنە پشتو پەنای یەكو یارمەتیی بە هاتنەدی ئامانجەکانی نەتەوەی خۆیان بکەن، بۆ ئەوەی کە خولقاندنی نووسەرانی کورد هێزێکی ژیانبەخش بۆ کوردستان بەدیاری بێنێ. بێهزاد خۆشحاڵی، سلاحەددینی خەدیو، محەممەد سەدیق کەبودوەند، عەلیرزا خانی، سیمین چایچی، محەممەد عەلی توفیقی، مەنسور تەیفوری، بەهمەن توتنچی، پەیمان یاریان، ئەنوەر ساعید موچشی، لەیلا مەدەنی، ئاکۆ کورد نەسەبو سۆران سەلیمی ئەندامانی دامەزرێنەری ئەو ناوەندە پێك دێنن، پێویستە بگوترێ کە پەیمان یاریان وەك وتە بێژی کاتیی ناوەندی نوسەرانی کورد دیاری کراوە.




سەرچاوە: هەواڵدەریی چاوەدێری مافەکانی مرۆڤی کورد:


# بڵاو بوونەوەی ژمارەی تازەی گۆڤاری "ژنان"




لە سەرەتای فێوریەی ئەمساڵ (نێوەڕاستەکانی ڕێبەندانی ١٣٨٥)دا، تازەترین ژمارەی گۆڤاری یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران بڵاو بۆوە. ژمارە ١٦ی گۆڤاری "ژنان" زیاتر لە ٢٠ وتارو بابەتی جۆراوجۆری سیاسی، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیی لەخۆ گرتوە.

بەیاننامەی پشتیوانیی یەکیەتیی ژنانی دیموکرات لە حیزبی دیموکراتی کوردستان، پەیامی یەکیەتیی ژنان بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەزو ٢ی ڕێبەندان، ژنانو ناسیۆنالیزم لە کۆماری کوردستان دا، ٢٥ی نوامبر ڕۆژی سڕینەوەی توندو تیژی دژی ژنان، ژنانی سەر شەقام، شەپۆلی سێهەمی فیمینیزم، ژنانی خوێندەوار لە ئێران دا، وێڕای کۆمەڵێك ڕاپۆرتی کارو چالاکی‌یەکانی یەکیەتیی ژنانو چەندین بابەتی دیکە، نێوەڕۆکی ئەم ژمارەیەی گۆڤاری "ژنان" پێك دێنن.

# پرۆفیسۆر شاکرۆ محۆ ماڵاوایی لە ژیان کرد



کوردستانوکورد: زانای بە ناوبانگی کورد، پرۆفیسۆر شاکرۆ محۆ، بەرەبەیانی ڕۆژی پێنج شەممە ١ی فیوریەی ٢٠٠٧ ( ١٢ ڕێبەندان) لە نەخۆشخانەیەکی شاری موسکۆ ماڵاوایی لە ژیان کرد. شاکرۆ خدۆ محۆ ساڵی ١٩٣٠ لە ناوچەی ئەلەگەز، لە دایك بوو. ساڵانی ١٩٥٢ ــ ١٩٤٨ لە زانکۆی یەریڤان بەشی مێژووی تەواو کرد.

لە ١٩٦٠ــ١٩٥٥ وەك جێگری سەرنووسەری ڕۆژنامەی " ڕێیا تازە" کە بە زمانی کوردی لە ئەرمەنستان دەردەچوو، کاری کرد. ساڵی ١٩٦٣ بڕوانامەی دوکتورای وەرگرت. تێزی دوکتوراکەی لەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە عێراق پاش شەری جیهانیی دووهەم بوو. ئەم زانایە لە ساڵی ١٩٧٨دا لە موسکۆ تێزێکی دیکەی لە بارەی کێشەی ئۆتۆنۆمیی کورد لە عێراق نووسی. لە ١٩٩٤ــ١٩٨١ وەك لێپرسراوی بەشی کوردی لە ئەنیستیتۆی ڕۆژهەڵاتناسی لە یەریڤان خزمەتی کرد. شاکرۆ محۆ ساڵی ١٩٨٥ بوو بە پرۆفیسۆر و، ساڵی ١٩٩٦ بوو بە خاوەنی پلەی ئاکادیمی زانستیی ئەرمەن کە بەرزترین پلەی زانستی‌یە لەو وڵاتەدا.

پرۆفیسۆر شاکرۆ محۆ لە دەیەی ٩٠ی زایینی‌دا لەگەڵ کۆمەڵێك لە زانایانی بە ناوبانگی کوردی دیکە، ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردیان لە موسکۆ درووست کرد کە لێکۆڵینەوەکانی زیاتر لە پێوەندی لەگەڵ کورددا بوو. پرۆفیسۆر شاکرۆ محۆ ژیانێکی پڕ بەرهەم و تەمەنێکی پڕ لە خزمەتی زانستی هەبوو. زیاتر لە ٢٠ کتێب و نامیلکەی جۆراجۆری پێشکێش بە کتێبخانەی کوردی کردوە. لە کۆڕو کۆنفرانس و کۆنگرە نێونەتەوەیی‌یەکانی تایبەت بە کوردا، بە باس و لێکۆڵینەوەی زانستی‌یەوە بەشدار بووە و بە بیر و قەڵەم و زانست و پسپۆڕی‌یەکەی لە خزمەت بەرەو پێشچوونی کێشەی ڕەوای نەتەوەکەی‌دا بوو.

کۆچی دوایی ئەم زانا بە ناوبانگ و پڕ خزمەتە خەسارێك بوو بۆ هەموو کورد. بەڵام بەرهەمە بە نرخەکانی و ناوە پرشنگدارەکەی هەر بە نەمری دەمێننەوە. بە بۆنەی کۆچی دوایی پرۆفیسۆر شاکرۆ محۆ، سەر خۆشی لە بنەماڵەکەی و، لە هەموو زانستدۆستانی کورد دەکەین.

# بە بەشداریی زیاتر لە هەزار کەس یادی ٦١ ساڵەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە دا نمارك، ئەلمانو ئەمریکا بەڕێوە چوو

کومیتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دانمارك، ئەلمانو ئەمریکا وەك کومیتەکانی حیزب لە چەندین وڵاتی جیهان، لە ڕێورەسمی شایان دا، یادی ٦١ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستانیان کردوە.

دانمارك: ئێوارەی ٢٠٠٧/٢/٣ بە بەشداریی زیاتر لە ٦٠٠ کەس لە کوردەکانی دانیشتووی ئەو وڵاتە، شەو ئاهەنگێکی سیاسیو هونەری لە شاری کۆپێنهاك بەڕێوە چوو. لەم ڕێورەسمەدا پەیامو بروسکەی پیرۆزبایی حیزبو ڕێکخراوە کوردستانی، ئێرانیو دانمارکی‌یەکان خوێندرایەوە. لە درێژەی بەرنامەکەدا هونەرمەند ناسر ڕەزازی بە هاوکاریی هونەرمەندی لاو ئومید مەریوانی، چەندین گۆرانیی پێشکێش کردو کیژانو کوڕان بە هەڵپەڕکێی کوردی، شەو ئاهەنگەکەیان گەرم کرد.

ئالمان: هەر لە ٢٠٠٧/٢/٣ دا کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بەشداریی زیاتر لە ٣٠٠ کەس لە کوردەکانی دانیشتووی ئەلمان و نوێنەرانی حیزبو ڕێکخراوە سیاسی‌یە کوردستانی‌یەکان، شەو ئاهەنگێکی بۆ ڕێزگرتن لە ٦١ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان پێك هێنا. بەدوای پێشکێش کرانی پەیامی پارتو کۆمەڵەو یەکیەتی‌یەکان، هونەرمەندان ئەبووبەکر لەگزی، فەرهاد بەزلەو عوسمان مەریوانی بە گۆرانیی خۆشو کچانو کوڕانی لاو بە هەڵپەڕکێی کوردی، جۆشو خرۆشیان بە شەو ئاهەنگەکە بەخشی.

ئەم ڕێورەسمە کاتژمێر ١٢ی شەو لە نێو خۆشحاڵیو شادیی بەشداران دا کۆتایی پێ هات.

ئەمریکا: ڕۆژی ٨ی ڕێبەندان کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ڕێورەسمێکی سیاسیو هونەری دا کە بە بەشداریی کوردەکانی دانیشتووی واشنگتونو دەوروبەر لە شاری ناشویل بەڕێوە چوو، یادی ٦١ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستانی کردەوە. لەم ڕێورەسمەدا کە سەدان کەسی تێدا بەشدار بوون، کۆمەڵێك بابەتی سیاسی بریتی لە بروسکەو پەیامی حیزبو ڕێکخراوە کوردستانی‌یەکانو گۆرانیو هەڵپەڕکێی کوردی پێشکێش کران.







